# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٧٢ | سێشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠٣ _ ٤ی ژوئەنی ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## زیندانییانی سیاسی هێمای زیندوویی و بەردەوامیی خەباتن



لە یادی ٥٩ لاوی لەسێدارەدراوی مەهابادی لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و ناودێرکردنی ڕۆژی ڕوودانی ئەم تاوانە سامناکەی کۆماری ئیسلامی بە «ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردستان»، وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، سڵاوی ئەمەگ دەنێرین بۆ ئیرادەی پتەو و خۆڕاگریی زیندانییانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بێگومان، زیندانییانی سیاسیی کوردستان، لە لایەک هێمای زیندوویی و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمانن؛ لە لایەکی دیکەوە، سەلمێنەری ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی تاکە شۆڕشگێڕ و بەباوەڕەکانی کوردستانن کە زیندان و ئەشکەنجە و تاوانەکانی دوژمن چۆکی پێ دانەداون و سەریان لەپێناو ئازادیی نیشتمان و ئامانجە پیرۆزەکانی بزووتنەوەی کوردستان بەرز ڕاگرتووە.

خۆنەویستی و خۆڕاگریتان جێی شانازییە!

**مستەفا هیجری (بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکرات)**

**١١ی جۆزەردانی ١٤٠٣**

# تیرۆری شەهید د. قاسملوو

# پەروەندەیەک کە لە ویژدانی نەتەوەکەیدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە




## پەیامی هاوبەش بۆ وەگەڕخستنی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو

لە ماوەی ڕابردوودا ڕێکخراوی ئاشتی، کە ڕێکخراوێکی بێلایەنە و کار لەسەر پرۆژەی سەقامگیریی دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات، لەگەڵ بەشێک لە نوێنەرنی پارلەمان و کەسایەتییە سیاسییەکانی وڵاتی سویس بابەتی پەروەندەی تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و بێدەنگیی وڵاتانی ئورووپایی و هاوکاریی وڵاتی ئۆتریش لەگەڵ ڕێژیمی ئێرانی خستووەتە بەرباس. ڕێکخراوی ئاشتی ڕایگەیاندوە کە لەلایەن ئەو کەسایەتییە سیاسییانەوە بە مەرجی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ ئەم دۆسییە بەڵێنیی وەگەڕخستن و هەنگاوی جیدی لە ئاستی پارلەمانی سویس دراوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی پەیامێکی هاوبەش بانگەوازیان بۆ بەشداری لەو کەمپینە و کۆکردنەوەی ئیمزا کردوە.

لەو بانگەوازەدا هاتوە ئێمە چەند ڕێکخراوی جەماوەری و مافی مرۆڤی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا لە سەرجەم دڵسۆزانی نیشتمان و ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران دەکەین، لەم ئەرکە مرۆیی و ئازادیخوازییەدا بەشداری بکەن و بە واژۆکردنی ئەم داخوازییە ڕووی ڕاستەقینەی تیرۆریستپەروەریی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران بە دنیا بناسێنن و هاوشێوەی دادگای میکۆنۆس جارێکی تر دەسەڵاتدارانی ئێران مەحکووم و ڕیسوا بکرێن.

◆ سەروتار

## هەڵبژاردن؛ گەندەڵی و شکاندنی کەرامەت

**کەریم پەرویزی**

ڕێکخراوەی نێودەوڵەتیی شەفافیەت، لە ماناکردنی چەمکی گەندەڵیدا ئاوا دەڵێ: «گەندڵی بریتییە لە کەلکی نابەجێ وەرگرتن لە بەرپرسایەتی لەپێناو بەرژەوەندیی کەسی. گەندەڵی متمانە وێران و دێموکراسی لاواز دەکا و کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگەی گەشەی ئابووری و هەروەها نادادپەروەری و هەژاری و درزی کۆمەڵایەتی و قەیرانەکانی کۆمەڵگە زیاتر دەکاتەوە!»

ئەوەی لە بواری ئابووری لە سیستمی دەوڵەتی و تەنانەت ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانیش لە جیهانی سێهەم و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ئارادایە، گەندەڵییەکی ڕوون و ئاشکرایە کە تەنانەت لە ئاستی گەندەڵیی ڕوون و ئاشکرا تێپەڕیوە و خۆی وەکوو نەریتی باو دەسەلمێنێ!

لەم جیهانە بەلالێدراوەدا، گەندەڵی تا ئەو جێگەیە ڕەگی داکوتاوە و تۆوی بڵاو کردۆتەوە کە ئەو بەرپرسەی گەندەڵیی زۆرتر دەکا بە زیرەکتر و بەتواناتر دەبینرێ و وەکوو میراتێکی گشتی و ڕەوا چاوی لێ دەکرێ و ئەو بەرپرسەی کە لەگەڵ سیستمی گەندەڵدا نەیەتەوە وەکوو سازی ناسازی نێو ئۆرکسترا چاوی لێ دەکرێ کە سەمفۆنیا و هارمۆنیاکەی تێک داوە و دەبێ وەلا بنرێ! یاسا لێرەدا پێچەوانەیە: سیستم گەندەڵە و تاکی بەرپرسیاری دژی گەندەڵ دژە سیستم دەنوێنێ و دەبێ لابچێ! لەم کولتوورە گشتییەی گەندەڵیدا، ڕژیمی ویلایەتی فەقیهی، وەکوو سەرچاوە و ماکەی نەک گەندەڵی بەڵکوو پاساودەری هەموو جۆرە گەندەڵییەک دەردەکەوێ و تەنانەت لە شەڕە بەرژەوەندییەکی نێو باندەکانیشدا گەر گەندەڵیی بە هەزاران میلیاردی دەر دەکەوێ، ڕێبەر دێتە سەر خەت و فەرمان دەدا کە زیاتر لەوە درێژەی ئەو بەمیدیاییکردنە نەدەن! چوونکە لەم سیستمگەلەدا خودی گەندەڵی تاوان نییە، بەڵکوو میدیاییکردنەکەی بە تاوانی زۆر قێزەونتر نیشان دەدرێ!

بەڵام خراپتر لە گەندەڵیی ئابووری و کەلکی نابەجێ لە بەرپرسایەتی وەرگرتن، دیاردەیەکی دیکەیە بەناوی بەلاڕێدا بردنی هەڵبژاردن و لەڕاستیدا دزی و گزەکردن لە دەنگ و ئیرادەی دەنگدەرە کە لە گەندەڵیی ئابووری و کەلکی نابەجێ وەرگرتن لە بەرپرسایەتیش خراپترە.

گەندەڵی لە دوو شت زۆر بێزارە:

یەکەم: لە بەمیدیاییکردن و لە ڕاستیدا لە شەفافیەت و ڕووپاکی بێزارە و هەرچی زیاتر.....

درێژە بۆ ل ٢


ڕێژیمی منداڵکوژ و مافی منداڵان!
عەلی بداغی
٥

فەزیلەتی زیندانیی سیاسی (سوقڕات و پێشەوا بۆ نموونە)
شارۆخ حەسەن‌زادە
٦

لە "تۆڵەی سەخت"ەوە هەتا "نیشتنەوەی سەخت"
ڕەزا دانشجوو
٨

ژینی ژیناکان
ئاسۆ مینبەری
٩

جیهادی شاراوەی ئایەتوڵڵاکان
سمکۆ سەقزی
١٠

درێژەی سەروتار

# هەڵبژاردن؛ گەندەڵی و شکاندنی کەرامەت

۰۰۰ لە دیوە داخراوەکاندا بمێنێتەوە، ڕێگەی سازان و پەردەپۆشکردن و نانبەقەرزدان دەدۆزێتەوە و هەرچی بگاتە نێو میدیا و ڕای گشتی، بێزارتر دەبێ و لە دەرکەوتنی ڕاستیەکان لای خەڵک نیگەرانە!

دوووهەم: گەندەڵی لە خاوێنکردنەوەی سیستم و لە هاتنی ئاوی تازە بۆ نێو گۆمەکە بێزارە، چوونکە وردە وردە بە هاتنی بەرپرسانی نوێ کە بە هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێرابن، نیگەرانە. لێیان بێزارە چوونکە تازەبوونەوە و دەنگی ئازادی خەڵک و هەڵبژاردنی ئەویتر، وەکوو تێبەردانی ئاوی خاوێن و سەرچاوی بێگەردە بۆ نێو گۆمێک و کردنەوەی ڕێگای تێپەڕینە کە گۆمەکە تێکەڵی ڕووبار دەکا و ئاوی تازە ژیانی دیکە بە دەربەنداوەکە دەبەخشێ.

هەڵبژاردن بەتەنیا دەرخەری ئازادی و دێموکراسی نییە، چوونکە گەر وا بوایە، بەشار ئەسەد و پووتین قارەمانانی دێموکراسی دەبوون، بەڵکوو هەڵبژاردن ئەوکات مانای ڕاستەقینەی خۆی هەیە کە ئازاد و دادپەروەرانە بێ و مافی تاک وەکوو سەرچاوی ڕەواییدان بە سیستم بەرەسمی بناسێ. لەڕاستیدا هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە لە بەرەسمی ناسینی کۆی ئەو شتانەوە دەکرێ کە دەتوانین بە ناوی دانپێدانان بە کەرامتی مرۆڤ پێناسەی بکەین.

لێرەدایە کە هەڵبژاردن دەبێتە، ڕەوتێک بۆ نیشاندانی ئیرادەی مرۆڤ و سەپاندنی کەرامتی مرۆیی. لەم گۆشەنیگایەوە گەر بڕوانینە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، دەبینین کە چیرۆکی ویلایەتی فەقیهـ و دیاردەیەک بەناوی هەڵبژاردن چیرۆکی دەیان ساڵەی پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤەکانە لەم جوغرافیایەدا.

لە تازەترین نموونەیدا، هەر لە نێو خودی مۆرە دەسچنەکانی سوپای پاسداران و تواوەکان لە ویلایەتی فەقیهدا، تەنانەت ڕوحمیان بە یەکیش نەکرد و گاڵتەجارییەکیان وەڕێ خست کە دەنگی خودی پاسدارەکانیشی دەر هێنا!

دەوری تازەی مەجلیسی حکوومتی، لە بایکۆتێکی بەرفراوانی نەتەوەکانی ئێراندا بەڕێوە چوو و تەنانەت ئامارە دەسکردەکانی ڕێژیمیش سەلماندیان کە زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە دژی ویلایەتی فەقیهە و بەشداریی نەکردوە و لە گەڕی دووهەمی هەڵبژاردن لە هەندێ لە شارەکان کە مابوونەوە ، تەنانەت کەمتر لە ٨ لەسەدی خەڵکی بەشداری ئەو شانۆگەرییە بوون.

لە مەجلیسێکی وەهادا، لە ٩ی جۆزەردانی ١٤٠٣دا کە ویستیان دەستەی سەرۆکایەتی بۆ مەجلیسی تازە دیاری بکەن، لەنێو نزیک بە ٣٠٠ کەسی بەشداردا ژمارەی دەنگەکان کە خوێندرانەوە و دەستەی سەرۆکایەتییان دیاری کرد، بەپێی هەواڵی میدیاکانی خودی ڕێژیم ئەندامانی مەجلیس نارەزاییان دەربڕی و داوایان کرد دووبارە دەنگەکان بژمێرنەوە. دواتر دەرکەوت کە کەسی وا هەبووە نزیک بە نیوەی دەنگەکانی ناڕاست بووە و زیادییان بۆی نووسیوە!

هەر لە یەکەم شانۆی هەڵبژاردن کە ڕێفراندۆمە درۆینەکەی ڕێژیم بوو تاکوو ئەم مەجلیسەی ڕێژیم، هیچ کات دەنگی ڕاستەقینەی دەنگدەر نەخوێندراوەتەوە و هەمیشە گزەیان لە دەنگەکاندا کردوە.

لە شێوازی گزەکردن و دەسکاریکردنی دەنگ و ڕێگەنەدان بە خەڵک بۆ خۆکاندید کردن و هەرەشەکردن لە خەڵک بۆ بەشداری و هەروەها بەزۆرەملێ دەنگدان بە کاندیدی دیاریکراو و هەتا دەیان شێوازی دیکەی دەسکاریی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە، کۆماری ویلایەتی فەقیهی ئەزموونی دەیان ساڵەی هەیە و تەنانەت ئەم مێتۆدانەشی بۆ وڵاتانی دیکە و هەندێ شوێن کە تێیدا نفووزی هەیە هەناردە کردوە!

ئێستا دوای بەخەڵووزبوونی ڕەئیسی و هەیئەتە تێرۆریستییەکەی هاوکاری، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ گەڕێکی دیکەی شانۆگەریی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی جێگرەوەی ڕەئیسی وەڕێ بخا و هەندێ مۆرەی دێنێ و بازاریان پێ گەرم دەکا و لە کۆتاییشدا مۆرەیەکی پێویست بۆ ئەم سەردەمی ڕێژیم دەخاتە بەر ویترین. گزەکردن و چنینی مۆرەکان و دوایەش دەسکاریکردنی هەموو بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازاد وەکوو نەریتی هەمیشەیی جێبەجێ دەکا و شانۆیەکی دیکە بەڕێوە دەبا. لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە بۆ شاردنەوەی تاوانبارییەکانیان لە دەستەواژە سیاسیەکاندا چەمکێکی تازەشیان چەندین ساڵە داهێناوە بە ناوی موهەندیسیی هەڵبژاردن! ئەوەی کە بۆ ئەم کردەوە ناشیرینەیان، ناوی موهەندیسیی لێ دەنێن، لە ڕاستیدا دەیانەوێ لە باری خراپی مانای گزەکردن لە دەنگی خەڵک و تاوانەکانیان کەم بکەنەوە و بە هێنانە ئارای وشەی موهەندیسی، جۆرێک لە زیرەکیی شاراوە بە کارەکانیانەوە بلکێنن، وەکو ئەوەی کە دەسکاریی دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک بە جۆرێک لە زیرەکی و توانا نیشان بدەن و بە وشەی موهەندیسی، ڕەوایی بە تاوانەکەیان بدەن. دەنا لە ڕاستیدا ئەوە نەک موهەندیسی نییە، بەڵکوو سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤەکانە.

گەندەڵیی ئابووری هەروەک لە سەرەتاوە باس کرا، کەڵکی نابەجێ وەرگرتنە لە بەرپرسایەتی و ئەو خراپییانەی هەیە کە باس کران، بەڵام دەسکاریی هەڵبژاردن، لە گەندەڵی خراپترە، چوونکە هەم کەڵکی نابەجێ وەرگرتنە لە بەرپرسایەتی و هەم دەنگی مرۆڤەکانیش بە هیچ و بێبایەخ دەبینێ و لەڕاستیدا گەر گەندەڵی، چاوی تەماح بڕێنە لە گیرفان و نانی سەر سفرەی خەڵک، دەسکاریی هەڵبژاردن لێسەندنەوەی ناسنامەی مرۆڤە لە تاکەکان و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆییانە.

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:

# لە سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕەوشی مافەکانی منداڵان لەوە باشتر نابێت کە هەیە



پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ١ی ژۆئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان

ئەگەرچی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٠ی نۆڤامبر، ڕۆژی پەسندکرانی کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی بە ناوی ڕۆژی جیهانیی مافی منداڵان ناودێر کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە نیوەی وڵاتانی دنیا بەپێی نەریتێکی مێژوویی ڕۆژی ١ی ژۆئەن بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دەناسن.

دیاریکردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی جیهانیی منداڵان تەنیا بۆ ئەوە نییە لەو ڕۆژەدا جێژن و ڕێوڕەسم و کارناڤاڵ بۆ منداڵان بگیردرێ و کات و ساتێکی خۆشیان بۆ پێکبهێندرێت، بەڵکوو ئەو ڕۆژە دەرفەتێکە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی منداڵان و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و بیرکردنەوە لە ئاستی جیهانیدا بۆ خزمەتی زیاتر بە پێگەیاندن و دەستەبەرکردنی ژیانێکی شیاو بۆ منداڵان. هەروەها ڕۆژێک بۆ وەبیرهێنانەوەی مافی منداڵان، هەوڵدان بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات لە بەرژەوەندیی دابینبوونی مافەکانیان و ئەرکدارکردنی وڵاتان و دەوڵەتان بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ و پشتگیریی بەرنامە و چالاکییەکانی "یونیسێف". کە باس لە مافی منداڵانیش دەکرێت، مەبەست مافێکی تایبەت یان جیاواز نییە، بەڵکوو مافی منداڵان لە ڕاستیدا مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە کە لە ئێستادا لەلایەن زۆر وڵات و نیزامی سیاسییەوە پێشێل دەکرێت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەوانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەرچی ماوەی ٣٠ ساڵە کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی بەمەرجی دژایەتی نەبوونی ئەو مافانە لەگەڵ بنەما ئایینی و یاسا نێوخۆییەکانی وڵات پەسند کردوە، بەڵام هەر ئەو پێشمەرجە پاساوی پێشێلکردنی هەموو نێوەرۆکی ئەو پەیماننامەیە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بووە. بێبەشکردنی زیاتر لە نیوەی منداڵانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماکی، بەکارهێنانی منداڵان و بەکوشتدانیان لە مەیدانەکانی شەڕ، پەروەردەی ئیدئۆلۆژێک لەسەر بنەمای دژایەتیی پرەنسیپە جیهانییەکان، هەڵاواردنی ڕەگەزی لە پرۆسەی خوێندنی منداڵان، ئێعدامکردنی منداڵان، منداڵئازاری، بەمنداڵی بەشوودان، بێبەشبوون لە خوێندن و وازهێنانی بەناچاری منداڵان لەسۆنگەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بەدخۆراکی بەهۆی هەژاری و بێئەنوایی، یاساییبوونی کارکردن بە منداڵ ئەویش بە مووچە و حەقدەستی کەم، خۆکوژیی منداڵان، پێنەدانی ناسنامە بەو منداڵانەی لە دایکی ئێرانی و باوکی بیانین و زۆر دیاردەی دیکە تەنیا بەشێک لەو دۆخە کارەساتبارە پیشان دەدەن کە منداڵان لە ئێران تێیدا گەورە دەبن و مافەکانیان پێشێل دەبن.

لەوەش بترازێ یەکەمین قوربانییانی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتیش هەر منداڵانن کە لەسۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەم قەیرانەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و هەم خەسار و زیانەکانی لەسەر ڕەوشی منداڵان بەردەوام زێدەتر دەبن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانیشدا دەستی لە سەرکوتی منداڵان و پێشێلکردنی مافەکانیان نەپاراستوە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە بزووتنەوەی ژینادا ڕێژیم زیاتر لە ٥٠ منداڵی کوشت و هێرشی شیمیایی کردە سەر قوتابخانەکان، لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ دا لانیکەم ١٨ منداڵ و لە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦یشدا زیاتر لە ٤ منداڵی بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە بزووتنەوەی ژینادا هەروەها سەدان منداڵیان دەسبەسەر کرد کە ژمارەیەک لەوان لە گرتنگەکان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست دا و بە دەیان منداڵی دیکەش حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپا و، ئەوە تەنیا بەشێکی بچووک لە کارنامەی ڕێژیمی منالکوژی کۆماری ئیسلامییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ مەحکوومکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی منداڵان هاوکات لەسەر ئەو باوەڕەشە هەتا ئەم ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت، ئەگەری گۆڕانکاری لە سیاسەت و پڕۆژەکانی حکوومەت لە بەرژەوەندیی دابینبوونی مافی منداڵاندا یەکجار کەمە کە نموونەکەی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی یونێسکۆ بوو کە بە بڕیاری شەخسی خامنەیی و لە مانگەکانی یەکەمی سەرکۆماریی ڕەئیسی، سەرکۆماری کوژراوی ڕێژیمدا ڕاگیرا و هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا. حیزبی دێموکرات هەروەها بە پشتبەستن بە بنەمای فکری و فەلسەفەی وجوودیی خۆی کە یەک لەوان بایەخدان بە منداڵان و پاراستنی مافەکانیانە، هەمیشە خۆی بە پشتیوانی منداڵان و مافەکانیان زانیوە. هەروەها هیچکات و لە هیچ هەلومەرجێکدا لە ئەرکەکانی خۆی دەرحەق بە مافەکانی منداڵان خافڵ نەبووە و بەکردەوەش بۆ دابینبوونی ئەو مافانە تێکۆشاوە. بەفەرمیکردنی خوێندن بە زمانی زگماک لە سەردەمی کۆماری کوردستان، دامەزرانی کۆڕی پەروەردە لە سەردەمی گەمارۆ خستنەسەر کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی، بڵاوکردنەوەی "دنیای منداڵان" وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی "کوردستان"، دامەزراندنی ناوەندەکانی "منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" و "نێرگز" و زیاتر لە دوو دەیە کاری مەیدانیی ئەو ڕێکخراوانە بەشێک لە کار و کارنامە و هەست بە بەپرسیارەتیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت پرسی مافەکانی منداڵان لە کوردستانە.

بەبۆنەی هاتنی ١ی ژۆئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵ پیرۆزبایی بە هەموو منداڵانی کوردستان و ئێران و جیهان دەڵێین و لەسەر هەست بە بەرپرسایەتی و ئەرکوەخۆگرییمان لە ئاست منداڵاندا پێ دادەگرینەوە.

بە هیوای سەرکەوتنی خەباتی جەماوەریی گەلانی ئێران بۆ دابینبوونی مافەکانی مرۆڤ و یەک لەوان مافی منداڵان و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە هەرچەشنە نادادپەروەری و پێشێلکردنی مافی منداڵان.

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١ی ژۆئەنی ٢٠٢٤ (١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣)**

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بۆ هاکپار بە بۆنەی بەڕێوەچوونی ١٠ـەمین کۆنگرەی ئەم حیزبە

**دۆستانی بەڕێز!**

جووڵانەوەی مافخوازی گەلی کورد بە هەلومەرجێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ و ململانێی هێزە سیاسییەکان و وڵاتانی شوێندانەر لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەکەدا گەیشتووەتە ئاستێک، سەرکردایەتی سیاسی کورد بەگشتی و تێکۆشەرانی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان پێویستە بە خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییانە و واقیعبینانە شرۆڤەی بکەن و لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیەدا سیاسەتەکانیان ڕێک بخەن.

لە کەسمان شاراوە نییە نەیارانی گەلی کورد لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا لەسەر لەناوبردنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد و هێرش و پەلامار بۆ سەر کوردستان و قوربانیکردنی خەڵکی کوردستان هاودەنگ و کۆکن. ئەم سیاسەتە دووژمنکارانەیەی نەیارانمان ئەرکی قورستر دەخاتە سەر شانی تێکۆشەرانی کورد کە بە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەوە بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێوەندییەکی دۆستانەی لە گەڵ ئێوەی بەڕێز هەیە بە هیواوە دەڕوانێتە کۆنگرەکەتان و جارێکی دیکە پیرۆزبایتان لێ دەکا و هەر لەم پەیامەشدا پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی نوێی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەمتان دەکا و ئارەزووی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازێ.

دووبارە پیرۆزبێت دەیەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی پێوەندییە گشتییەکان**
**٢٠ی مەی ٢٠٢٤**

**بەڕێز پارتی ماف و ئازادی (HAK–PAR)**

**لەگەڵ سڵاو و ڕێزی دۆستانە!**

بەخۆشحاڵییەوە بانگهێشتنامەی بەڕێزتان بۆ بەشداریی حیزبی دێموکرات لە دەیەمین کۆنگرەتان بەدەستمان گەیشت.

بەناوی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە جوانترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین و هیوادارین دەیەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

# شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان بوونەتە ڕەمزی خەباتی زیندانییانی سیاسیی کوردستان

**بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی!**

بە بۆنەی دوازدەی جۆزەردان، ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردستان وێڕای وەبیرهێنانەوەی یادی زیندانییانی ئازیزی لە سێدارەدراومان، زۆر بەڕێزەوە سپاسی خۆڕاگریی ئێوەی کۆڵنەدەر لە نێو بەندیخانەکانی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەکەین.

دوازدەی جۆزەردان کە لەلایەن ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەکوو ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردستان دیاری کراوە، وەبیرهێنەروەی ڕۆژێکی تاڵ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانە. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لەو ڕۆژەدا ٥٩ لاوی مەهابادی کە پێشتر لە لایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیەوە بەبێ هیچ تاوانێک و تەنیا بە تۆمەتی کوردبوون و هاوکاری لە گەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرابوو، لە شاری تەورێز گوللەباران کران. گوللەباران کردنی ئەو ئازیزانە لە کاتێکدا بوو کە چەند کەسێکیان هێشتا لەخوار هەژدە ساڵ بوون و نەگەیشتبوونە تەمەنی قانوونی. ئەو ٥٩ لاوە نە لە دادگاییەکی ئاشکرادا دادگایی کران و نە مافی ئەوەیان پێ درا پارێزەریان هەبێ، تەنانەت دوای گوللەباران کردنیان تەرمەکانیان ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکرایەوە و هەتا ئێستاش نازانرێ لە کوێ نێژراون. هاوکات هەڵبژاردنی مەرگی سەربەرزانەی ئەو ئازیزانە و چۆکدانەدانیان لە بەرانبەر مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامیدا بووە بە ڕەمزی خەباتی زیندانییانی سیاسیی کوردستان و هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا ڕێز لە ناو و یادی ئەوان و هەموو زیندانییانی سیاسیی کوردستان دەگیردرێ.

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی دوازدەی جۆزەردان دەکەینەوە کە ئیبرایم ڕەئیسی یەکێک لە جەللادەکانی نێو بەندیخانەکانی ڕێژیم کە دەستێکی باڵای لە ئێعدامی زیندانییانی سیاسیدا هەبوو و یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی مەرگ لە ئێعدامی هەزاران کەس لە ساڵی ٦٧دا بوو، لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتێرەکەدا لە بەین چوو. حەق وابوو کە ڕەئیسی پێش مردنی ڕاپێچی بەردەم دادگا کرابا و سزای ئەو هەموو تاوانەی وەرگرتباوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دەرفەتە بۆ بنەماڵەی داخداری ئێعدام کراوەکان نەڕەخسا. هیواداریین لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو ئەو کەسانەی دەستیان لە ئەشکەنجە و ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی کوردستان و ئێراندا هەبووە، بهێنرێنە بەردەم یاسا و سزای تاوانەکانیان وەربگرنەوە.

**زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگر!**

ئێوە وەکوو بەشێکی گرینگی گۆڕەپانی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەردوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، ئەرکێکی قورستان لە سەرشان بووە و هەیە. زۆرێک لە ئێوە بەداخەوە ساڵانێک لە تەمەنی خۆتان لەنێو زیندانەکاندا لە پێناو ڕزگاری گەلەکەتاندا دیلی دەستی دوژمنان بوون و بەخۆشییەوە لێی ڕووسوور و سەربەرز هاتوونە دەرێ، زۆرێک لە ئێوەش هەر ئێستا لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا سەربەرزانە ڕاوەستاون و ماوەی حوکمە نادادپەروەرانەکەتان تێپەڕ دەکەن. بەگشتی ئێوەی خۆڕاگر هەم سەری خۆتان بەرز ڕاگرتوە و هەمیش لە نێو گەلانی ئازادیخوازدا بوونەتە مایەی شانازیی گەلەکەتان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕۆژەدا جارێکی تر، وێڕای ڕێزگرتن لە خەباتی ئێوە ئازیزان، پڕبەدڵ سپاسی زەحمەتەکانی خۆتان و بنەماڵە ڕووسوورەکانتان دەکا. هیواداریین بەزووترین کات بەری زەحمەتی ئێوە و هەموو خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان بێتە دی و وێڕای ئازادیی ئێوە و ڕزگاری یەکجاری گەلەکەمان لە بندەستی، پێکەوە کار بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر بکەین.

سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان و هەموو زیندانییانی سیاسیی لە سێدارەدراو.

سڵاو لە ئیرادەی زیندانیانی سیاسیی خۆڕاگر و بنەماڵەی سەربەرزیان.

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستانی ئێران**
**١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣**



**پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بەبۆنەی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان**

# پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی بەندییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**بەندییە سیاسییە تێکۆشەرەکان!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا جینایەتێکی گەورەی دەرحەق بە خەڵکی خەباتکار و مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقاند. ئەمڕۆ ٤١ ساڵ لە جینایەتی سامناکی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی خەڵکی شاری مەهاباد ڕادەبرێت، بەڵام ئەم ڕووداوە وەک تاوانێکی گەورە بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی و بەڵگەی قوربانیبوونی کورد لە بیر و زەینی خەڵکی کوردستاندا هەروا بە زیندوویی ماوەتەوە.

ئەو ٥٩ لاوەی لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا گوللەباران کران، جگە لە کورد بوون تاوانێکی دیکەیان نەبوو، هەروەها بەشێک لەوان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ و قوتابیی خوێندگەکان بوون. ئەوان لە دادگایەکی سەحرایی و بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت و تەنانەت مافی بەرگریکردن لە خۆیان هەبێت، سزای زاڵمانەی ئێعدامیان بەسەر دا سەپێندرا و بەکۆمەڵ گوللەباران کران. غەدری لەوەش گەورەتر و برینی لەوە بەئێشتر ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و بنەماڵەکانی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە دوای تێپەڕینی ٤١ ساڵ ئێستاش کەمترین زانیارییان لە وردەکاریی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان و چارەنووسی تەرمەکانیان نییە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای زیاتر لە چوار دەیە لە ئێعدام و گۆڕبزرکردنی ئەو شەهیدانە، ئێستاش لە تاوان و جینایەتەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و مافخوازانەی کوردستان بەردەوامە و بەدرێژایی تەمەنی هەتا ئێستا و بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە هەزاران بەندکراوی سیاسیی دیکەی کوردی ئێعدام کردوە. بەڵام نە گرتن و ئەشکەنجەدانی بەندییە سیاسییەکان و نە هەڵخستنی پەت و سێدارە چۆکی بە ئیرادە و بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد دانەدا، بگرە لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەندیخانەکانی ڕێژیم مەتەرێزێکی لەگیراننەهاتووی ئیرادە و خەباتگێڕیی ڕۆڵەکانی کورد بوون. بەردەوامیی بزووتنەوەی ژینا لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە بە تێچووی قورسی شەهیدبوون و برینداربوونی سەدان ڕۆڵەی کورد و گرتن و حوکمدانی هەزاران بەندیی سیاسی درێژەی هەیە، بەڵگەیەکی دیکە بۆ خەبات و خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی کورد لە دژی دەسەڵاتی پەت و سێدارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

**زیندانییانی سیاسیی تێکۆشەر و خۆڕاگر!**

یادی ٤١ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوی کوژرانی برایم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم و چەند بەرپرسی جینایەتکاری دیکەی هاوڕێی لە ڕووداوی بەربوونەوەی هێلیکۆپتێرەکەیاندا.

ئیبراهیم ڕەئیسی کە لەو ڕووداوەدا کوژرا، یەک لە بکوژانی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە دەستی بە ئێعدام زیندانیانی سیاسی و کوشتنی جیابیران کردبوو. ئەو یەکێک بوو لە ئەندامانی هەیئەتی مەرگ کە لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا بە هەزاران بەندکراوی سیاسییان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کۆمەڵکوژ کرد. ڕەئیسیی جەلاد دواتر و لە بەرپرسایەتییەکانی دیکەشیدا لە تاوان و جینایەتەکانی بەردەوام بوو، و کوژرانی ژینا ئەمینیی بێتاوان و سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە دوو ساڵی ڕابردوودا -کە سەدان خۆپێشاندەری تێدا کوژرا و بە هەزاران کەس خرانە بەندیخانەوە و زۆر لەوان لەسێدارە دران- لە دەوڵەتی ئەودا و بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ئەو کران. بۆیە حەق وابوو ڕەئیسی و بکوژان و جەللادەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ڕادەستی دادگا بکرێن و لەسۆنگەی تاوان و جینایەتەکانیان سزای کردەوەکانیان وەربگرن، بەڵام بێدەرەتانیی خەڵک و نەبوونی دادپەروەری لە کۆماری ئیسلامیدا ئەو مافەشی لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زەوت کردوە و هەر ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو خەڵک سەبارەت بەو ڕووداوە لە ناچاری هەرنەبێ شایی و خۆشییان لەدڵدا بگەڕێ.

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد کە هاوکات وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر کراوە، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەدا بە ڕێزەوە یادی هەموو بەندییە سیاسییەکانی کوردستان بەرز ڕابگرین کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامیدا بە پێشکێشکردنی گیان و ژیانیان و خۆڕاگرییان لەژێر ئەشکەنجەدا و تێپەڕینی تەمەنیان لە پشت میلەکانی زیندانەوە سەری خۆیان و خەباتی نەتەوەکەیان بەرز ڕاگرتوە.

هیواداریین ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان، ببێتە بۆنەیەک بۆ ئەوەی هەموو لایەک بەرامبەر بە بەندییە سیاسییەکان و بنەماڵەکانیان، هەست بە بەرپرسایەتیی زیاتر بکەین. ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازێ لە ئێستادا پشتیوانی و هاودەنگی لەگەڵ بەندییە سیاسییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەهێزتر ببێت و لە هەمان کاتدا خەڵک دەرحەق بە بەندکراوانی سیاسی و بنەماڵەکانیان پتر ئەرکدار بین.

بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهیدانی ١٢ ی جۆزەردان و سەرجەم بەندییە سیاسییەکانی قوربانیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی!

سەرکەوێ بزووتنەوی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی دژ بە دیکتاتۆری لە سەرانسەری ئێراندا

بەڕێز بێت ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

**ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی**
**کوردستان**
**١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣ی هەتاوی**

# گاڵتەجاڕییەک بە ناوی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری

دوای کوژرانی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەروککۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وا بڕیارە خولی چواردەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، ڕۆژی ٨ی پووشپەڕی مانگی داهاتوو بەڕێوە بچێت.

لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا کە خوازیارانی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەروککۆماری لە ئێران ناویان تۆمار کردوە، زیاتر لە ٨٠ کەس لە خەڵکی سەر بە تیپی جۆراوجۆر هەوڵی ناونووسیان داوە کە تا ئێستا تەنیا نزیک بە ٢٠ کەسیان ئیزنی خۆکاندیدکردنیان پێ دراوە. هەر ئەوەیکە ٨٠ کەس بۆ پۆستی سەرکۆماری لە وڵات خۆیان کاندید دەکەن و یەکجێ ٦٠ کەسیان ڕەت دەکرێنەوە، دەری دەخات کە ئاستی کەسایەتیی ئەم "مەقام"ە و پێگەکەی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تا چ ڕادەیەک نزم و سووک دابەزیوە و کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ چ دیاردەیەکی گاڵتەجاڕانە بەرەڕوویە.

ڕوویەکی دیکەی ئەم نزمی و گاڵتەجاڕییەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری لە خولی چواردەیەمیدا، ناو و ڕوخساری ئەو نزیک بە ٢٠ کەسەیە کە لەلایەن وەزارەتی نێوخۆوە ڕێگە بە تۆمارکردنی ناویان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری دراوە کە دەکرێ بە سەر دوو دەستەدا دابەش بکرێن؛ دەستەیەک کە لە زەینی کۆمەڵانی خەڵکدا هیچ ناو و نیشانێکیان نییە و نەناسراو و بێڕابردوو و بێئەزموونن، بەڵام دەستەی دووهەم کە بۆ خەڵک باش ناسراون، کەسانێکن جیا لە چەند ئەزموونی شکستخواردووی پڕ لە غەدر و خیانەت و سەرکوت، هیچ بەرهەمێکیان بۆ خەڵکی وڵات نەبووە. مەحموودی ئەحمەدینژاد، سەرۆککۆماری پێشوو، عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی پارلمان و کەسانێکی وەک جەلیلی و زاکانی کە ڕووهەڵماڵاوانە و هەرکام بە ژێست و درووشمی تایبەتەوە، بۆ خولی چواردەیەمی سەرۆککۆماری لە ئێران خۆیان کاندید کردوە.

لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەک ڕوونە کە شوڕای نیگابان زۆرێک لەم کەسانە ڕەت دەکاتەوە و ئیزنی چوونە مەرحەلەی کۆتاییان پێ نادرێت، بەڵام دیسانیش وێدەچێ بۆ بازاڕگەرمیی شانۆی هەڵبژاردنەکان، بەناچاریش بێت هێندێک لەم کەسانە تەئید بکرێن.

ئەوەندەی پێوەندی بە کۆماری ئیسلامی، واتە بەیتی ڕێبەری و بازنەی حاکمییەتی بناژۆخوازەوە هەیە، وەک ڕەوتێکی دەیان ساڵە کە گرتوویانەتە پێش، ئامانجیان یەکدەستکردن و بەرتەسکردنەوەی جومگەکانی دەسەڵاتە کە تەنانەت وەک لە دەوری پێشووشدا دیتمان ڕەحم بە کەسانی وەک لاریجانی و ئەحمەدینژادیش نەکرا و ڕەدی سەلاحییەت کران. شێوەی گوماناویبوونی مەرگی ئیبراهیم ڕەئیسیش کە سەبارەت بە جێگرەوەی خامنەیی بۆ ڕێبەریی نیزام، ناوی لەنێواندا هەبوو، درێژەی هەمان ڕوانینی دەسەڵاتە بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی کەسێک وەک سەرۆککۆماری ڕێژیم کە کەمترین مەترسیی بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی بەیتی ڕێبەری و پرسی جێگرەوەی خامنەیی نەبێت. کەوایە هەر لە ئێستاوە دیارە کە لە دڵی ئەم گاڵتەجاڕییەی کە بەناوی هەڵبژاردنی سەرۆکۆمارییەوە وەڕێیان خستووە، جیا لە مۆرەیەکی دەستنیشانکراوی بێدەسەڵاتی ملکەچ، ئیزنی سەردەرهێنان بە کەسی دیکە نادرێت.



ئەوەندەی پێوەندی بە بەرەی خەڵکیشەوە هەیە جیا لەوەیکە بە چاوی گاڵتەپێکردنەوە دەڕواننە ئەم بەناو هەڵبژاردنانە و کەمترین بایەخی بەلایانەوە هەیە؛ بە گرتنە پێشی سیاسەتی بایکۆت و نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانییان لە تەواویەتی خۆیدا تەحریم کردوە. خەڵک هەم لە هەڵبژاردنی خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی کە برایم ڕەئیسی بە کەمترین دەنگ بوو بە سەروککۆمار و، هەم لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمدا کە ١١ی ڕەشەممەی ساڵی پار بەڕێوە چوو، بە نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان، هەڵوێست و ڕوانگەی خۆیان بەرانبەر بەم دەسەڵاتە نارەوایە یەکلا کردەوە.


کۆماری ئیسلامی کە دوای شاربەشار گێڕانی تابووتی ڕەئیسی و هاوڕێکانی و وەرێخستنی نمایشێکی خیابانی، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە نیشان بدات خەڵک و جەماوەری لەپشتە، لەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییشدا هەموو هەوڵێک دەدات کە، "ڕەوابوون"ی خۆی - کە لەمێژە لەدەستی داوە – پڕڕەنگ نیشان بدات و لانیکەم دڵی پڕ لە ترس و نیگەرانیی خۆی و لایەنگرانی پێ هێور بکاتەوە. بەڵام ئەوەی وەڕێیان خستووە جیا لە گاڵتەجاڕی و نزم و سووک دەرکەوتنی پێگەی "سەرۆککۆماری" و "هەڵبژاردن" لەم ڕێژیمەدا ناتوانێ شتێکی دیکە بێت.

گەلانی ئێران کە لە ڕەوتی بزووتنەوەی مافخوازانەیاندا دژ بەم نیزامە سەرەڕۆ و سەرکوتکارە، کار بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات دەکەن، زۆر لەمێژە لەم شانۆ گاڵتەجاڕییانە تێپەڕیون و بێتەفاوت و کەمتەرخەمی لێ دەڕوانن.

# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## (ڕوانینێکی گشتی لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

(١١–٢)




سمایل شەرەفی

لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردوودا قسەکردن لە دیاردە و قەوارەگەلی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە و باسی جۆراوجۆر و جیاوازی لێ کەوتۆتەوە کە تا ئێستا نەتەنیا پێناسەیەکی یەکدەستی لێ نەکراوە، بەڵکوو لەژێر هێژموونی گوتاری شۆڕشگێڕیدا کە تایبەت بە بەستێنی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستانە، هێندێک جار بە چاوی گومانەوە لێی ڕوانراوە و پرسیاری خراوەتە سەر. بەستێنی مەدەنی لە سیاسەتی کوردی بە هەر دوو چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنییەوە وەک شێوازێک لە خەبات باسی لێوە دەکرێ کە پێناسەنەکردنی وردی ئەم چەمکانە وای کردوە زۆربەی جاران لە ڕای گشتیی کوردستاندا کۆمەڵگەی مەدەنی، خەباتی پارلمانی و خەباتی مەدەنی، یان نافەرمانیی مەدەنی پێکەوە تێکەڵ دەکرێ و بە هەڵە لە باتی یەک بەکار دەهێندرێت. لە گەڵ ئەوەیکە دەستپێکی بزووتنەوەی مەدەنی و چێبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لەم سێ دەیەدا کورت ناکرێتەوە، و سوننەتێکی سیاسی و پاشخانێکی فکری و مەعریفی لە پشتە، ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێستادا زیاتر لە هەر قۆناغێکی دیکەی مێژوویی، پێویستی بە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە بتوانێ بەرانبەر بەوانەی چاوی تەماح و سڕینەوەیان لە شوناسی نەتەوەی کورد بڕیوە، بەرەنگاری بکات.

پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی و کوردی، لایەنێکی دیکەی باسەکەیە کە لە چوارچێوەی ماهییەتی دەسەڵاتی سیاسی و شوناسی نەتەوەیی و خواستەکاندا خوێندنەوە لە سەر "خۆڕسک"بوون یان "پاشکۆ"بوونی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان دەکرێ. عەبباسی وەلی پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و کوردستان لە هەوڵی کۆمەڵانی خەڵک بۆ دێموکراتیزەکردنی پێڤاژۆی سیاسی جیا ناکرێتەوە. گوتاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران هاوشان لە گەڵ تێکۆشانە جیاجیاکانی دیکە، هۆڤییەتی دەسەڵاتی سیاسی بە چالش دەکێشێ، بۆیە لە نێوەرۆکدا دێموکرات و بەرهەڵستکارە.

وەک باس کرا بیچمگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، پاشخانێکی فکری و خەباتکارانەی لە پشتە، بەڵام لە جووڵە و کردەوەدا نەک بە مانای بەستراوەیی، بەڵکوو پاڵنەر و بزواندن، کاریگەریی ڕەوت و قۆناغێکی سیاسی لە ئێرانی پێوە دیارە کە بە قۆناغی دەسپێکی ڕیفۆرمخوازی لەم وڵاتە ناودێر کراوە. "ئەم دەورەیە بۆ زۆرێک لە هێزە لاو و بەتواناکان لە کوردستان فەزایەکی هەرچەند بەرتەسکی پێکهێنا کە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی کوردی لە هێندێک بەستێن و بواردا تا ئەوکات کەمتر تاقی کرابوونەوە". دامەزراندنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، جموجۆڵی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و کوردستان، چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکە کوردییەکان و پێکهاتنی NGOکانی تایبەت بە ژینگەپارێزی، دەستبەکاربوونی ناوەندە فێرکارییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی و پێکهاتنی ناوەندە خێرخوازییەکان، بەرهەمی کەڵکوەرگرتنی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو فەزایە و، تاقیکردنەوەی ئەم جموجۆڵانە لە بەستێنی مەدەنیدا بوو کە تا ئێستا بە دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک ئەزموونی پڕ لە دەسکەوت و خەسار درێژەی هەیە.

ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی لێک جیا دەکاتەوە، لە ماهییەت و گوتاردایە. کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی بە وەرگرتنی ماهییەت و گوتاری ڕیفۆرمخوازی، خۆی ئاوێتە بە بەشێک لە دەسەڵات کرد و "دەوڵەتی بوون"ی کۆمەڵگەی مەدەنی لێکەوتەوە کە وەک عەبباسی وەلی لە باسی ڕەفتاری دەسەڵاتی سیاسی و حاکمییەت دا باسی دەکات، کەمتر مەجالی گەشە و پەرەسەندنی بۆ ڕەخسا. بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان بە گەڕانەوە بۆ خواستەکانی جەماوەریی خەڵک، ماهیەتێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی وەرگرت و هەر ئەم خەسڵەتە بوو بە هۆی ئەوەی لە لایەک خۆی لە پاشکۆبوون بپارێزێ و لە لایەکی دیکەوە وەک بەستێنێکی دیکەی خەبات لە پێناو شوناسخوازیدا ببێتە جێی باوەڕ و متمانەی خەڵک.

دوو هۆکاری ئیرادەی چالاکانی مەدەنی و متمانەی خەڵک لە بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان داناوە. ئیرادەکە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاستی تێگەیشتن و ئاگایی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە کە چەندە بەرانبەر بە پرسێکی تایبەتی وەک بۆ نموونە ژینگە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ و، متمانەی خەڵکیش وەک پشتیوانەیەک بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، پێوەندی بە ماهییەت و کارکردی چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە هەیە.

ئەرک و ڕەساڵەتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکورتی داکۆکیکردن لە شوناسی نەتەوەیی نەتەوەی کورد و پارێزگاری لە خاک و نیشتمانێکە بە ناوی کوردستان. بە واتایەکی دیکە شوناسخوازیی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا ئەرکی درێژخایەنی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەکرێ بە پرۆسەیەکی مودێڕن و نوێبوونەوەی کوردایەتی ناودێر بکرێ. لەم بەستێنەدا و لە ئاستی جەماوەریدا بەرپرسیارێتی گشتی دەخرێتە سەر شانی تاک بە تاکی کۆمەڵگە و لە شێوەی خەباتی مەدەنیدا، بەشی زۆری کۆمەڵگە، خۆی بەرانبەر بە ئەرکە جڤاکی و نیشتمانییەکان بە بەرپرسیار دەزانێ. "ئەگەر ئەم تێگەیشتن و هەست بە مەسئولییەت کردنە هەبێت، ئەودەم هەر کەس بەپێی هەلومەرج و بە گوێرەی ئیمکانات و وەزعی تایبەتی خۆی ڕێگایەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی دەبینێتەوە، چونکە مەیدانێکی پان و بەرین بۆ خەبات لە پێش چاوە و شێوەی خەبات ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرن".

هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ هیچ کەس و لایەنێک نامۆ و نائاشنا نییە و بەشێکە لەو ڕوانینە گشتگیرە ناسیۆنالیزمە تێکەڵ بە مەزهەب کراوەیە کە وجوود و مانەوەی خۆی لە سڕینەوەی "ئەویتر" دا وێنا دەکات. ئەساس و بنەمای ئەم هەڵوێست و سیاسەتە کە ئەحمەد محەممەدپوور بە "ناسیۆنالیزمی فارسی _ شیعی" ناودێری دەکات، کار لەسەر حاشالێکردن، بە بچووک سەیرکردن و بنبڕکردنی هەر سووژەیەک دەکات کە لە تۆرەمەی فارس و شیعە نەبوویێت و لەو ژینگەیە نەهاتبێتە دنیا کە ئەو تەنیا بە هی خۆی دەزانێ.

لە چل ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەواو بە چاوی ئەمنیەتییەوە لە پرسە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەڕوانێ و، بە دیاریکراوی لە سێ دەیەی ڕابردوودا بە گوشار خستنە سەر چالاکانی مەدەنی، تۆمەتبارکردنیان بە بەستراوەبوونیان بە حیزبەکان و هەوڵدان بۆ شێواندنی بیروڕای گشتی و چالاکیی دژ بە نیزام و ڕاپێچکردنیان بۆ زیندانەکان و داسەپاندنی حوکمی قورس و گران، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە کە پێش بە گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بگرێ.

داهاتووی بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەند فاکتەرێک بەستراوەتەوە کە لە درێژەی باسەکاندا بە دەستنیشانکردنی دەرفەت و هەڕەشەکان بۆ سەر ئەم بیاڤە دەپرژێنە سەری و تاوتوێ دەکرێ.

### مەفهوومەکان و چوارچێوەی تیئۆری کۆمەڵگەی مەدەنی

لە ڕووی مانابیەوە کۆمەڵگەی مەدەنی ئاڵۆز و خۆ بەدەستەوەنەدەرە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە سەردەمی جۆراوجۆری مێژووییدا و بە تایبەت لە سەردەمی ڕۆشنگەری و مودێڕنی مێژووی جیهاندا ئەم چەمکە مانا و پێناسەی جیاوازی لێ کراوە. لە یۆنانی کۆندا ئەرەستوو "دەوڵەت" بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەشوبهێنێ. لەبەر ئەوەی دەوڵەت، شارستانییەت بنیات دەنێ و پارێزگاری لە گیان و ماڵی هاووڵاتیان دەکات. کەسانی ئاکادیمیک هەن کە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، ئەم باسە دەگەڕێننەوە سەر یۆنانی کۆن. بۆ نموونە دیالۆگی سۆکراتی و عەقڵانییەتی مەدەنی بۆ چارەسەری قەیرانی کۆمەڵایەتی، زاڵبوونی زانست و هوشیاری، نرخ و بایەخ، بوێری و لە کۆتاییدا گەیشتن بە دادگەری لە مودێلی سیاسیی ئەفلاتوونی و یان سیستەمێکی سیاسی تیمۆکراتیک کە ئەرەستوو دەیەوێ بە ڕێگای بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی و دیمۆکراسیدا، دەستەبەری بکا، وەکوو پێشینیەک بۆ مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی باسی لێدەکرێت. ئەم سیستەمە ئیدەئالە کە بڕیارە لە چوارچێوەی شارێک یان کۆمەڵگەیەکی سیاسی دا، بێتە ئاراوە و ئەرەستوو ئەم جێگایە بە پۆلییس ناو دەبات.

چەند سەد ساڵ دواتر، فەیلەسۆفەکانی شارستانی ئیسلامی (بۆ نموونە فارابی و ئیبنی سینا) لە چوارچێوەی هزرێکی فەلسەفیی تایبەتدا کە بە نیۆپلاتۆنیسم پێناسە دەکرێت، لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەفلاتوون و ئەرەستوو باس لە دروستبوونی مەدینەی فازیلە دەکەن. مەرجی سەرەکیی داڕشتنی مەدینەی فازیلە، لە ڕوانگەی ئەم فەیلەسۆفانەوە جیاکردنەوەی دین و فەلسەفەیە لە یەکتر یان بە واتەیەکی دیکە بە ڕێگای فەلسەفەوە مەجال بۆ تاک بکرێتەوە کە لە گەشەی هزری و ئەخلاقی خۆیدا ڕۆڵ ببینێت. ئیبن خەلدوون (1406–1332) کە ئەرەستوو بە ماموستای خۆی دەزانێت، باس لە مەترسی هەڵوەشانەوەی شارستانییەتی ئیسلامی دەکا، هەڵوەشانەوەیەک کە لە ئاکامی ناکۆکی و دژایەتی دانەبڕاوی نێوان عومڕان و عەسەبییە هاتۆتە ئاراوە. بۆ تێپەڕبوون لەم وێرانکارییانە، ئیبن خەلدوون پێی وایە خوێندن، کولتوور، کۆبوونەوە و بەشداری مەدەنییانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی سیاسەت، باشترین کەرەسە و ڕێگاچارەن.

ماکس وێبر، کۆمەڵناسی ئاڵمانی کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیست، سەرهەڵدان و یان بگرە گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوازێک بە چاخەکانی نێوەڕاستی ئورووپا دەبەستێتەوە. بەگوێرەی ماکس وێبر خەڵکی شارە گەورەکانی ئەو سەردەمە، کە لە چین و توێژەکانی جیاوازی کۆمەڵگە پێکهاتبوون، بە هۆی دووربوون لە دەسەڵاتی سیستەمی فیئۆدالی، بوون بەخاوەن مەجال و دەفەرتی زیاتر بۆ جووڵەی کۆمەڵایەتی و کۆبوونەوە و لە ئاکامدا پێکهێنانی تۆڕی جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەی بەشێکی بەرچاوی بیرمەندانی ڕەوتی مودێڕنیتە کە گەشەی مۆئەسەسات و دامەزراوەی مەدەنی و سیاسی، دیمۆکڕاسی و هاووڵاتیبوون بە دابڕانی دین و سیاسەت لە یەکتر دەبەستنەوە، وێبر پێیوایە کە پرۆسەی سیاسەت بەرهەمی پەیوەندی توندوتۆڵی ئەم دوو دیاردەیە کە چ کۆک و ناکۆک، پێویستە لە کۆنتێکستی دوور و درێژتری مێژوویی دا باسی لێبکرێت.

ژان ژاک ڕۆسۆ پێی وایە دەوڵەت بە پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی پەیدا دەکات و بە بێ کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت تەنیا کۆڕبەندێکی پچڕپچڕە. ڕۆسۆ لەو باوەڕەدایە کە بهبێ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، تاک ناتوانێ لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگە بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بگات و لەوەها حاڵەتێکدا ئەسڵێک بە ناوی "بەرژەوەندیی گشتی" هیچ مانا و بوونێکی نییە. بەگوێرەی هێندێک بۆچوون، تۆماس هابس کە بە دەرەجەی جیاواز باسی نەهامەتییەکانی حاکمیەتی سروشتی و زەروورەتی تێپەڕکردنی ئەم حاڵەتە بە ڕێگای دەستەبەرکردنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دەکا، لە ڕاستیدا، ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە، دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی مرۆڤێکی عەقڵمەندە کە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆی لە گەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی هاوتەریب دەکا.

هێگل، فەیلەسەفی ئاڵمانی، کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسە دەکات کە لەودا وەک مەیدانێک، تاک چوارچێوەی بنەماڵە بەجێدێڵێ و ڕوو لە کێبەرکێی ئابووری دەکات و ئەم مەیدانە هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەت و هێزی سیاسی نییە. هێگل پێیوایە کە تەنیا دەوڵەت دەتوانێ بەرژەوەندیی گشتی بسەپێنێ و بیپارێزێ و کۆمەڵگەی مەدەنی پانتاییەکە بۆ دابەشکارییەکان و قازانجەکانی تاک و حەز و خواستە تایبەتییەکان. هێگل پێی وایە کە دەبێ لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسیدا جیاوازیی بەرچاو دابنێین. ئەو جیاوازییە هێگیلییە، لە ڕاستیدا دابڕانێکە لە خوێندنەوەیەکی پێشووتر کە پێی وابوو کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی هەر یەک واتان و جیاوازییان نییە. بیرمەندی فەڕانسەوی ئالێکسی دۆ تۆکویل کە درێژەدەری هزری لیبراڵیی هێگێلە لەم بابەتە دا، کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵگەی سیاسی پێناسە دەکا. لە سەر هەمان ڕێچکەی دیالیکتیکی هێگل، کارل مارکس کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو دیاردەیەکی ڕۆکەشانە بۆ دەوڵەتی مودێڕن پێناسە دەکات کە لەوێدا، ئەم کۆمەڵگەیە و گشت مۆئەسەسات (دامەزراوە)کانی پەیوەندیدار لە ژمارەیەک بەرژەوەندی تایبەتی و ململانێ لەنێو ئەو بەرژەوەندییانە دا کورت کراونەتەوە.

کارل مارکس لە سەرەتادا پێیوابوو پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێک لە پێوەرەکانی تێپەڕبوون لە سەردەمی فیئۆدالیزم بۆ قۆناغی سەرمایەدارییە کە پێگەی تێکۆشان و خەباتی هەر کەسێک لە گەڵ ئەوی دیکە دیاری دەکات. بە گەیشتن بە شارستانیەتی سەرمایەداری، ئاڵوگۆڕێکی گەورە و قووڵ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتە ئاراوە؛ پێوەندییەکانی پێش لە شۆڕشی پیشەسازی و مودێڕن کە لە سەر ئەساس و بناغەی نەریتی و چینایەتی بوون، گۆڕدرا بە پێوەندیی ئازاد و بەربڵاو. لەو سەردەمەدا کە هێشتا دەوڵەتەکان میراتگرانە (میراتی) و دیکتاتۆری بوون، خەریکی کۆکردنەوەی دەسەڵات لە گەردوونەی ئەقڵی ناوەندگەراییدا بوون. هەر لەم چاخەدا ڕوانگەگەلێک هاتنە ئاراوە کە بۆ پێکهێنانی فەزایەکی گونجاو لەگەڵ نیزامی نوێی سەرمایەداری لە هەوڵدابوون. ئەم ڕوانگانە بوون بە ئەساس و بناغەیەک بۆ پێکهاتنی "کۆمەڵگەی مەدەنی".

لەوانەیە لەنێو بیردۆزان و بیرمەندانی چاخی مودێڕندا بۆچوونی ئانتۆنیۆ گرامشی لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی نزیکتر لە مانا و شوناسی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەم سەردەمە بێت و بۆ باسەکەشمان بکرێتە بنەمای نەزەری. ئەم بیرمەندە هەرچەندە کەسێکی مارکسیست بووە بەڵام بۆ ئەو کۆمەڵگەی مەدەنی دیارەدەیەکی ڕووکەشانە یان ئامرازی ململانێی نێوان بەرژەوەندییەکان نییە. بۆ گرامشی، کۆمەڵگەی مەدەنی لە پێناو دەستەبەرکردنی سەرمایەی فەرهەنگی و ئیدئۆلۆژیکی و لە ئاکام دا زاڵکردنی هێژمۆنی چینی دەستەڵاتدار ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لە ڕوانگەی گرامشی‌یەوە هەموو دامەزراوە و هەوڵەکانی دەرەوەی دەوڵەت و هێزی سیاسی، وەک یەکییەتییەکان، حیزبەکان، بڵاڤۆکەکان و شوێنە بانگخوازییەکان، پێهکێنەری کۆمەڵگەی مەدەنین. کەوابوو بە لای گرامشییەوە کۆمەڵگەی مەدەنی هاوواتای چەمکی چاند و کولتوورە کە کۆی کۆمەڵگە دەگرێتە خۆی و تاکەکان تیایدا بکەرە ئەسڵی و سەرەکییەکانن. لە ڕوانگەی گرامشییەوە تاکەکان لەم کۆمەڵگەیە (کۆمەڵگەی مەدەنی) خاوەنی توانا و ئازادیی کردەوەن لە پەیوەستبوون بەم دامەزراوانە یان چوونەدەر لێیان.

کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە لە دامەزراوەکان واتە سەرخانە کۆمەڵایەتییەکان پێک هاتبێت، ناتوانێ تەنیا ڕویکەرد و ڕوانگەیەکی ئابووریانەی بۆ تێکۆشان و خەبات هەبێت. بەڵکوو جۆرێک لە یەکگرتوویی و یەکێتی لە نێو کۆمەڵگەدا پێک دێنێ. بە واتایەکی دیکە لە بیچمدانی ڕەفتاری بە کۆمەڵ و ڕەزامەندیی گشتیدا ڕۆڵ و کاریگەریی دەنوێنێ کە لەودا داهێنان و ئیبداعی تاک دەتوانێ گەشە بکات و تەوافوق و کاری هاوبەشی لەسەر بنیات دەنرێ.

لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەر تاکێک خاوەنی هۆڤییەت و شوناسی سەربەخۆی خۆیەتی و پێوەندیی تاکەکان لە گەڵ یەکتری و لە گەڵ کۆمەڵگە لەسەر ئەساسی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر جێگە و پێگەیەکی تایبەتی، هەمووان بەرانبەر بە یاسا خاوەنی ماف و ئازادی و بەرپرسایەتیی یەکسانن. بەم پێیە کۆمەڵگەی نەریتی لە سەر بناغەی پێگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر بناغەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، پێناسە دەکرێن.

لە چاخی سەردەمدا کە کۆمەڵی مرۆیی زیاتر لە ڕابردوو عەوداڵی ئازادی و ڕزگارییە و ئیدە و ئیرادەی خۆی لە چوارچێوەی چەمکی دێموکراسیدا پێناسە دەکات. گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی زیاتر لە هەمیشە دەتوانێ لەم ئامانجەی نزیک بکاتەوە. "پێشینەی دێموکراسی هەر بە قەرای پێشینەی کۆمەڵگەی مەدەنییە. بیرمەندانی فەلسەفەی نوێ کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئەساس و بنەڕەتی دێموکراسی دەزانن و لە هەر کوێ باسیان لە کۆمەڵگەی مەدەنی کردبێ، بێئەملاوئەولا باسیان لە دێموکراسیش کردوە. بە سەرنجدان بە زەمینەی فکریی هاوبەشی نێوان ئەم دوو چەمکە، وادیارە کۆمەڵگەی مەدەنی وێنایەکی زەینییە کە لەگەڵ گەیشتن بە دێموکراسی، پرۆسەی پێکهاتنی بەتەواوەتی بیچم دەگرێ و بەکردەوە هەست بە بوونی دەکرێ".

هابرماس ئەم ئیدیعایە ڕوونتر باس دەکا: "مەرجی بنەڕەتی بۆ سەقامگیربوونی دێموکراسییەکی بەهێز، کۆمەڵگەیەکی بەهێزی مەدەنییە و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەڵکەڵەیەکی سەرەکییە بۆ پرۆژەی دێموکراسی". بەم پێیە ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆنترۆڵی هێزی سیاسی یان هەمان دەسەڵاتە لە ڕێگای ئیرادەیەکی گشتییەوە کە لە دێموکراسیدا وێنا دەکرێ. بۆیە هابرماس گوتەنی لە کۆتاییدا "هێز (دەسەڵاتی سیاسی) تەنیا لە ڕێگای هێز(کۆمەڵگەی مەدەنی)یەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. تەنانەت بۆ تێگەیشتن لە سەقامگیربوونی ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگە، پێویستە لە سۆنگەی بەرەنگاری وهێزەوە بیر بکەینەوە. جیا لەوە ڕێگایەکی دیکە شک نابەین، هێز و تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی، مەرجی سەرەکییە بۆ چەسپاندن و سەقامگیرکردنی ئیرادەی گشتی".

# ڕێژیمی منداڵکوژ و مافی منداڵان!

عەلی بداغی




**بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ ڕێبەرانی و کۆمەڵگەی جیهانی ئەرکدار دەکات هەتا ساڵی ٢٠٣٠ کار بۆ نەهێشتنی هەژاری، برسێتی، توندوتیژی و گەندەڵی بکەن و بەرەو کەرامەتی مرۆیی، ئاشتی، دادپەروەری، یەکسانیی ڕەگەزی، تواناسازیی کچان و ژنان، ڕێزدانان لە جۆراوجۆریی کولتووری، پەرەدان بە فێرکردن و پەروەردەی منداڵان و جێگیرکردنی دێموکراسی هەنگاو بنێن. بەڵام کۆماری ئیسلامی و کار بۆ ئەو ئامانجانە؟**

یەکی ژۆئەن (١٢ی جۆزەردان) ڕۆژی جیهانیی منداڵانە. ئەگەرچی لە وڵاتانی دێموکراتیک و گەشەندوودا لەو ڕۆژەدا زیاتر جێژن و ڕێورەسمی دڵخۆشکەر بۆ منداڵان ڕێکدەخرێت، بەڵام لە وڵاتانی دێموکراتیک و دیکتاتۆریدا کە مافەکانی منداڵانیش بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێت، ئەم بۆنەیە دەرفەتێکە بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێی ڕەوشی مافەکانی منداڵان. ئەم وتارە باس لەو بابەتە دەکات:

### مێژووی ڕۆژی جیهانیی منداڵان

دیاریکردنی ڕۆژی ١ی ژۆئەن وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی یەکیەتیی نێونەتەوەی دێموکراتیکی ژنان لە پاریس (ساڵی ١٩٤٩) کە ئەو ڕۆژەیان بە ناوی ڕۆژی نێونەتەوەیی منداڵان ڕاگەیاند. لەو ڕۆژە بەدواوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بەتایبەتی وڵاتانی بەرەی سۆسیالیستیی ئەوکات بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و گرتنی کۆنفرانس و کۆبوونەوە لەسەر دۆخی منداڵانی جیهان، ڕێزیان لەو ڕۆژە گرتوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو ڕۆژە –واتە ١ی ژۆئەن– دەکرێ بە جێژن و شادی بۆ منداڵان.

نزیک بە ١٠ ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٥٩و لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەیاننامەی مافی منداڵان پەسەند کرا و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕۆژی ٨ی ئۆکتۆبر کە ڕۆژی دەرچوونی بەیاننامەکەیە بە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دیاری کرا و ٣٠ ساڵ دواتر واتە لە ٢٠ی نوامبری ساڵی ١٩٨٩ کۆنڤانسیونی مافی منداڵان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا کە هەتا ئێستا ١٩٣ وڵات تێیدا ئەندامن. ئامانجی ئەو کۆنڤانسیۆنە دروستکردنی دنیا و ژیانێکی باشتر بۆ منداڵان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی و یارمەتیدان بە گەشە و هەڵدانی لە بواری جەستەیی، دەروونی و عاتفییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ٥ ساڵ دواتر لە ڕەشەممەی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٤) مەرجدار ئەم کۆنڤانسیۆنەی پەسند کرد و چووە ڕیزی ئەو وڵاتانەی بە ئیمزاکردنی بەڵێنیان داوە ئەو مافانە بۆ منداڵانی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قانوون و پرەنسیپانە گۆڕانکاری لە قانوونە گشتییەکانی وڵات لەپێناو دەستەبەربوونی مافەکانی منداڵاندا پێک بێنن. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا نەک هەر خۆی لەو بابەتە دزیوەتەوە، بگرە قانوونی زۆر ناسەردەمیانەی دیکەشی لە دژی منداڵان و مافەکانیان لە ئێراندا پەسند کردوە و لە دوای سەرکوتی جووڵانەوە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی ژینادا کە لەو نارەزایەتییانەدا دەیان منداڵی دایە بەر فیشەک و گیانی لێ ئەستاندن، ئێستا بە ڕێژیمی منالکوژ ناوی دەبرێت.

### منداڵان و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی

سەرمایەی سەرەکیی ئابووری، سیاسی، کولتووری و ناسنامەیی هەر وڵاتێک لە ئێستا و داهاتوویدا منداڵانن و دۆخی پەروەردەیی وڵات و ڕوانگەی دەسەڵات بۆ ئەو بابەتە دەتوانێ چارەنووسی تایبەت و جیاواز بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە وێنا بکات. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە و بە ئایدۆلۆژیی پێکهێنانی بەسیجی ٢٠ میلیۆنی خەونی تایبەتیان بۆ منداڵان بینیبوو. ڕێژیم بە مەبەستی ئەبەدی کردنی دەسەڵاتەکەی و هەر لە مانگ و ساڵەکانی یەکەمی یەکانگیریی نیزامی سیاسیی خۆیدا بە پرۆژەکانی وەک ئیسلامیکردنی سەرچاوەکانی خوێندن، سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بەسەر منداڵانی کچ و دامەزراندنی جۆرەها ڕێکخراوی ئایدۆلۆژیک لە قوتابخانەکان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە سیستمی پەروەردەیی وڵاتدا پێکهێنا. ئامانج لەوەش بارهێنان و پەروەردەکردنی نەوە دوای نەوە هێز و سەرباز بۆ پاراستنی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بوو. بەڵام ئەم نەخشەڕێیەی کۆماری ئیسلامییش بەهۆی زۆر قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە سەرچاوەیان گرتوە، ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. بۆیە منداڵانی دەیەی ٦٠، ٧٠ و ٨٠ لە ئێستادا هێزی سەرەکیی دژبەری کۆماری ئیسلامی و لە ڕیزی پێشەوەی نارەزایەتییەکان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەن.

لە بزووتنەوەی ژینادا دەیان منداڵ–زیاتر لە ٦٠ منداڵ– بەتایبەت لە کوردستان لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژران، سەدان منداڵ دەسبەسەر کران و بۆ تۆقاندن و چاوترسێنکردنیان دەستدرێژییان کرایە سەر و تەنانەت ژمارەیەک لەوان لە زیندان و گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. بەڵام تووڕەیی ڕێژیم لە مایەپووچیی سیاسەتەکانی بەو جینایەتانەش دانەمرکا و، بینیمان کەوتە دەرمانداوکردنی منداڵان لە قوتابخانەکان!

### کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەڵگەنامەی ٢٠٣٠

بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی یونێسکۆ پێوەرێکی باش بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی منداڵان بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا لە وڵاتان و هەوڵی حکوومەتەکان بۆ هەنگاونان بەرەو ئامانجەکانی ئەم بەڵگەنامەیەی یونێسکۆیە کە لە١٧ ئامانجی سەرەکی و ١٦٩ ئامانجی لاوەکیی پێکهاتوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتادا یەکێک لەو ١٩٢ وڵاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە ئەم بەڵگەنامەیەی ئیمزا کرد، بەڵام دواجار بە بڕیاری خودی خامنەیی و لە مانگەکانی یەکەمی سەرکۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری کوژراوی ڕێژیم و لە کۆبوونەوەی شورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامیدا ڕاگیرا و بە ڕەسمی هەڵوەشایەوە.

بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ ڕێبەرانی و کۆمەڵگەی جیهانی ئەرکدار دەکات هەتا ساڵی ٢٠٣٠ کار بۆ نەهێشتنی هەژاری، برسێتی، توندوتیژی و گەندەڵی بکەن و بەرەو کەرامەتی مرۆیی، ئاشتی، دادپەروەری، یەکسانیی ڕەگەزی، تواناسازیی کچان و ژنان، ڕێزدانان لە جۆراوجۆریی کولتووری، پەرەدان بە فێرکردن و پەروەردەی منداڵان و جێگیرکردنی دێموکراسی هەنگاو بنێن. بەڵام کۆماری ئیسلامی و کار بۆ ئەو ئامانجانە؟

خاڵێکی جەوهەریی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ی دوورکەوتنەوە لە پەروەردەی مەزهەبی و ڕەخساندنی کەشێکی زانستی بە مێتودی ڕۆژ بۆ بارهێنان و فێرکردنی منداڵانە. سروشتییە کە ڕێژیمی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ٢٠٣٠ چیتر و پێڕەوی لە پرنسیپە نێونەتەوەییەکان نەیاندەتوانی قوتابخانە و ناوەندە زانستییەکان بکەنە گۆڕەپانێک بۆ پەرەپێدان بە پلان و بیرۆکە سیاسییەکانی خۆیان و هەڵخراندنی منداڵان. هەروەها لە ئەگەری هەنگاونان لە چوارچێوەی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠دا بەرەبەرە لە نفووز و هێژمۆنی دەسەڵاتی داخراو کەم دەبۆوە و ئەمەش ڕێگە ئاوەڵا دەکرد بۆ چالاکیی و جموجۆڵی هزریی زیاتری قوتابیان و خوێندکاران. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە هەستی بە مەترسییەکی گەورە کردبوو، نەک هەر لە بنی چووە دەرێ، بەڵکوو کەشی داخراویی زیاتری بەسەر سیستمی پەروەردە لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا سەپاند.

### دۆخی منداڵان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

بەشێک دەرەنجامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافەکانی منداڵ لە ئێران لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بریتین لە:

کۆماری ئیسلامی لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی خۆی و لە شەڕی ئێران و عێراقدا هەر بەپێی ئاماری بنیاتی بەناو "حفظ آثار و نشر ارزش‌های دفاع مقدس" زیاتر لە ٣٣ هەزار منداڵی قوتابیی لە بەرەکانی شەڕدا بەکوشت دا. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا سەدان منداڵی ئێعدام کردوە و لە ئێستاشدا ئەو منداڵانەی بەهەر هۆیەک تووشی تاوانی کوشتن بوون، لە زینداندا هەتا گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵی ڕادەگیرێن و دواتر ئێعدام دەکرێن. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زیاتر لە نیوەی منداڵانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن و بنەمای خوێندن لە کۆماری ئیسلامی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا لەسەر پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و بە مەبەستی فێرکردن لەسەر بنەڕەتی دژایەتیی پرەنسیپە جیهانییەکان دارێژراوە.

هەڵاواردنی ڕەگەزی لە پرۆسەی خوێندنی منداڵان، بێبەشبوون لە خوێندن و وازهێنانی بەناچاری منداڵان لەسۆنگەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بەدخۆراکی بەهۆی هەژاری و بێ‌ئەنوایی، منداڵ‌ئازاری، بەمنداڵی بەشوودان، یاسایی‌بوونی کارکردن بە منداڵ ئەویش بە مووچە و حەقدەستی کەم، خۆکوژیی منداڵان، پێنەدانی ناسنامە بەو منداڵانەی لە دایکی ئێرانی و باوکی بیانین و زۆر دیاردەی دیکەش تەنیا بەشێک لەو دۆخە کارەساتبارە پێشان دەدەن کە منداڵان لە ئێران تێیدا گەورە دەبن و مافەکانیان پێشێل دەبن. هەر لەجێشدا یەکەمین قوربانییانی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتیش هەر منداڵانن کە لەسۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەم قەیرانەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و هەم خەسار و زیانەکانی لەسەر ڕەوشی منداڵان بەردەوام زێدەتر دەبن.

لێرەدا بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر تەنیا باس لە مافی خوێندن وەک بنەڕەتیترین مافی هەر منداڵێک دەکەین. بە پشتبەستن بە ئاماری ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی ئێران لە ساڵی خوێندنی ١٤٠١–١٤٠٢دا زیاتر لە یەک میلیۆن و ١٩٠ هەزار و ٢٩١ منداڵ لەو وڵاتە لە خوێندن دابڕاون کە بێگومان نیزیک بە تەواوی ئەو منداڵانە چارەنووسیان وەبەرکارنانی زۆرەملی بووە. "ایرنا"، هەواڵدەریی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە زمان بەناو کارناسانی ڕێژیمەوە هۆکاری ئەوەی بۆ "هەژاریی فەرهەنگی"ی بنەماڵەکان گەڕاندۆتەوە، بەڵام پاساوهێنانەوە بۆ قەیرانی هەژاریی ڕەها لە کۆمەڵگە وەک هۆکاری سەرەکیی دابڕان لە خوێندن کە ئاکامی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە سیاسەتی فێرکردن و پەروەردە لە کۆماری ئیسلامیدا چەشنی ڕەهەندەکانی دیکە هەرەسی هێناوە. خۆ بەپێی ئامارە ڕەسمییە ڕاگەیەندراوەکان تەنیا لە یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠ هەزار حاڵەتی "منداڵ‌هاوسەری" لە ئێراندا تۆمار کراوە، ڕاپۆرتی لانیکەم ٧٧٨٠ حاڵەتی دەستدرێژی و منداڵ‌ئازاری بڵاو کراوەتەوە، زیاتر لە ٢٠٠ منداڵ خۆیان کوشتوە و دان بە بوونی زیاتر لە ٧ میلیۆن منداڵی کار داندراوە کە هەزاران کەس لەوان بە زبڵگەری دەژین.

ڕای گشتیی مافناسەکان ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێران لەسۆنگەی ڕەگداکوتان و سەپاندنی ڕوانگە، سیاسەت و کولتووری کۆماری ئیسلامیدا "منداڵ‌تەوەر" نییە، هەر بۆیەشە زۆرترین پێشێلکاریی مافەکانی منداڵان لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوو دەدا و بەهۆی زۆروبۆر بوونی ناوەندەکانی بڕیاریش هیچ ئۆرگان و دامەزراوەیەکی حکوومەتی بەرپرسایەتیی پێشێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی منداڵان لە ئێران وەئەستۆ ناگرێت.

### دۆخی منداڵان لە کوردستان

بارودۆخی مافەکانی منداڵانی کورد لەچاو منداڵانی ناوچەکانی دیکەی ئێران چەند قات نالەبارترە. بێکاری، هەژاری، لەدواکەوتوویی‌ڕاگیرانی کوردستان و دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ منداڵانی کورد کە بەرهەمی ڕوانگەی ئەمنیەتیی دەسەڵات لە کوردستانە، شوێنەواری زۆر خراپی لەسەر ڕەوشی منداڵانی کورد و مافەکانیان داناوە. هەروەها زیان و خەسارەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەرچی لە ئێراندا گشتی و وەک یەکن، بەڵام کاریگەرییەکانیان لە کوردستان بەهۆی ئەو دۆخە ئەمنیەتییە لەسەر منداڵان زیاترن؛ بەو واتایە ژمارەی منداڵانی کار زیاترە، بەڵام ئیمکاناتی پەروەردە و خۆشبژیوی بۆ منداڵان لە کوردستان کەمترە. بێبەشیی منداڵانی کورد لە خوێندن بە زمانی دایک، بنکۆڵکردنی مێژوو و کولتووری کوردی لە قوتابخانەکان لە ڕێگەی دامەزراوە بەناوی فەرهەنگی بەڵام ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، سەرکوتی جموجۆڵی فکری و فەرهەنگیی منداڵان، پەرەسەندنی دیاردەی کاری منداڵان بەتایبەت کۆڵبەری و کوژران و بریندارابوونی منداڵان بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی چەند لایەنێکی تایبەتتری ڕەوشی منداڵان لە کوردستانە.

### ئاکامگیری:


لە نێوەڕاستەکانی مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١ و لە گەرمەی بزووتنەوەی ژینادا دروشمەکانی "ڕێژیمی منالکوژ دەبێ بڕوات" کەوتە سەر زاری خەڵکی ئێران . ئەوەش لە خۆڕا نەبوو، چونکی تا ئەوکات نیزیک بە ٧٠ منداڵ لە خۆپێشاندانەکاندا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژرابوون. هەروەها ئەوە سەرەتای منالکوژیی ڕێژیمیش نەبوو، ڕەنگبێ بتوانین "نیلوفر تشید"، کچە تەمەن ١٥ ساڵەکەی خەڵکی تاران کە بە تۆمەتی ئەندامەتیی لایەنێکی سیاسیی دژبەری ڕێژیم لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠دا گوللەباران کرا، بە یەکەم منداڵکوژیی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دابنێین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەشەوە بە پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان و پرۆژە ئایدۆلۆژییەکانی خەون و خولیای منداڵانی ئێرانی کوشتووە، لەخۆڕا نییە منداڵانی دوێنێ و ئێستای کۆمەڵگەوە بەهێزترین بزوێنەری نارەزایەتییەکان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەن. ئاشکراشە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی منداڵان و دۆخی مافەکانیان لە ئێران بەدی نایەت.

# فەزیلەتی زیندانیی سیاسی
# (بەراوردێک لە نێوان سوقڕات و پێشەوا)



شاروخ حەسەنزادە



١٢ی جۆزەردانی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی بەندیی سیاسی لەلایەن ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیاری کراوە. ساڵی ١٣٦٢ و لەو ڕۆژەدا ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی مەهاباد کە بەشێکیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بوو لە پڕۆسەیەکی نادادپەروەرانەی قەزاییدا حوکمی سێدارەیان بۆ بڕایەوە و بە شێوەی تیرباران گیانیان لێ ئەستێنرا.

سەبارەت بە خۆڕاگری، بوێری و بیروباوەڕی بەرزی زیندانیی سیاسیی کورد زۆر شت گوتراوە و دەگێڕدرێتەوە. بەڵام لێرەدا مەبەستمە بەراوردێک لە نێوان دوو کەسایەتیی مەزن و زیندانیی سیاسی بکەم کە دەورێکی بەرچاویان لە ڕەوتی هزر و ئەندێشە، ڕەوشت و ئاکار هەروەها بیری نەتەوایەتیدا گێڕاوە: "سوقڕات" و "پێشەوا قازی محەممەد". ئەو دوو کەسایەتییە ئەگەرچی هەم چاخەکانیان جیاوازە و هەمژی هۆکار و تۆمەتەکان تەوفیریان دەگەڵ یەکتر هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی قوتابییانی وەک ئەفلاتۆن و گەزنیفۆنەوە ڕاپۆرتی ژیان، کاروچالاکی و دادگایی کردنەکەی سوقڕات زۆر بە وردی بڵاو بۆتەوە بەڵام وەک دەزانین هەتا ئیستاشی دەگەڵ بێ، بەڵگە و نهێنییەکانی چۆنیەتیی دادگاییکردنی پێشەوا قازی محەممەد و دیالۆگی نێوان بەشداربووان هەر بە شاراوەیی ماوەتەوە، وێڕای هەموو ئەمانە لە چەند ڕەهەندی وەک "بیروباوەڕ، نیشتمانپەروەری، زانستپەروەری، خۆڕاگری، ڕەوشتبەرزی و باوەڕمەندبوون بە دادپەروەری و ئازادی" وێکچوونی زۆریان لەتەک یەکتر هەبووە کە ئەم تایبەتمەندییانە لەلایەن سوقڕاتەوە وەک "فەزیلەت" پێناسە دەکرێ و لە دەروونناسیی زیندانیی سیاسییدا بەتایبەت لە کوردستان وەک ئەخلاقێکی بەرز، ڕۆچووەتە نێو بیر و ئاوەز و وەک نەریتێکی ئەخلاقی لێ هاتووە.

بەرگریی سوقڕات وەک فەیلەسووفێکی مەزن لەلایەک و قازی محەممەد وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نەتەوەی کورد لەلایەک دیکە میناکێکە لە ڕەوشتبەرزی، نیشتمانپەروەری، خۆڕاگری و بوێری و بیروباوەڕی قووڵ بە ڕێبازەکەیان بەتایبەت لە کاتی دادگایی کردنیاندا سەرنجڕاکێش و جێی تێڕامانە. هەم ڕەوتی دادگایی کردنی سوقڕات و هەم هی قازی محەممەد وەک دوو دادگای مێژوویی سەیر دەکرێن کە ئەوەی پێشەوا لەبەر ئەوەیکە ٢٥٠٠ ساڵ دوای دادگای ئاتێن بووە لە بواری زانست و پێشکەوتنەکانی ڕۆژەوە گرنگتریشە کە لە ئێران و تەنانەت ناوچەکە و جیهانیش وەک مەزنترین ڕووداوی ئەو سەردەم دێتە پێناسە کردن، کاتێک سەرۆککۆماری نەتەوەیەک لەبەر مافی نەتەوایەتی، ئازادیخوازی و سەربەستیی نیشتمانەکەی دادگایی دەکرێ و دواتر لەسەر خاکی خۆی و لەبەر چاوی نوێنەرانی وڵاتانی دێموکراتیک لەسێدارە دەدرێ؛ پێویستە زیاتر بایەخی پێ بدرێ و لێی بکۆڵدرێتەوە و لەسەری بنووسرێ.

"کریتۆن" وەک دووهەمین گوتاری سوقڕات (لە نووسینی ئیفلاتوون کە لەسەر سوقڕات و بە ناوی گوتوبێژی سوقڕات بڵاو بووەتەوە) شتێکی زۆر تایبەتمان پێ دەڵێ. لەو گوتارەدا، کریتۆن کە قوتابیی سوقڕات بووە، دەچێتە سەردانی و لە بەندیخانەدا پێشنیاری ئەوەی پێ دەکات بە یارمەتیی ئەو و پوول و پارە هەڵبێن، دوای باس و خواستێکی زۆر، سوقڕات وەک نەریتی فەلسەفەی ئەخلاقی خۆی بە پرسیارکردن دەگاتە ئەو جێگایەی کە ئەگە ئەم کارە نەشیاوە بکەم و هەڵبێم دەبێ چۆن لە سەرم قسە بێتە گوتن؟ بە خۆی و کریتۆن دەڵێ: سوقڕات تۆ کە بانگەشەی ئەوە دەکەی هەموو تەمەنت بەدوای لێهاتوویی و زانستدا گەڕاوی، ئەوە کردەوەیە بە دادپەروەری و مافی خۆت دەزانی؟ بەو هەمووە زانایی و ئاوەزی هەتە هێشتا نازانی نیشتمان زۆر لە دایک و باوکیش لەسەرترە و لای خوا و هۆگرانی زانست زۆر بەڕێزتر و پیرۆزترە لە هەموو باب و کاڵ؟ نازانی ئەگە نیشتمان لێت بتۆرێ و تووڕە ببێ دەبێ زیاتر لە دایک و باوکیشت ڕێزی لێی بگری و سەری لەبەر هەڵنەهێنی و بە پشوودرێژی هەوڵ بدەی ئەهوەنی بکەیەوە و ئەگە ئەم کارەشت لەدەست نەهات دەبێ گوێڕایەڵی بی، ئەگە لێی دای یان دە بەندیخانەی کردی یان بتنێرێتە مەیدانی شەڕ و بەرەو مردنیش پەلکێشت بکات نابێ لێی وەرسووڕێیەوە و دەبێ چ لە دادگە چ لە بەرەی شەڕ کارێک بکەی نیشتمان چاوەڕێیی لێت هەیە، یان بەوپەڕی لەسەرخۆیی، ئەهوەنی و بەڵگەمەندیی بۆی ڕوون بکەیەوە ئەوەی دەخوازێ و دەیڵێت بەپێی ماف نییە؟ مەگە هەتا ئیستا بۆت دەرنەکەوتووە ملهوڕی لەبەرانبەر دایک و باوکت سووچ و تاوانە و لە بەرانبەر خاک و نیشتمان زۆر گەورەتریش؟"

دوای جووڵەی ئەرتەش، لانیکەم دووجار هاوڕێ و هاوکارانی پێشەوا دەچنە سەردانی و داوای لێ دەکەن مەهاباد بەجێ بێڵێت و لێی دەربچیت. مەلا مستەفا بارزانی جاری دووهەم دەچێتە لای و ئەو داوایەی بەوپەڕی ڕێزەوە لێ دەکات و پێی دەڵێ ڕەگەڵم کەوە لەو وڵاتە دەچینە دەر. بەڵام قازی قبوولی ناکات، تەنانەت کاتێک قازیی دادگا (عەتایی) لێی دەپرێست؛ ئایا پەژیوان نی دەگەڵ مەلا مستەفا نەڕۆیشتی؟ دەڵێ: ئەگە مردنێکی ئاوا سەربەرزانە بە نسیبم بێ، هیچکات. چوونکە من بەڵێنیم بە نەتەوەکەم دابوو پێکەوە دەژین و پێکەوە دەمرین، دەزانی ئەگە هەڵاتبام و بۆی دەرچووبام بە پاساوی ئەوە، خەڵکتان ڕەشەکوژ دەکرد، جا چوونکە بە تاوانی ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەم، خاک و نیشتمانم دەکوژرێم و هەروەها بەهۆی ئەوەیکە لای خوا و گەلەکەم، شەرمەزار نیم، گەلێک خۆشحاڵ و بەختەوەرم".

یەکێک لەو تۆمەتانەی خرابووە پاڵ سوقڕات ئەوە بووە کە دژی خواکانی ئەوسەردەمی یونان بووە و خەڵکیشی بۆ ئەوە هان داوە دەگەڵ ئەو تاوانەی قازی کە لە ٢٢ بەنددا ئامادە کرابوو وێکچوون هەیە. یەک لە گەورەترین تاوانە وەپاڵدراوەکانی قازی ئەوە بووە خەڵکیان فێر کردووە دژی شا درووشم بدەن و دژایەتیی پاشایان دەکرد. لێرەدا شا وەک سێبەری خوا سەیر کراوە و دژایەتی دەگەڵ شا بە مەزنترین تاوان داندراوە!

یان لە چۆنیەتیی وڵامدانەوە و بوێریدا لە "ئاپۆلۆژی"دا -یەکەم گوتاری بەرهەمەکەی ئەفلاتۆن لەسەر سوقڕات- هاتووە؛ کاتێک نۆرە دەگاتە سوقڕات بۆ بەرگری لە خۆی لە بەشێکی قسەکانیدا دەڵێ: خەڵکینە هیچکات بۆ دڵۆپە خوێنێک ناپاڕێمەوە، وەک ئەوانەش ناکەم کاتێک لەبەرانبەر دادگا ئامادە دەبن دەترسێن و دەلەرزن، مناڵە بچووکەکەیان دێنن، دەپاڕێنەوە و دەگرین، منیش لە داربەڕوو و بەرد لەدایک نەبوومە وەک ئێوە بەشەرم، کەسوکارم هەیە، هەست و سۆزم هەیە بەڵام پێم عەیب و شوورەییە ئەو کارانە بکەم بەتایبەت بۆ ئاتێنییەکان بە سووکایەتیی دەزانم. زۆر کەسم دیوە شێریان تیژ و نەعرەتەیان خەڵکی دەلەرزاند بەڵام کاتێک لەبەردەم دادگا دەوەستان گرگڕ دەلەرزین دەتگوت ئەگە بمرن دەردی موفاجا دەگرن و ئەگە نەکوژرێن بە ژیانێکی هەرماو دەگەن! غەوارەیەک ئەو دیمەنانە ببینێ دەڵێ خەڵکی ئاتێن کێیان بە سەرکردایەتیی خۆیان هەڵبژاردوە یان چۆنیان خەڵک پەروەردە کردووە...". ئەمە لە دادگای قازییەکانیشدا هەبووە و بەجۆرێک ئەم تراژێدیا حیماسییە دووپات دەبێتەوە.

لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە: قازی محەممەد لە هەموو دانیشتنەکانی دادگادا بەوپەڕي خۆڕاگری، بوێری و شەهامەتەوە قسەی کردوە، تەنانەت بۆ جارێکیش نەبینرا قازی محەممەد سەری داخات یان بترسێ و لە کردەوەکانی خۆی داوای لێبوردن بکات و ئەو گوتەیەمان زۆر بیستوە کە یەکێک لە ئەفسەرەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکانی دادگاکە دواتر نووسیویەتی ئەوە دادگا نەبوو قازیی مەحاکەمە دەکرد، بەڵکوو قازی محەممەد بوو دادگای مەحاکەمە دەکرد. یان کاتێک پێشەوا جیا دەکەنەوە و دەیبەنە دواهەمین ژووری پێش سێدارە بە "پارسی تەبار" دەڵێ: ئێوە لە تەرمی ئێمەش دەترسێن، ئەگە دەتانهەویست لەسێدارەمان بدەن بۆچی درۆتان کرد و گوتتان دەتانبەینە تاران، وادیارە ئێوە خەڵکانێکی دووڕوو و درۆزنن..." دوای چەند قسەیەکی دیکە، پارسی تەبار بە قازی دەڵێ: قازی بۆ واز ناهێنی؟ هەتا سێدارە تەنیا چەند هەنگاو ماوە، خێرا وەسیەتنامەیەک بۆ ماڵ و منداڵت بنووسە..." قازی لە وڵامدا دەڵێ: ماڵ و منداڵی من نەتەوەی کوردە، کەسێک وەک تۆی سەولەخۆر و گۆپاڵبەدەست کوا شتی وا دەزانی..." ئەمیر پەرویز لەم بارەیەوە دەڵێ: قازی محەممەد ڕەنگی نەگۆڕابوو و هیچ جۆرە ترس و دڵەڕاوکێییەکی پێوە دیار نەبوو. ئارام و لەسەرخۆ بوو، تەنانەت وا وێنەدەچوو چەند خولەکی دیکە هەڵیداوەسن، ئەو پیاوێکی بەغیرەت و چاونەترس و ئازادیخواز بوو...". کاتێک قازی محەممەد دەبەنە ژێر تەنافی سێدارە دەستماڵێکیان هێنا هەتا چاوی پێ ببەستن، بەڵام قازی محەممەد ئیزنی نەداو و گوتی: هەی خیانەتکارینە من لە بەرانبەر نیشتمان و گەلەکەمدا شەرمەزار نیم هەتا چاوم ببەستن... دەمهەوێ لە دوا ساتەکانی ژیانم بەوپەڕی سەربەرزی و شانازییەوە بڕوانمە کازیوەی نیشتمانە خۆشەوسیت و جوان و لەبەردڵانم کە چۆن تاریکی شەق دەکات."

لە گێڕانەوە گوتاری "فایدۆن"یشدا ئەو لەسەرەخۆیی، چاونەترسی و بوێری و خۆڕاگرییەی سوقڕات وێنا کراوە کە چۆن لە دوامین ساتەکانی ژیانیدا جامی ژەهرەکە وەردەگرێ و بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوکەیەک پێی دادەکات و بەئارامی لەشی سڕ دەبێ و کۆتایی بە ژیانی دێت.

***

* ئەوە بەشێک بوو لە گوتاری "فەزیلەتی زیندانی سیاسی" کە بەبۆنەی ١٢ی جۆزەردان ڕۆژی زیندانیانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن نووسەری ئەو دێڕانە پیشکەش کرا و بەو هیوایە لە دواڕۆژێکی نزیکدا بەشێوەیەکی تۆکمەتر وەک وتارێکی سەربەخۆ چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

## ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

# زیندانیانی سیاسیی کوردستان باجی ئازادیخوازی و خەباتگێڕیی نەتەوەکەیان دەدەن

٤١ ساڵ لەمەوبەر، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا، ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی مەهابادیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان لە شاری تەوریز گوللەباران کرد. ئەو ٥٩ بەندییە سیاسییە کە بەشێکیان مناڵ (ژێر ١٨ ساڵ) بوون بەبێ هیچ مافێکی یاسایی و بەبێ ڕەچاوکرانی پرۆسەیەکی دادپەروەرانەی قەزایی بەشێوەی بەکۆمەڵ گوللەباران کران و هەتا ئێستاش گۆڕبزر کراون.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکەش هەروەک سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی هێرش بۆ سەر خەڵکی کورد، ڕەشبگیری، ڕفاندن، گرتن و ئەشکەنجە، تاراندن، سێدارە و تیرۆر وەک سیاسەتی سەرەکیی ناوەند دژ بە ئازادیخوازان زیاتر پەرەی سەندووە. لە ماوەی ٤٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە هەزاران هاونیشتمانی تەنیا لەبەر کورد بوون و لەسۆنگەی بیروبۆچوونی سیاسیی جیاوازەوە لە بەندیخانەکاندا ئێعدام کراون و چەند هێندەی ئەمەش بە بەخشینی تەمەنی خۆیان و، خۆڕاگری لەبەرانبەر ئازار و ئەشکەنجە و دەروەست بوون بە ڕێبازی هزرییاندا، باجی ئازادیخوازی و خەباتکاریی خۆیان و نەتەوەکەیان دەدەن.

ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ بەندیی سیاسیی کورد بە ڕۆژی "بەندییە سیاسییەکانی کورد" لە وڵاتێکی نادێموکراتیک و دیکتاتۆردا کە لەودا ئەو شەبەنگە بوێرەی کۆمەڵگە لەهەر چەشنە مافێکی ڕەوا و یاسایی خۆیان بێبەش کراون، گرنگی و بایەخی چالاکیی سیاسی خۆیا دەکات.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز" لە سێهەم ساڵی ناودێرکردنی ئەو ڕۆژە تایبەتە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت: دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، ژمارەی دەسبەسەرکراوەکان و دۆخی زیندانیانی سیاسی بەرەو هەڵکشان و خراپیی زیاتر دەچێت. بەندییە سیاسییەکانی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی ئێران دەکەونە ژێر گوشار و بە حوکمی نادادپەروەرانەی درێژماوە، سێدارە، لەسەرکار دەرکردن و دوورخستنەوە بۆ دوورترین بەندیخانەکانی ئێران سزا دەدرێن. تاوانی بەندییە سیاسییەکانی کورد تەنیا خۆشەویستیی بیروباوەڕ و بڕوابوون بە ماف، ئازادی، ئەوینی نیشتمان، یەکسانی و بەرامبەری و هەوڵدانی بەکردەوە بۆ دابینبوونی ئەو مافانەیە؛ بەڵام ئەمە لە ڕوانگەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە گەورەترین تاوانە.

لەو ڕۆژەدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە، وێڕای بەرزنرخاندنی خۆڕاگریی زیندانییانی سیاسی و دەربڕینی ڕێز و ئەمەگناسی بۆ بنەماڵەکانیان، دەبێ بە هاوکاری و پشتیوانیی سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاریی مافەکانی مرۆڤ تێچووی ئەو هەمووە پێشێلکاری و سەرەڕۆییە لەسەر ئەو ڕێژیمە زیاتر بکەین و بەهەر شێوازێک بۆ لەقاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەهەمبەر کۆمەڵگە بەتایبەت زیندانییانی سیاسی کاروچالاکیی شیلگێرانەتر بکەین.

**ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز"**
**١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣ی هەتاوی**

# چارەنووسی سەرکۆمارەکانی ئێران

# نەقڵەکەی کوێخای کۆن و نوێ


عومەر باڵەکی



لە ماوەی ٤٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا هەتا ئێستا ٨ کەس وەک سەرکۆمار لە سیزدە دەورەدا پۆستی سەرکۆمارییان وەرگرتوە و لە نێو هەموو ئەوانەدا تەنیا عەلی خامنەیی توانیویەتی سەری سلامەت لە سرینەوەی فیزیکی یا سیاسیی دەرباز بکات. ئەوانی دیکە یا لە ڕووداوی گوماناوی گیانیان لێ ئەستێندراوە، یا کاری سیاسییان لێ قەدەغە کراوە و هەوڵ دراوە لە کۆمەڵگەدا بێ قەدر و قیمەت بکرێن. بەڵام بەو حاڵەش هەر چوار ساڵ جارێک یان ئێستا بە نەمانی سەرکۆمار بەهۆی ڕووداوی گوماناویی وەک ڕووداوی بەربوونەوەی کۆپتێری ئیبراهیمی ڕەئیسی پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی سەرکۆمار لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ و بۆ ئەو مەبەستە جۆرێک لە کێبەرکێش لە نێوان کەسانێکدا دروست دەبێ کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە بەربژێر دەکەن. ئەو لە حاڵێکدایە کە هەموو بەربژێرەکان دەزانن کە بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران و سەڵاحییەتی ڕێبەر، پۆستی سەرکۆماری پۆستێکی ڕواڵەتییە و کاربەڕێکەری سەرەکی حکومەت لە سێبەردایە.

لە ئەسلی ٥٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەڵێ کە هەر سێ دەزگای قانووندانان، دەزگای بەڕێوەبەریی "دەوڵەت" و دەزگای دادوەری لەژێر چاودێری ویلایەتی ڕەهای ڕێبەر دایە ولە ئەسلی ١١٠ی هەر ئەو قانوونەدا لە برگەکانی ٩و١٠ کە لە چوارچێوەی سەڵاحییەتی ڕێبەردا باس لە پەسندکردنی کەسی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی سەرکۆمار و لابردنی سەرکۆمار دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە هەر ئەو بەربژێرانە و کۆمەڵگەی ئێرانیش دەزانن کە چارەنووسی سەرکۆمار لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وەک نەقڵی کوێخای کۆن و نوێ وایە.

دەگێڕنەوە ڕێبوارێک بە لای گوندێکدا تێپەڕ دەبێ و دەبینێ لەبەر ماڵان شایی و هەڵپەڕکێیە و پیاوێک بە فیز و ئیفادەوە لەسەر کورسییەک لە نێوەڕاستی گەڕی هەڵپەڕکێیەکەدا دانیشتوە و لەو لاشەوە بە چەند کەسێک بە شەقان لە کەسێک هەڵدەدەن. کابرای ڕێبوار زۆری پێ سەیر دەبێ و نزیک دەبێتەوە و پرسیار دەکا ئەو شایی و هەڵپەڕکێیە بۆ چ مەبەستێکە؟ وڵام وەردەگرێتەوە، ئەو کەسەی لە نێوەڕاستی هەڵپەڕکێدا دانیشتوە کوێخای نوێیە و تازە هەڵبژێردراوە و ئەوەی بەو چەند کەسە هەلوای بە شەقانیان بۆ گرتوە کوێخای کۆنە. کابرای ڕێبوار بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: یانی ئەدی کوێخای نوێ نازانی ساڵێکی دیکە ئەوە چارەنووسییەتی؟

مێژوو و سەربردەی سەرکۆمارەکانی ئێرانیش لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوانیش بە دەردی کوێخای کۆن چوون. لێرەدا ئەگەر زۆر بە کورتییش بێ چاوێک بە چارەنووسی سەرکۆمار یا سەرۆکی دەزگای ئیجرایی لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا تازەترین سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسیدا بخشێنین، جا ئەوکات بەڕوونی ڕاستی ئەو پەندەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

یەکەم سەرۆکی دەوڵەتی کاتی (موقت) مێهدی بازرگان بوو کە دوای ماوەیەکی کەم ناچار بە دەست لەکار کێشانەوە کرا و لە پەیامێکدا کە بۆ خەڵکی بڵاو کردەوە گوتی سەرۆکی دەوڵەتێک کە بۆ هەموو دیدارەکانی پێویستی بە ئیزنی ڕێبەر بێ "تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی دیوار باشە." بەدوای ئەودا و بە تەئییدی خومەینی لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا بەنیسەدر بوو بە یەکەم سەرکۆمار لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵام دوای ماوەیەک کەوتە بەر غەزەبی حیزبی "جمهوریی ئیسلامی" و خومەینی و لە ئاکامدا مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە زۆرینەی دەنگ متمانەیان لێ وەرگرتەوە و خۆ ئەگەر فریای خۆی نەکەوتبایە دادگایی دەکرا و ڕەنگە حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندبایە.

دوای لابردنی بەنیسەدر پۆستی سەرکۆماری بە محەممەدعەلی ڕەجایی پڕ کرایەوە، بەڵام دوای چەند حەتوویەک ئەویش لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات تووشی گیروگرفت بوو و بە ماوەیەکی کەم لەگەڵ سەرۆکوەزیرانەکەی محەممەدجواد باهونەر لە دەفتەری سەرۆکوەزیراندا لە تەقینەوەیەکدا کوژرا. عەلی خامنەیی بە دوای کوژرانی ڕەجاییدا بوو بە سەرکۆمار و لە کۆتاییەکانی دەوری یەکەمی سەرکۆماریدا بەدوای مەرگی خومەینی بوو، بە ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناوبراو تەنیا کەسێکە لەنێو سەرکۆمارەکانی ئێراندا توانیویەتی بگا بە پۆستی سەرەوەتر. بەدوای ئەوەدا کە خامنەیی بوو بە ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی، پۆستی سەرکۆمار گەیشتە دەستی بە هاشمیی ڕەفسنجانی. ناوبراو سەردەمانێک لەدوای خومەینی بەهێزترین پیاوی نێو دەسەڵاتی ئێران بوو، و لە پێگەیاندن و گەیاندنی خامنەیی بە پێگەی ڕێبەریی ئەو نیزامە دەوری سەرەکیی گێڕا. بەڵام بەرە بەرە لەلایەن خامنەییەوە لە مەیدانی دەسەڵاتداریەتی ئێران وەلا نرا، بە چەشنێک کاتێک لە بەرانبەر ئەحمەدینژاددا خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماری بەربژێر کرد، شکستی خوارد و سێ ساڵ دواتر بە شێوەیەکی گوماناوی تەرمەکەی لە حەوزی مەلەدا دیترایەوە و هەتا ئێستاش هۆکاری مردنەکەی بۆ بیروڕای گشتی ڕوون نەکراوتەوە. محەممەدی خاتمی یەکی دیکە لە سەرکۆمارەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و ئەویش لەگەڵ ئەوەدا هەوڵی دا ڕوخسارێکی دیکە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی بوونی لە پۆستی سەرکۆماریدا نیشانی کۆمەڵگەی ئێران و جیهان بدا، بەڵام بەهۆی ساختاری نیزامی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و لە کۆتاییدا پاساوی ئەوە بوو کە سەرکۆمار لە ئێران کاربەرێکەرە و بڕیارەکان بۆ بەڕێوەبەری وڵات لە جێگایەکی دیکەوە دەردەچن و سەرکۆمار تەنیا جێبەجێکاری ئەو بڕیارانەیە. ناوبراو دوای ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ مافی سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵاتی لێ ئەستێندراوە و بڵاوکردنەوەی وێنە و لێدوانەکانی لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی نیزامدا قەدەغە کرا و بە کردار لە گۆڕەپانی چالاکی سیاسیی ئێران وەلا نراوە.

سەردەمانێک مەحموود ئەحمەدینژاد وا هەست دەکرا کە نزیکترین سەرکۆماربێ لە خامنەیی، ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامی؛ بەڵام ئەویش هەر دەورەیک شانسی ئەوەی هەبوو دەسەڵات تەحموولی بکا، کاتێک ویستی لە بەڕەی خۆی زیاتر لاق ڕابکێشی لە گۆڕەپانی دەسەڵات وەلا نرا و تەنانەت بۆ شکاندنی کەسایەتیی لە کاتی سەفەر بۆ دەرەوی وڵات لەلایەن مەئموورانی ئەمنییەتی فرۆکەخانەوە پاسپۆرتەکەی لێ وەرگیرا و بۆ ماوەیەک ئیزنی سەفەریان پێ نەدا. یان ئەوکات کە ناوبراو لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٩٦ بۆ سەرکۆماری خۆی بەربژێر کردیوە، لەلایەن شوڕای نیگابانەوە شیاوییەکەی بۆ پۆستی سەرکۆماری ڕەت کرایەوە.

دوای ئەحمەدینژاد نۆرە دەگاتە ڕووحانی. کاتێک حەسەن ڕووحانی کە بە کەسێکی سیاسی- ئەمنییەتی دەناسرا بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا و توانی ڕێککەوتننامەی بەرجام لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ واژۆ بکا و بەڕواڵەت کرانەوەیەکی سیاسیی و ئابووری بە ڕووی ئێراندا بکاتەوە و وانیشان بدا کە سەرکۆمارێکی سەرکەوتوویە، شانس یاری نەبوو و بە هاتنەدەرێی ترامپ سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا لە بەرجام چرای بەختی ڕووحانیش لای ڕێبەری نیزام ڕووی لە کزی دا و ئەویش کەوتە بەرغەزەبی ناوەندی دەسەڵات، بەجۆرێک کە لە هەڵبژاردنی مەجلیس خوبرەگانی ڕێبەری ساڵی ١٤٠٢ لەلایەن شوڕای نیگەهبانەوە ڕەتی سەڵاحییەت کرا.

کۆتا سەرکۆمار ئیبراهیمی ڕەئیسی بوو کە بێ هیچ گرفتێک بە پاڵپشتیی ڕێبەری بوو بە سەرکۆمار. بەپێی هەڵسەنگاندنەکان، دەوڵەتی ڕەئیسی لاوازترین هەیئەتی دەوڵەت بووە لە ماوەی تەمەنی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا. بە واتەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین گوێڕایەڵترین دەوڵەت بوو لە بەرانبەر "بەیتی ڕێبەری"دا. بەڵام بەو حاڵەش دیتمان ماوەیەک لەوەپێش لە کاتێکدا وەزیری دەرەوەشی لەگەڵدا بوو لە ڕووداوێکی گوماناویدا لە باڵەفڕێکدا و لە کاتێکدا دوو باڵەفڕی دیکە ئیسکۆرتیان دەکرد، لە ناوچەی "جلفا"ی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات کەوتە خوارێ و هەموو ئەوانەی لە کۆپتێرەکەدا بوون بە ڕەئیسییەوە کوژران و ئەو ڕووداوە کۆتایی بە چارەنووسی ئەو سەرکۆمارەش هێنا.

ئێستا شوڕای نیگابان ڕۆژی ٨ی پوشپەری ئەوساڵی دیاری کردوە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمارێکی دیکە و کۆمەڵێک کەس لە بازنەی دەسەڵاتدا بە هەڵەک هەڵەک ناوی خۆیان تۆمار دەکەن بۆ ئەوەی لە پاڵوێنەی شوڕای نیگابان دەربچن و شانسی خۆیان لەبەر ردەرگای "بیت رهبری" بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرکۆماری بە تاقی بکەنەوە. ئیدی خافڵن لەوەی کوێخای نوێ ئەگەر وریا نەبێ بە دەردی کوێخای کۆن دەچێ و هەمان چارەنووس چاوەڕوانیەتی کە سەرکۆمارەکانی دیکە هەیانبووە. دیارە ئەو خول و سوورە لە بازنەی دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کۆتایی نایە، مەگەر بە نەمان و ڕووخانی ئەو نیزامە و هاتنەسەر دەسەڵاتێکی دێموکراتێک کە لەلایەن خەڵکەوە دەسەڵات دەستاودەستی پێ بکرێ.

## کوژرانی ١٧ کۆڵبەری کورد لە سەرەتای بەهارەوە



لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٣ی هەتاوییەوە و لە ماوەی ٧٠ ڕۆژی یەکەمی ساڵدا لانیکەم ٩٨ کۆڵبەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون و بریندار بوون.

لەنێو ئەو ٩٨ کۆڵبەرەدا ١٧ کۆڵبەریان گیانیان لەدەست داوە کە ٦ کەس لەوان تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە. ١١ کەس لەم کۆڵبەرانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، ٢ کۆڵبەر بە هۆی سەرمابردوویی، ٣ کۆڵبەر بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بە هۆی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکان و کۆڵبەرێک بە هۆی جەڵتەی دڵ بە هۆی گوشاری کۆڵبەری گیانی لەدەست داوە.

بەپێی ئاماری کوردپا، ئەم ڕێژە لە کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران لە ماوەی ٧٠ ڕۆژدا، بەرزترین ڕێژەی کوژرانی کۆڵبەران لە ١٣ ساڵی ڕابردوودا بووە.

**وردەکاریی ١٧ کۆڵبەری کوژراو لە ماوەی ٧٠ ڕۆژی سەرەتای ساڵی ١٤٠٣دا:**

٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ پەیمان ئەحمەدی، تەمەن ٣٥ ساڵ، خەڵکی جوانڕۆ، خێزاندارە و منداڵی هەیە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە سنووری نەوسوود کوژرا.

٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ محەممەدبایر محەممەدی، تەمەن ٤٨ ساڵ، خەڵکی جوانڕۆ، خێزاندارە و منداڵی هەیە، بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە لەژێر گوشاری کاری کۆڵبەریدا لە سنووری نەوسوود گیانی لەدەست دا.

٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ سۆران عەبدی، تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی بانە، خێزاندارە و منداڵی هەیە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە سنووری بانە کوژرا.

٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ هەستیار عەبدولکەریمی، تەمەن ١٥ ساڵ و خەڵکی دیواندەرە، بە هۆی سەرمابردووییەوە لە سنووری سەقز گیانی لەدەست دا.

٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ سەعید سەلووسی تەمەن ٣٣ ساڵ و خەڵکی پیرانشار، خێزاندارە و منداڵی هەیە بە هۆی سەرمابردووییەوە لە سنووری پیرانشار گیانی لەدەست دا.

٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ ئەبووبەکر ماخووزیفەرد، خەڵکی سەردەشت، خێزاندارە و منداڵی هەیە بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بە هۆی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکان لە بەرزاییەکانی سنووری سەردەشت گیانی لەدەست دا.

٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛شۆڕش شوکری، خەڵکی مەریوان، بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بە هۆی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکان لە بەرزاییەکانی ژاڵانەی هەورامان گیانی لەدەست دا.

٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ ئومید سەعیدی، تەمەن ٤٠ ساڵ و خەڵکی دێولان، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری بەستامی سەقز گیانی لەدەست دا.

٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ مێهرداد عەبدوڵڵازادە، خەڵکی سەردەشت، بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بە هۆی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکان گیانی لەدەست دا.

٢٩ی خاکەلێوەی ١٤٠٣؛ سەیوان دەست ئەفکەن خەڵکی مەریوان، خێزاندار و باوکی منداڵێک، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری تەتەی هەورامان گیانی لەدەست دا

٢ی بانەمەڕی ١٤٠٣؛ شوانە ئەحمەدپوور، تەمەن ٣٤ ساڵ و خەڵکی بانە، خێزاندار ەو منداڵی هەیە بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری بانە کوژرا.

٢ی بانەمەڕی ١٤٠٣؛ هێمن ئەحمەدی، تەمەن ٤٥ ساڵ و خەڵکی سەقز، خێزاندارە و باوکی دوو منداڵ، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری بەستامی سەقز کوژرا.

١٣ی بانەمەڕی ١٤٠٣؛ جەلال سۆهرابی، تەمەن ٤٠ ساڵ و خەڵکی بانە، خێزاندارە و باوکی دوو منداڵ، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری بانە کوژرا.

١٦ی بانەمەڕی ١٤٠٣؛ عەتا ڕۆستەمپوور، تەمەن ٤٠ ساڵ و خەڵکی سەقز، خێزاندارە و باوکی دوو منداڵ، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە سنووری هەنگەژاڵی بانە گیانی لەدەست دا.

٢٠ی بانەمەڕی ١٤٠٣؛ سالار ئەحمەدی، تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی سەردەشت، بە تەقەی دۆشکا لە سنووری سەردەشت کوژرا

٢٧ی بانەمەڕی ١٤٠٣؛ واحید قادرپوور، خەڵکی سەقز، خێزاندارە و منداڵی هەیە بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری بانە کوژرا.

٨ی جۆزەردانی ١٤٠٣؛ سینا ڕەسووڵزادە، تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری سەرتەزێن گیانی لەدەست دا.

شایانی باسە لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا (١٣٩٠-١٤٠٢) سەرجەم ٢٤٦٣ کۆڵبەر لە کوردستانی ئێراندا کوژراون و بریندار کراون. زیاتر لە ٧٤ لەسەدی ئەم کۆڵبەرانە بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار کراون و ٦٤ کەسیان تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە.

**ئامادەکردن؛ ئەوین مستەفازادە**

# لە "تۆڵەی سەخت" هەتا "نیشتنەوەی سەخت" شکستی ئامێری پڕوپاگەندە و درۆ



**پڕوپاگەندە و درۆ گەورەترین ئامرازی حکومەتە تۆتالیتارییەکانن. حکومەتە خۆسەپێنەکان کە بەهۆی سروشتی درۆیینیانەوە نەتوانن ڕێنمایی و ڕێبەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بکەن، بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانیان هیچ ڕێگەیەکیان نییە جگە لە پەنابردن بۆ پڕوپاگەندە و درۆ. لە ڕوانگەی ئەم حکوومەتانەوە ئەمە تاکە چارەسەرە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان**



ڕەزا دانشجوو

لە چاوی حکوومەتە تۆتالیتارییەکاندا مرۆڤەکان تەنیا ئامرازێکن بۆ مانەوەی سیستەمی حوکمڕان. لەم ڕوانگەیەوە، بە بڕوای "هانا ئارێنت" مرۆڤەکان بە سێ دەستە دابەش دەبن؛ چینی دەمارگیر و فاناتیک، چینی ڕووناکبیر و چینی بێدەنگ. بەشێوەیەکی گشتی سیستمی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کەمینەی فەناتیکی نەزانەوە کۆمەڵگە بە ئاراستەی دڵخوازی خۆیدا بجوڵێنێت. "ئارێنت" لە کتێبی تۆتالیتاریزمدا دەنووسێت: حکومەتە تۆتالیتارییەکان بەبێ هیچ ڕەچاوکردنێک هەموو بەهرە پاکەکان لە کار لا دەبەن و بەها و بایەخ بە عەقڵییەتە دۆڕاوە نەزان و گەمژەکان دەدەن کە باشترین گەرەنتیی دڵسۆزی و هاوڕێیەتی هەمیشەیی بۆ ئەم حکومەتانەن. ئەم کەسانە دەتوانن بەپێی ویست و داخوازییەکانی حکومەت درۆ و پڕوپاگەندە بڵاو بکەنەوە یان ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکانی کۆمەڵگە بەراوەژوو بکەنەوە. تووتالیتاریزم دەیهەوێ ویست و داخوازییەکانی سیستم بە سەر خەڵکدا زاڵ بێت و ئەوە دەبێ ببێت.

سیستمە تۆتالیتارییەکان زیرەک و نوخبە و پرسیارکەریان ناوێت. ئەوان خوازیاری عەقڵییەتە دۆڕاو و نەزانەکانن، چونکە بۆ وەفاداری و هاوڕێیەتی هەمیشەیی لەگەڵ سیستمێکی دیکتاتۆری، دەبێت عەقڵ و حیکمەت دابخەن. سیستمی تۆتالیتاری تووتی لاساییکەرەوەیان دەوێت، نەک کەسانی نوخبە و ڕەخنەگر کە لەگەڵ هەر پرسیارێکدا کۆشکی ئاوات و ئارەزووەکانی دیکتاتۆر دەهەژێنن. تۆتالیتاریزم بۆ سەرکەوتن لە ئاستە خوارەوەکانی کۆمەڵگەدا پێویستیان بە بەکرێگیراوانی بێدەسەڵات هەیە؛ کەسانی دەمارگیر، شوێنکەوتوو، کۆنەپەرست و بێهەڵوێست کە دەتوانن باوەڕ بە درۆ و فریوەکانی ماشێنی پڕوپاگەندەی دەسەڵات بکەن.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانیەوە و بە یارمەتیی وەرگرتن لە تاقمێک دروشمی پۆپۆلیستی وەک "شۆڕشی ستەملێکراوان" هەوڵی دا بە دانی دەسەڵات بە کەمینەی کۆنەپەرست و شوێنکەوتوو، هاوپەیمانێکی وەفادار بدۆزێتەوە. فەرمانی پێکهێنانی "سوپای پاسداران" وەک هێزێکی سەربازیی دەستەمۆی گوێڕایەڵ و دواتر ڕێکخستنی "بەسیج موستەزعەفین" دەسپێکی سازدانی لایەنەکانی وەفادار بۆ پاراستنی تاج و تەختی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بوون. هەرچەندە لە سەرەتادا ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو لە پێکهێنانی ئەو دامەزراوانەدا و لە ڕاستیدا ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە بوونیان لەو ڕێکخراوانەدا بە ئەرکی ئایینیی خۆیان دەزانی، بەڵام تێپەڕبوونی کات و دەرکەوتنی سروشتی درۆینەی کۆماری ئیسلامی بووە هۆی ئەوەی ئیتر باوەڕمەندی ڕمێن و کارگێڕیی جارانی نەمێنێ؛ ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی ڕێژیم بە پێدانی ئیمتیازاتی ماڵی و دەسەڵاتی زیاتر هەوڵی ڕازی ڕاگرتنی لایەنگرانی بۆ مانەوە بدات. ئێستا پێچەوانەی دەیەی یەکەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە لایەنگرانی ڕێژیم بە دانانی ڕیش و ڕووخسارێکی تەواو جیاواز لە خەڵکی ئاسایی دەردەکەوتن نەوەی نوێی بەکرێگیراوانی ڕژیم لە ڕووی ڕووخسارەوە چیتر جیاواز نین.

لە ڕاستیدا چینی دەمارگیر و کۆنەپەرست بەپێی پێناسەی هانا ئارێنت، ئێستا بووەتە کەمینەیەکی زۆر دیار لەنێو لایەنگرانی ڕێژیم. واتە ئەوانەی ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی لایەنگرانی ڕژیمن، زۆرینەیان بەکرێگیراوانێکن کە سەرەڕای ئاگاداری لە جەوهەرو سروشتی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی، تەنیا بۆ بەدەستهێنانی پارە و دەسەڵات ئامادەی پشتیوانی و هاوڕێیەتیی کۆماری ئیسلامی بوون.

پڕوپاگەندە و درۆ گەورەترین ئامرازی حکومەتە تۆتالیتارییەکانن. حکومەتە خۆسەپێنەکان کە بەهۆی سروشتی درۆیینیانەوە نەتوانن ڕێنمایی و ڕێبەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بکەن، بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانیان هیچ ڕێگەیەکیان نییە جگە لە پەنابردن بۆ پڕوپاگەندە و درۆ. لە ڕوانگەی ئەم حکوومەتانەوە ئەمە تاکە چارەسەرە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان.

بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی پڕوپاگەندە لە حکوومەتی خۆسەپێنانەی ڕێژیمی ئاخوندیدا، پێویستە بگەڕێینەوە پێش دامەزراندنی ئەم ڕێژیمە نامرۆڤانەیە. لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٧دا ژمارەیەک لە لایەنگرانی خومەینی ئاگریان لە سینەما ڕێکسی ئابادان بەردا و کارەساتێکی مرۆییان دروست کرد. بەپێی ئامارەکان لەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا زیاتر لە ٦٠٠ کەس بە زیندووی سووتان، تاوانباران بە قوفڵکردنی دەرگاکان ڕێگرییان لە ئەگەری دەربازبوونی ئامادەبووان کردبوو. تۆمەتبارانی ئەم ڕووداوە دواتر وەک نوێنەر لە کۆماری ئیسلامی چوونە نێو پەرلەمانی ڕێژیم! ئامانجی لایەنگرانی خومەینی لە خوڵقاندنی ئەم کارەساتە ئینسانییە، تاوانبارکردنی ڕێژیمی پەهلەوی وەک ئەنجامدەری ئەم کارەساتە و جووڵاندنی هەستی خەڵک و هاندانیان بۆ دژایەتیکردنی زیاتری ڕێژیمی پەهلەوی بوو!

مێژووی ڕەش و شەرمەزارکەری کۆماری ئیسلامی پڕە لە ڕووداوی هاوشێوە کە کۆماری ئیسلامی بۆ کاریگەریدان لەسەر بیروڕای گشتی و بە تایبەت هەوادارە کۆنەپەرستەکانی و هێشتنەوەیان لەسەر شانۆ کردوویەتی. سیناریۆسازی و گێڕانەوەی تەواو درۆ لە ڕاستییەکان. تەقینەوەی بۆمب لە مەزارگەی ئیمامی هەشتەمی شیعەکان لە مەشهەد و تاوانبارکردنی ڕێکخراوی موجاهیدین وەک ئەنجامدەری، تەقینەوەی بۆمب لە کاتی نمایشی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە مەهاباد و تاوانبارکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، کوشتنی ئامادەبووانی ڕێوڕەسمی ساڵمەرگی قاسم سولەیمانی لە کرمان و تاوانبارکردنی داعش! و دەیان نموونەی تر بەشێکن لە کردەی پڕوپاگەندە و درۆکانی کۆماری ئیسلامی بۆ جووڵاندنی هەستی سۆزداری کۆمەڵگە بەتایبەت لایەنگرانی ڕێژیم. هێرشی مووشەکی و درۆنیی بۆ سەر ئیسرائیل بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە فەرماندە کوژراوەکانی ڕێکخراوی تێرۆریستیی سوپای پاسداران لەلایەن ئیسرائیلەوە یەکێک لە نوێترین نموونەکانی کردەوەکانی ڕێژیم لەم بوارەدایە. هێرشێک کە بە پڕوپاگەندەیەکی زۆر لەلایەن میدیاکانی ڕژیمەوە ئەنجام درا و بڕیار بوو زەربەیەکی سەخت بێت لە ئیسرائیل!

دوا ئاڵقەی ئەم چیرۆکە مردنی زۆر گوماناوی و سەیر و سەمەرەی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکی دەستنیشانکراوی ڕێژیم بوو کە لە ڕووداوێکی زۆر نهێنیدا کوژرا. سەبارەت بە ناڕوونییە بێشومارەکانی چیرۆکی کەوتنەخوارەوەی کۆپتەرەکەی ڕەئیسی و هاوەڵانی زۆر شت هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا لەبەرچاوە و پەیوەستە بە ئەم باسە ئەدای ئامێری ڕاگەیاندنی ڕێژیمە. ڕژیم لە هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی، لە هەواڵگرییەکی تەواو ناڕوون و پڕ لە هەڵە هەرجار گێڕانەوەیەکی تەواو جیاوازی هەبوو. ئامێری پڕوپاگەندە و درۆی کۆماری ئیسلامی کە جگە لە یاریکردن بە وشەکان هیچی تری بۆ گوتن نەماوە ، دوای چەندین کاتژمێر لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "نیشتنەوەی سەخت"، لە ناکاو ڕایگەیاند کە کۆپتەرەکە ئاگری گرتوە و هەندێک لە تەرمەکان سووتاون! لای ئیمپڕاتۆرییەتی درۆ و پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی هاویشتنی چەند مووشەک و درۆنی سەرگەردان ناوی" تۆڵەی سەخت"ە و پارچەپارچە بوونی هێلیکۆپتەر و سووتانی سەرنشینەکانی "نیشتنەوەی سەخت"!

دەزگای پڕوپاگەندە و درۆی کۆماری ئیسلامی وەک ئابوری ڕژیم تووشی چەقبەستوویی و نەبوونێکی وا بووە کە ئێستا تەنانەت ناتوانێت قەناعەت بە لایەنگرانی دەمارگیر و شوێنکەوتووی خۆی بێنێت. ئێستا کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لەوەی خەمی کاریگەریی ماشێنی پڕوپاگەندەی خۆی لەسەر خەڵک بێت خەمی کاریگەریی ڕۆشنگەریی ڕووناکبیران، میدیا و جیهانی ئازادە لەسەر لایەنگرانی خۆی!

سەرسوڕهێنەرە! سەرۆک کۆماری وڵاتێک دەکوژرێت و دواتر دەزگای سیخوڕیی ئەو حکوومەتە هەڕەشە لە خەڵکی خۆی دەکات کە نابێ دژی مردنی سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان هیچ بنووسن و بڵێن! شیکاری ڕووداوەکانی ئەم دواییە نیشان دەدات کە ئەوەی لە لێواری دارمانادایە بوونی کۆماری ئیسلامییە. کاردانەوەی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە ماشێنی پڕوپاگەندەی ڕێژیم، چ لە سیناریۆی "تۆڵەی سەخت" چ لە "نیشتنەوەی سەخت"دا، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە وشیاری بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو جەماوەری بێدەنگی کۆمەڵگەدا بڵاوبووەتەوە و ئێتر هیچ کەس گرنگی بە درۆکانی دەسەڵات نادات. خاڵێکی زۆر گرنگی تر گۆڕینی تاکتیکی نوخبە و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەیە لە بەردەم ماشێنی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتدا. ئەگەر پێشتر ئەدای نوخبەکان تەنها لە ڕەخنە و شیکردنەوەی حکومەتدا سنوردار بوو، ئێستا ئاشکرا دژایەتیکردنی سیستمی حوکمڕانییە.

ئێستا ئەوە ماشێنی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتە کە لە هێرشبردن بەپێی بارودۆخ مەجبوور بووە بچێتە فازی بەرگری! لە ڕاستیدا ڕۆشنگەری میدیا و نوخبەی کۆمەڵگا بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم زیاتر هەوڵی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڕاستییەکان بدات تا ڕەشبگیری هەواڵ و پڕوپاگەندە.

ئێستا دەزگای پڕوپاگەندەی و درۆی ڕێژیم لە گۆشەی ڕینگدا لەلایەن ڕۆشنبیران و میدیا ئازادەوە گەمارۆ دڕاوە و چی تر توانایی بەربەرەکانی نەماوە! دەسەڵاتە تۆتالیتارییەکان بە درۆ و پڕوپاگەندەوە زیندوون، مردنی درۆ و پڕوپاگەندە یانی کۆتایی هاتنی تۆتالیتاریزم!

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



### هەڵوەرینی گوڵێک لە باخچەی فەرماندەراندا

شەهید عوسمان دادخاه



برایم چووکەڵی

لەو جیهانە پانوبەرینەدا دەسەڵاتدارە دیکتاتۆر و خوێنخۆرەکانی لێ دەرچن، کەس نییە حەز لە شەڕ و خوێنڕشتن بکات. ئێمەی کوردیش قەت شەڕ و خوێنڕشتنمان پێ خۆش نەبووە، بەڵام مەخابن دایم بەسەریاندا سەپاندووین و ناچاریان کردووین بۆ مانی خۆمان دەست بۆ چەک بەرین و بەرگری لە خۆی بکەین. لەو ڕێگایەشدا بەشێکی زۆر لە باشترین ڕۆڵەکانمان گیانیان داناوە. مێژووی کوردان پڕە لە نموونەی ئەوتۆ، هەر بۆیەش لە بیریان ناکەین و یادیان بەرز ڕادەگرین. لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا یادی یەک لە ڕۆڵەکانی گەل، "شەهید عوسمان دادخا" دەکەینەوە.

عوسمان دادخا زورجار لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لاوان لە جەرگەی خەباتدا دەیگوت: "غەدرلێکراوانی گۆی زەوی لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا لەپێناوی دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان و گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان واتە ڕزگاریی نیشتمان و دابینبوونی ئازادی و بە ئازادی ژیان، باشترین ڕۆڵەکانی خۆیان کردۆتە قوربانی". ئەو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد ئەگەر گەلانی بەئاواتگەیشتوو شانازی بە ڕابردوو و مێژووی خەباتی خۆیان و هەست بە سەربەرزی و سەرفرازی دەکەن، لە سایەی فیداکاری و خۆبەختکردنی ئەو مرۆڤە نەمرانەوەیە. هەر بۆیەش عوسمان قۆڵی لێ هەڵماڵیبوو وڵاتەکەی ئازاد ببێت و لەم ڕێگایەشدا یا سەر بکەوێ یا سەر دابنێت.

عوسمان دادخا ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕ و زەحمەتکێشی گوندی عەمبار سەر بە ناوچەی" ئەحمەدی کوڕ"ی بۆکان لەدایک بوو. عوسمان قۆناغەکانی خوێندنی هەتا دیپلۆم سەرەتا لە گوندەکەیان و دواتر لە شاری بۆکان بڕی و کاتێک خۆپێشاندانەکان لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستیان پێ کرد، بە تین و گوڕەوە بەشداریی تێیاندا کرد و دەوری بەرچاو و سەرەکیی لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکاندا هەبوو.

بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و دامەزرانی ڕێکخراوی حیزبی لە شاری بۆکان، عوسمان پێوەندیی بە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە گرت و وەک لاوێکی شۆڕشگێڕ تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێ کرد. عوسمان لە ماوەیەکی کورتدا ئەوەندەی لێهاتوویی و دڵسۆزی لە خۆی نیشان دابوو کە بتوانێ ساڵی ١٣٥٩ لە کۆنفرانسی کومیتە شارستاندا بە ئەندامی کومیتە شارستانی بۆکان هەڵبژێردرێ و لە بەشی کۆمەڵایەتیدا کاری پێ بسپێردرێ. لەو ماوەیەشدا کە بۆکان لە دەستی هێزی پێشمەرگەدا بوو، عوسمان بەوپەڕی تواناوە گیروگرفتەکانی خەڵکی چارەسەر دەکرد. لەو سۆنگەیەشەوە توانی زۆر زوو متمانە و ڕێز و خۆشەویستیی خەڵک و هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

ئەگەرچی عوسمان کادری سیاسی بوو، بەڵام هەرکات شەڕ لە نێوان هێزی ڕێژیم و پێشمەرگەدا ڕووی دەدا زۆر زوو خۆی دەگەیاندە بەرەکانی شەڕ و شانبەشانی پێشمەرگە شەڕی دەکرد. هەستکردن بە بەرپرسایەتی، بردنەسەری ئاگایی سیاسی، خاکی و خەڵکیبوون، بوێری و ڕاشکاوبوون، لەسەرەخۆ و بە ئەخڵاقبوون، فێربوون و فێرکردن لە تایبەتمەندییەکانی عوسمان بوو.

بە هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شاری بۆکان، عوسمان لە سەر داخوازی خۆی چووە نێو هێزی پێشمەرگە و لە هێزی بەیاندا سازمان درا. ئەو لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی کرد و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. ئازایەتی و فیداکاریی عوسمان بوو بەهۆی ئەوە وەک سەرپەل دیاری بکرێ و بە سەرپەلیی عوسمان چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی بۆکان بەڕێوە چوو و لەسۆنگەی سەرکەوتنەکانی وەک فەرماندەری لکی ٣ی هێزی بەیان دیاری کرا. ئەو لە شکاندنی ستوونی ٨٠١ی شیراز، شەڕە حەماسیەکانی نێوشاری بۆکان، شەڕی جادەی بۆکان ـ مەهاباد، جادەی سەقز ـ بۆکان، گرتنی مۆڵگەی قۆچاغ و شەڕی شاریکەند و چەندین شەڕی گەورە و بچووکی دیکەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. ئەو لەشەڕ لەگەڵ دوژمندا چەند جار بریندار بوو، بەڵام لەگەڵ ساڕێژبوونی برینەکانی دیسانەکە لە بەرەکانی شەڕ و بەرگریدا خۆی دەدیتەوە؛ هاوکات لە بواری سیاسیشدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پلەی زانیاریی خۆی دەبردە سەرتر.

عوسمان دادخا بەهۆی لێوەشاوەیی لە بەهاری ١٣٦٢ دا بوو بە جێگری هێزی هەژار سەر بە دەفتەری سیاسی و لەو پۆستەشدا لێوەشاوەیی خۆی وەک جاران نیشان دایەوە. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات بەو ناسین و متمانەیە کە لەسەر عوسمانی دادخا وەدەستی هێنابوو، دوای شەهیدبوونی فەرماندەری قارەمان ئێقباڵی کەریمنەژاد بە فەرماندەری هێزی شەریفزادەی دیاری کرد. ئەو کاتێک حوکمی فەرماندەریی هیزی شەهید شەریفزادەی وەرگرت و بەرەو ناوچەی سنە وەڕێ کەوت، ئەگەرچی شارەزای ئەو ناوچەیە نەبوو، بەڵام بە ئیرادەیەکی چیاییەوە شانی وەبەر ئەو بەرپرسایەتییە دا، چونکە بەباشی دەیزانی چ ئەرکێکی گرینگی کەوتۆتە سەرشان. مخابن کە هێشتا دوو مانگ لە تێکۆشانی عوسمان دادخا لە هێزی شەریفزادە تێنەپەڕیبوو کە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوو.

ڕۆژی ١٨ی خەزەڵوەر عوسمان دادخا لەگەڵ ٦ کەس لە هاوسەنگەرانی بۆ شناسایی پایەگایەکی ڕێژیم چوبوونە ناوچەی حوسێناوای سنە. لە گەڕانەوەدا شەویان بەسەردا دێ و لە گوندی "کێلەچەرموو" دەمێننەوە. بەداخەوە بەهۆی خۆفرۆشانەوە دوژمن هەست بەبوونیان دەکا و سەعات ٣ی نیوەشەوی ١٩ی خەزەڵوەر دەوری ئەو گوندە و بەتایبەتی شوێنی مانەوەیان دەدەن و هەوڵ دەدەن بەدیلیان بگرن. بەڵام ئەوان کە لە سەروان ئێقبال کەریمنەژادەوە فێری نەبەزی ببوون، سەنگەریان لە دوژمن گرت، لەو شەڕە نابەرانبەردا بەداخەوە عوسمانیدادخا فەرماندەری هێزی شەریفزادە لەگەڵ سەرجەم هاوڕێیانی شەهید بوون و ڕێگای خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

# هەڵبژاردنەکانی ٨ی پووشپەڕ و مەبەست و نەخشەڕێیەکانی خامنەایی!



ناسر سالحی‌ئەسل




دوای مەرگی گوماناویی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕیارە لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕی مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆککۆماری لە ئێراندا بەڕێوە بچێت.

"هەڵبژاردن" لەو چەمکە دێموکراتیکانەیە کە هەر کاتێک باس لە کۆمەڵگەی ئازاد و ئازادیی ڕادەربڕین دەکرێت، وەک یەکێک لە بنەماکانی دێموکراسی خۆیا دەبێت. بەڵام لە ئێرانی ژێر چەپۆکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا چەمکەکانی "هەڵبژاردن"، "بەشداریکردن" و "دەنگدان" بوونەتە ئامرازی دابینکردنی ویست و داخوازییەکانی سیستەمی سەرەڕۆ و تۆتالیتێری "کۆماری ئیسلامیی ئێران".

لە هەموو ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم بە کەڵکاوەژوو لەم چەمکانە ویست و داخوازی و گۆڕانخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی بە لاڕێدا بردوە و "بەشداری" و "دەنگدان" لە سیناریۆی "هەڵبژاردن"ەکاندا تەنیا بۆ ڕیزکردنی خەڵک و وێنەگرتنیان لە مێدیاکان بۆ نیشاندانی ڕەوایی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم بووە. ئەگینا عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێستای ڕێژیم هەروەک خومەینی ڕەواییەتی دەسەڵاتی خۆیان لە ئاسمانەوە دەزانن و خەڵک لە هیچ کوێی هاوکێشەکەدا نییە. لە ڕوانگەی ڕێبەرانی ڕێژیمەوە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن، تەنیا و تەنیا بەجێهێنانی ئەرکی شەرعی و پەیمان نوێکردنەوە لە گەڵ "وەلی فەقیە" و "مقبولیت"دان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و هیچی دی.

عەلی خامنەیی لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا هەوڵی داوە بە بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا سیمایەکی ڕەوا لە دەسەڵاتەکەی لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا پیشان بدات. ڕاستە هەڵبژاردن بنچینەی دێموکراسییە، بەڵام دێموکراسی نەک ڕواڵەت بەڵکوو بە مانا و واتای پابەندبوون بە ڕوح و بنەماکانی دێموکراسییە و تەنیا بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن ناکرێ سیستمێک دێموکرات بێت. وەک چۆن دەبینین لە ئێستادا زۆر سیستمی دیکتاتۆریی سیاسیی دیکەی وەک چین، ڕووسیە و ڕووسیە هەڵبژاردنیان تێدا بەڕێوە دەچێت. بۆیە ڕوونە کە خامنەیی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و دەنگدانی گەلانی ئێران تەنیا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار دێنێت و لە ڕاستیدا هیچ بایەخێک بۆ دەنگی گەلانی ئێران دانانێت. دیارە دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێت کە سەرکەوتن و شکست لە هەڵبژاردندا بنەمای سیستەمە دێموکرات و ئازادەکان پێکدێنێت. بەڵام چونکە لە پارادایمی فیکری خامنەییدا هیچ کێبەرکێیەکی سیاسی لە نێوان کاندیداکانی ڕێژیمدا نییە، کەوابوو لە وەها بارودۆخێکدا سەرکەوتن و شکستی کاندیداکانیش هیچ مانایەکیان نییە. لەخۆڕا نییە عەلی خامنەیی هەمیشە دەڵێ: دەنگدان بە هەر کام لە کاندیداکان بە مانای دەنگدان بە تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە خۆی ڕێبەرایەتیی دەکات.

لە وڵاتی فرە نەتەوە، ئێتنیک و ئایینزای ئێراندا و پاش دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوە و باڵادەستبوونی نەتەوەی فارس لەلایەن ڕەزاخانی میر پینجەوە، بیری تاکڕەوی و خۆبەزلزانی و بیرۆکەی بوونی پێوەندیی ئەرباب-ڕەعیت لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا حاکم بووە. هەروەها لە ماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا ئەگەرچی ڕواڵەتی دەستەواژەکە گۆڕانی بەسەرداهاتوە، بەڵام نێوەرۆکی پێوەندیی دەسەڵات و خەڵک هەر هەمان نێوەڕۆک و تیۆرییەکەی پێشوویە، کە لە دەروونیدا بێڕێزی بە شعوور و هەستی گەلانی ئێرانی تێدا جێگیر کراوە.

بازنەی داخراویی دەسەڵاتی ڕێژیم هەموو کات بە توندترین شێوە دژی هەرچەشنە پێکهێنانی گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێراندا بووە. ئەو پرۆسەیە لە ئێستا دا بە ڕەنگ و بۆی ئایینیی "وەلایەتی ڕەهای فقیهی" سەرلەنوێ بە بیری دواکەوتوویی ڕەنگرێژ کراوەتەوە و هەردەم زۆر تۆختر لە جاران شایەتی بەرهەمهاتنەوەی ئەم بیرۆکەیەین کە لەلایەن دەسەڵاتدارەتیی عەلی خامنەییەوە پراکتیزە دەکرێتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە لە سەدەی بیست و یەکدا و لەنێو هەموو دەسەڵاتە سیاسییە خەڵکییەکاندا "هەڵبژاردن" یەکێک لەو بوارانەیە کە هەم دەسەڵاتداران و هەم تاکەکانی کۆمەڵگە بە بایەخەوە لێی دەڕوانن و بە جۆش و خرۆشەوە بەرەو پیری دەچن و ئاسانکاری بۆ دەکەن بۆ ئەوەی بە نواندنی ئیرادەی گشتی ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگە لە بەرژەوەندیی خەڵک بەردەوامی وەربگرێت.

لە ماوەی ٤٥ ساڵ لە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا سەرەڕای بەتاڵکردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە مانا و جەوهەری خۆی، بەڵام دیسانەکەش ناوکی دەسەڵات هەمیشە وەک مەترسییەک سەیری "هەڵبژاردن"ەکانی کردوە کە نەکا سەرەڕای داروولەلە و هەموو ئەو بەربەستانەی دایناوە کەس یا کەسانێک بکەونە بەر سەرنج و ڕای گەلانی ئێران کە ئامانج و ویستەکانیان لەگەڵ هزری دواکەوتووانەی دەسەڵاتی دیکتاتور لە دژایەتیدا بێت و مەترسی لەسەر پێگە و دەسەڵاتیان دروست ببێت. بەشداریی گەلانی ئێران لە چەند خولێکی هەڵبژاردنیش بە ئاراستەی هەڵبژاردنی پێچەوانە و "نا"گوتن بە ویست و ئیرادەی ناوکی دەسەڵات بە مەبەستی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵاتدا بێ‌سەمەر بووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لافی ڕەوایی دەسەڵاتەکەی لەلایەن خەڵکەوە لێ دەدات، جار لەگەڵ جار بازنەی خودییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی بەرتەسکتر کردوە و لە هەر قۆناخێکدا فیلتێر و پاڵوێنەی هەمەڕەنگی بۆ پێشگرتن بە گۆڕانکاریی نەخوازراو و مەهەندیسی‌نەکراو لە دەسەڵاتدا داناوە. باڵادەستیی شوڕای نیگابان، دەستێوەردان و ئیستعلامی وەزارەتی ئیتلاعات و حیفازەتی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، یاسا و ڕیساکانی چاوەدێریی ئیستیسوابی لە هەڵبژاردنەکا تەنیا بەشێڵ لەو سازوکارەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەندازیاریی هەڵبژاردنەکان لە بازنەی داخراوی دەسەڵاتدا دایناون.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا و پاش بزووتنەوەی ژینا و کوژرانی گوماناویی ئیبراهیم ڕەئیسیی سەرکۆمار، قۆناخێکی دیکەی پڕ مەترسی لە ژیانی سیاسیی خۆی ئەزموون دەکات. قۆناخێک کە گرینگییەکەی بۆ ڕێژیم بە ڕادەیەکە سەرجەم دامودەزگاکانی ڕێژیمی خستووەتە ڕەوشێکی تایبەت و نائاساییەوە. پاش بزووتنەوەی ژینا و ڕاپەڕینی بەرینی گەلانی ئێران، عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم زۆر زوو هەستی بەوە کرد بێتوو بزووتنەوەکە بەو ڕێچکەیەدا بەردەوام بێت، زۆر زوو بەرەو دارمانی یەکجاری دەچێت. هەر بۆیە وێڕای گرتن و کوشتنی زیاتر لە ٥٠٠ کەس، بریندارکردن و کوێرکردنی هەزاران کەس، گرتن و زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس و ئیعدامی دەیان لاو خەباتکاری گەلانی ڕاپەریوی ئێران، عەلی خامنەیی خۆی هاتە نێو گۆڕەپانەکە و سەرەڕای بوونی دەوڵەتێکی گوێڕایەڵی وەک ئیبراهیم ڕەئیسی، بەڵام بۆخۆیشی لەنێو بەیتی ڕێبەریدا دەوڵەتێکی بەهێزتر لە دەوڵەتی ڕواڵەتیی ئیبراهیم ڕەئیسیی پێکهێنا. هەر ئەوەش بوو خامنەیی لە یەکەمین دەرکەوتن پاش کوژرانی گوماناویی ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ دڵنیاکردنەوەی دارودەستەکەی گوتی: "هیچ کێشەیەکی سیاسی و ئەمنییەتی بۆ نیزامەکەی ساز نابێت"!

لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا ڕاوێژکارانی عەلی خامنەیی لەڕاستیدا وەک دەوڵەتی سێبەر لەنێو بەیتی خامنەیی بۆ سەرکوتی جووڵانەوەکە ئەرکدار کران و دەزگای ئیتلاعاتی سەربە بەیتی ڕێبەری زۆر توندتر لە وەزارەتی ئیتلاعات کەوتە کار. هەر پێشتر و پاش ڕاپەڕینەکانی ساڵەکانی ١٣٩٦ و ٩٨ هەتاوی، هەر بە پێشنیاری ئەم دەوڵەتەی بەیتی ڕێبەری بوو کە پێویستە کەسێکی گوێڕایەڵ و موخلیس، وەک ئیبراهیم ڕەئیسی بە سەرکۆمار دیاری بکرێت. تا وێڕای لەژێر ڕکێفبوونی سەرکۆمار ئیتر ئیزنی هەرچەشنە تەکرەوییەک کە بەشێک لە سەرکۆمارەکانی پێشووی ڕێژیم کردبوویان، بە کەسیتر نەدرێت. تەنانەت لە کاتی ڕاپەڕینی ژینا ا دیترا و بینرا کە پەنجەی ئاسنینی دەوڵەتی سێبەری خامنەیی لە پشت عەبای دەوڵەتی ڕواڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی، بوو بە هۆی ڕشتنی خوێنی سەدان لاوی بێتاوانی گەلانی ئێران و ئەو دەوڵەتە سێبەرە ئامادە بوو هەموو جینایەتێک بکات تەنیا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی لەرزووکی خامنەیی بپارێزی و ویستە ناڕەواکانی عەلی خامنەیی بە سەر خەڵکدا بسەپێنێت.

کاتێکێش عەلی خامنەیی تێگەیشت کە کارتی ئیبراهیم ڕەئیسی چیدی بڕشتی نییە و مۆرە گوێڕایەڵەکەی پێشووی قوتەقوت دەکا و خەریکە خەیاڵی جێگرەوەی خامنەیی هەڵیدەگرێت و ئەوە مەترسی لەسەر پیلانەکانی جەنابی ڕێبەر! بۆ داهاتووی خۆی دروست دەکات، بەئاسانی لە ڕووداوی بەربوونەوەی کۆپتەرەکەی لە گۆڕەپانەکەیان وەدەرنا. ناوکی دەسەڵات لە ئێستاشدا دەیەوێ دۆخی دوای کوژرانی ڕەئیسی و هەڵخڕاندنی هەستی بەشێک لە خەڵکی ئێران بۆ ئەندازیاریی هەڵبژاردنەکانی نوێی سەرۆککۆماری لەپێناو هێنانەسەرکاری مۆرەیەکی گوێڕایەڵتر بەکار بێنێت. مۆرەیەک کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٨ی پووشپەڕ پەردەی لەسەر لادەدرێت.

## وێستگە

# ژینی ژیناکان



ئاسۆ مینبەری

لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ەوە و لەو کاتەوە کە ژینا ئەمینی بە هۆی لێدانی هێزەکانی گەشتی ئێرشادەوە چاوەکانی بە ڕووی دنیا داخستن و ئاوات و ئارەزووەکانی لەگەڵ خۆی بردە ژێر خاک، تاکوو ئەمڕۆ کە زیاتر لە ٢٠ مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێ‌دەپەڕێ؛ بە سەدان چیرۆکی تاڵ لە کوردستاندا خولقاون.

هەر لە یەکەم ساتەکانی شەهیدبوونی ژیناوە، ڕێژیم هەوڵی دا بە سەرپۆشدانان لەسەر ڕووداوەکە و هەڕەشە لە بنەماڵەی ئەمینی بۆ بەخاکسپاردنی تەرمی کچەکەیان لە بێدەنگیدا، پێش بە شەپۆلی تووڕەیی خەڵک بگرێ. بەڵام ئاوەزی سیاسی و تێگەیشتنی قووڵ لە ڕووداوەکان لە کوردستان وای کرد ڕێژیم نەتوانێ بە ئامانجی خۆی بگا و مەرگی ژینا بوو بە خاڵێکی نوێ بۆ دەسپێکی خەباتێکی ڕەوا.

لەو کاتەوە تاکوو ئێستا زۆر لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە و زۆریش قسەی لەسەر کراوە کە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان بۆ نواندنی دڕندەیی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد بەو شێوەیە کە گیانلەدەستدانی ژینای بەدواوە بوو فاکتەری کوردبوونی ژینا بوو، ئەگینا ڕەنگە هەر لەو تارانی پێتەختی جەلادەکانەدا، ڕۆژانە بە دەیان ڕووداوی لەم چەشنە ڕوویان دابێ بەڵام هیچکامیان وەکوو ئەو ڕووداوە نەبوون کە ژینای تێدا بوو بە قوربانی. لە ڕاستیدا ئەکرێ ئاواش چاو لە ڕووداوکە بکرێ کە کوشتنی ژینا، دژکردەوەی ڕێژیم بەرانبەر بە کوردبوونی ئەو کچە بوو، دژکردەوەیەک دژبە ئەوی تر کە دەسەڵات لە دەرەوەی بازنەی خۆیدا بینیویەتی. دژکردەوەکەی ڕێژیم بەرانبەر بە ژینا، لە ئاستێکدا بوو کە گیانی ئەو کچەی کردە ئامانج و وای کرد کە دژکردەوەیەکی گەورەتر نەک تەنیا لەلایەن بنەماڵە و کەسوکاری ژیناوە، کە لەلایەن هەموو خەڵکانی ئێرانەوە بەرانبەر بە ڕێژیم و ناوەندە داپلۆسێنەرەکانی ڕوو بدات.

مەرگی ژینا دەسپێکی سەدان چیرۆکی دیکە لە کوردستان بوو وەک چیرۆکی بێ دایک مانەوەی باوان و چوونە ژێر خاکی ئاواتەکانی کۆماری جوانەمەرگ! بەڵام لە هەموو چیرۆکەکاندا، پاڵەوانی چیرۆکەکە، خەڵکی ڕاپۆڕیو بوون، کەسانێک کە تەنانەت مەرگی ئازیزەکانیان چۆکی پێ دانەدان. لەم نێوانەدا چیرۆکی ژنان وەک هەمیشە تاڵ بوو، لەو ژنانەوە کە ئازیزەکانیان لەدەست دان و تا ئێستاش شێنگێڕییان بۆ دەکەن بگرە هەتا ئەوانەیان کە ساچمەی چەکی دوژمنانی ئازادی بوو بە بەشێک لە ژیانیان و دەبێ لەگەڵ ئازارەکانی بژین.

ڕێژیم لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا هەموو کچان و ژنانی کوردستانی لە جەستەی ژینادا دەبینییەوە، هەر بۆیە هەوڵی دا هەر کامەیان بە جۆرێک سەرکوت بکات و چیرۆکەکەیان بەرەو کۆتایی ببات. ٥ ڕۆژ پاش شەهیدبوونی ژینا و لە دەسپێکی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا، هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری سنە ژینا مودەڕس‌گورجیان دەسبەسەر کرد، هۆکارەکەشی ترس بوو لە ژینایەکی تر!



ژینا مودەڕس‌گورجی یەکێک لەو کچانەیە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە چالاکی لە بواری ژنان هەوڵی داوە، بەشێک لە ئەرکی ڕۆشنگەری وەک تاکێکی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەستۆ بگرێ، هەر ئەمەش وای کردوە کە ناوەندەکانی ڕێژیم بەرانبەر بەم کچە هەستیار بن و هەر لە دەسپێکی بزووتنەوەی ژیناوە دەسبەسەری بکەن، نەکا ئەم ژینایەش، وەک ژیناکەی دیکە ناوی ببێتە ڕەمز.

بە سەرنجدانێکی ڕووداوەکانی ماوەی ڕابردوو و ئەو سەرکوتکارییەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەرنابەر بە ژنان کرا، تێ‌دەگەین کە کۆماری ئیسلامی هەموو ژنانی وەک ژینا دێنە بەر چاو و هەموو هەوڵی ئەوەیە بە کردەوەیەکی پێشوەختە، پێش بە بوون و توانا و چالاکییەکانیان بگرێ کە بریندارکردنی ژنان و دەسبەسەرکردنیان پاش کوژرانی ژینا ئەمینی، هەموو نموونەی زیندووی ئەم ڕاستییەن، لە ڕاستیدا هەوڵەکانی ڕێژیم کردنە ئامانجی ژینی ژیناکانی کوردستانە؛ ڕێژیم نایەوێ ژنبوون ببێتە خاڵی هاوبەش بۆ خەباتێکی یەکسانیخوازانە و نایەوێ ژنان سەرقافڵەی کاروانی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕەگەزی بن، بۆیە بە دەسبەسەرکردن، کوشتن، لەسێدارەدان، سەپاندنی سزا و لە دەیان و سەدان ڕێگای دیکەوە هەوڵ بۆ کپکردنی دەنگی ژنان دەدات.

کەس ناتوانێ نکۆڵی لە خزمەت و تێکۆشان و ماندووبوونی ژنانی کوردستان بکا، بەڵام بێگومان لە دوای مەرگی ژینا ئەمینییەوە، هەموو ژنان و کچانی کوردستان ژینایەکن پڕ لە ئاوات و خۆزگە و هزری تۆڵە، کەوایە کردنە ئامانجی ژینی ژیناکان، گەورەترین هەڵەیە کە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی کردوویەتی و دوور نییە کە ئەم هەڵەیە، سەری ئەم دەسەڵاتە بخوات.

# جیهادی شاراوەی ئایەتوڵڵاکان

**سمکۆ سەقزی**

ئینسانی کورد بە پێوەری دیرۆکی و مێژوویی یەکێکە لە کۆنترین مرۆڤەکانی گۆی زەوی. نموونەی تازە و وایراڵکراوی ئەم مێژووە دێرینە باسی ئەشکەوتی شانەدەرە،

شوێنی ئەم خاک و ژینگە بەپیتە کە لە زەین و دڵی خەڵکی کورددا ناوی کوردستانە، بە هۆی سیاسەتی کۆلۆنیالی پارچە پارچە کراوە و بووەتە چوار بەشی دیار و دەیان پارچەی نەبینراو لە هێز و خێڵ و دەستە و عەشیرە.

زەینی کوردی لە نەزمێکی خەیاڵیدا ئەم چوار بەشە پێکەوە دەبەستێ و کوردستانێک لە خەیاڵی خۆیدا دەنەخشێنێ. بەڵام ریاڵ پولیتیک نە خەیاڵە و نە شێعر، عەقلیەتێکی ڕەقی بێڕەحمە، ئەو نەک دابەش بەڵکوو کوردستانی ئەنجن ئەنجن کردوە، ئەم دڕندەیی و سەرەڕۆییە بۆ سست و لاواز کردن و تواندەوەی کورد و داگیرکاری خاکەکەی بووە، سڕینەوەیەک کە خاکەکەش بیری بچێتەوە کە ناوی کوردستانە و دەیان شانەدەر و زێویەی هەیە.

هەر لەم چەند ساڵەی ڕابردوو نموونەی سڕینەوە لە عەفرین و کەرکووک و شەنگال بە شێوەی دیار و ئاشکرا ئەنجام درا و، لە بەرچاوی دنیا پرۆسەی ئەتکی میللەت و خاکەکەی ڕووماڵ کرا. لە بەشی ڕۆژهەڵات و زاگرۆسی خاکی کوردستانیش ئەم سیاسەتە بە دەستێکی شاراوەی دینامیکی دایمە کارایە، شاراوەیی سیاسەتی چەشنە ژینۆساید کە ڕێژیمی تاران لە کوردستان بەڕێوەی دەبات لە کارەساتی هەڵەبجە و نوگرەسەلماش جینایەتکارانەترە. ئەم دوژمنایەتییە ڕیشەییە بە هۆی ئاوەز و بیری باڵای ڕۆژهەڵاتە کە تا ئێستای لەگەڵ بێت تەنیا دەوڵەتی کوردی دامەزراندوە و هەموو هێما و سیمبولە نەتەوەییەکانی دژ بە ئەویتری کۆلۆنیالکاری ئافراندوە. دەکرێ ئەو هەوڵ بۆ کوشتارە لە دیدی ئەو ترس و خۆفەی تارانەوە چاو لێ بکرێت.

حکوومەتی تاران، بە شێوەی ساختە و دەسکاریکراو لە سیکلی کاتی بۆ نموونە دە ساڵ جارێک کۆمەڵگە تووشی قەیرانی گەورە و شۆکی ئابووری دەکات، هەڵاوسانی بەرهەمی شۆک، نەهامەت و ماڵوێرانی بەدی دێنێت، بۆ ئەم جینایەتە ئابوورییە، سیستەمی بانکی وەلی فەقیهی و مالیاتگر و باجگر وەکوو دز و چەتە سەر بە هەموو سووچ و قوژبن و گیرفانێک دەکەن. لە ڕوانینی یەکەمدا ئەم جەردەییە بۆ گیرفان بڕین و هەژارکردنی خەڵک دەبینرێ و دەزانرێت، حکوومەت هەمیشە وا بینراوە و وا خۆی نیشانداوە مایەپووچ و بێ داهاتە بەڵام لە شەڕی خۆ پێنەگیراوی مافیاکانیدا دەر کەوتووە ئەوەی بەلاشە لای مەلا دولارە.

حکوومەتی کۆلۆنیالی تاران بەو هەژارکردنە ڕێکخراوەییەی لە کوردستان تەنیا ئامانجێک کە هەیەتی ئەوەیە کە تێچووی کوشتنی ئینسانی کورد کەم بکات و کەرامەتی کورد تووشی داشکاندن بێت. بۆ نموونە ئەگەر جیهادەکەی خومەینی ئاشکرا ڕاگەیەندرا و خەڵکی کوردیش ئاشکرا بەرگرییان کرد، ئێستا لەم جیهادە ئاپدەیت و نەوتراوەی خامنەیی ئەمری قەتلوعام زۆر بەرینتر لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، بە بێکاری لە ڕادەبەدەری خەڵکی کورد هەر بەپێی ئاماری ڕێژیم، خەڵک ناچار بە ئیشی وەکوو کۆڵبەری دەکرێن. لەم وشە بڕوانن کۆڵبەر، وشەی خەڵقکراو تەنیا بۆ ئینسانی کورد، ئەم کۆڵبەرییە لە سەرەتادا لە لایەن دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم وەکوو کار و کەسب پێناسە کرا و هانی لاوان درا تووشی ببن. دوای سەپاندنی شوناسی کۆڵبەری بە سەر نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس، دواتر دەوڵەتی ئیسلامیی تاران دەستی خۆی ئاوەڵا هێشت لە کوشتنیان کە بینراوە تەنانەت وەکوو ڕاوکردن و ڕابواردن سیلە لە کۆڵبەر گیراوە و تەقەیان لێ کراوە. ئەم بێڕێزیە بۆ دابینکردنی نان لە وڵاتێک کە تەنیا لە یەک پەروەندەدا نزیک بە ٢٠٠ هەزار میلیارد تمەنی تیدا دزرا، هەوڵێکی ئیستعمارییە بۆ کوشتن و تەسلیمکردن.

ئەگەر ئامارێکی ڕۆژانە و دەورەیی لە ئیعدام، ئیعتیادی بە لیشاو، کوشتنی کۆڵبەر، کوشتن بە ڕووداوی هاتوچۆ و ڕێگاوبانی بەئەنقەست، کاوڵ یان کوشتن بە خۆکوژی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بگیرێت، دەردەکەوێت ئێمەی کورد لە دڵی ژینۆسایدێکدایین؛

ژینۆسایدێک کە ڕووی ئاتاتورک و بەعسی تەیاری و عەفلەقی سپی کردوە.

ئەم سیستمە توتالیتێرە سەرەڕای ٤٥ ساڵ جینایەت و خولقاندنی کارەسات، سەرەڕای خەرجکردنی سەدان میلیارد دۆلار بۆ دروستکردنی هیلالی شیعە و میلیشا و میحوەر و دەیان کەتایب و حیزبوڵڵای، بەڵام لە بەرانبەری خۆڕاگری زاگرۆس لە ماکۆ تا کووەشت و لەکستانی کوردستان ماوەتەوە، و پیلان دەگێرێ و کەتنی تازە دەنێتەوە.

شۆڕشی ژینا کە دەکرێ وەکوو درێژەی ڕۆحی بەرخۆدانی ڕاسانی چاو لێ بکرێت، یەک پەیامی دیار و زەق و ئاشکرای بە سیاسەتی چەپڵ و شاراوەی تاران بووە، ئەویش ئەوەیە کە ئینسانی کورد بە ئەشکنجە و سەرکوت و زیندان و برسیکردن و کوشتنیش تووشی شکست نابێت، و یەک دڵنیایی قایم ڕای گرتووە.

بێگومان خەونی شکستی ڕۆژهەڵات وەک چۆن خومەینی و خاڵخاڵی و ڕەئیسی بردیانە نێو گۆڕ، خامنەییش هەر بۆ گۆڕی دەبا.

# ئەو پرسیارانەی لەبارەی مردنی سەرۆککۆماری ئێران درێژەیان دەبێ

**گۆڤاری تایم – کای ئارمین سەرجویی**
**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**



کاتێک هێلیکۆپتەری هەڵگری سەرۆککۆماری ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی، لە ١٩ی مانگی مای دیار نەما، ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان باسی ٩ مسافیری نێو ئەو هێلیکۆپتەرەیان کرد، لە ناویاندا دوو پارێزەر. بەڵام، کاتێک لە کۆتاییدا لاشەی هێلیکۆپتەرەکە دۆزرایەوە، دەر کەوت هەشت تەرمی تێدا بوون. چوار ڕۆژ دواتر، نهێنیی پارێزەری دووهەم لە پۆستەکانی سۆسیالمێدیادا ئاشکرا بوو: جەواد مێهرابی، بە نابەدڵی لەلای دواوەی ڕێوەڕەسمی پرسەی ڕەئیسی پاڵی لێدابووە. هەواڵدەرییەکان ڕایانگەیاند کە لە دوایین خولەکدا، بەرپرسەکەی، مێهدی مووسەوی، ناوبراوی لە هێلیکۆپتەری سەرۆککۆمارەوە گواستبۆوە بۆ یەکی دیکە لەو دوو هێلیکۆپتەرانەی ئەو ڕۆژی لەگەڵ کاروانەکە بوون.

دوای مردنی مووسەوی لە بەربوونەوەکەدا، باوکی بە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێرانی گوت ئەو دەیزانی کوڕەکەی لەو سەفەرە ناگەڕێتەوە. باوکەکە ڕوو بە کامێرا دەڵێ، "شەوی پێش سەفەرەکە سەردانی کردین. ئەو ماڵاوایی لێ خواستین و چووە نێو ئۆتومبێلەکەیەوە، بەڵام گەڕایەوە و ٢٠ خولەکی دیکە لە لامان مایەوە. پاشان ڕۆیشت، بەڵام دوای مەودایەکی کورتی هاژووتن، دیسان گەڕایەوە و ١٠ خولەکی دیکە لە گەڵمان بوو." گریان قورگی دەگرێ و درێژە بە قسەکانی دەدا، "سێهەم جار کاتێک ماڵاوایی کرد دایکی ماچ کرد و پاشان لاقەکانی دایکی ماچ کرد، منی ماچ کرد و پاشان داهاتەوە و لاقەکانی منیشی ماچ کرد. ئەوە ئەوکاتی بوو کە زانیم قەت ناگەڕێتەوە، دەمزانی قەت نایبینینەوە."

پارێزەرەکان ئەندامی یەکەیەکی تایبەتیی سوپای پاسداران بوون، ئەو هێزە سەربازییە کە لە ١٩٧٩ دروست کرا تا جێگای ئەرتەش بگرێتەوە کە دەوڵەتی ئایینی نوێی ئێران متمانەی پێ نەدەکرد. یەکەکە، سوپای ئەنسارولمەهدی، بەرپرسی ئاسایشی تاکەکەسیی کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ڕێژیمە. بۆ ئەو مەبەستە، ئەندامەکانی تەلەفۆنی تایبەتییان پێیە کە نەتەنیا بۆ پەیوەندیی دڵنیا دەبێ، بەڵکو بۆ شوێنپێهەڵگرتنی بەردەوامیش کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئەو ئامێرەی مووسەوی پێی بوو، دەبوو بۆ دیاریکردنی شوێنی کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرەکە، کە لە دەشتودەرێکی دژوار لە نزیک سنووری ئێران لەگەڵ ئازەربایجان هەڵکەوتووە، بەکەڵک بێ. لەگەڵ ئەوەشدا ١٦ کاتژمێری پێ چوو تا فریاگوزارەکان گەیشتنە ئەوێ.

وێناچێ سوپا لەژێر شک و گومان دابێ، لانیکەم بەگوێرەی پلە بەرزترین کاربەدەستی ئێران: لە وێنەیەکی ڕێوەڕەسمی بەخاکسپاردنی ڕەئیسی و قوربانییەکانی دیکە دا، پارێزەرانی سوپا دوو لە سەر سێی ئەو کەسانەیان پێک دێنا کە لە پشت ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیین. وەک هەمیشە، گەرووی بە جەمەدانی دەوری گەردنی، کە نیشانەی نزیکییەتی لە سوپای پاسداران، گەرم ببوو.

زیاتر لە حەتوویەک دوای کوژرانی ڕەئیسی، پرسیارە پڕ لە ڕازەکان نەتەنیا لەبارەی کەوتنە خوارەوەکە، بەڵکوو هەروەها لەبارەی ئەوەی لەمەو دوا ڕوو دەدا درێژەیان هەیە. بەشێک لە پرسیارەکان وڵامەکانیان ئاشکرایە: ترانسپۆندەری (ئامێری دیاریکەری شوێنی هێلیکۆپتەر یان فڕۆکە) باڵەفڕی کاربەدەستە پلەبەرزەکان وەک نەریتی هەمیشەیی، لە ترسی شوێن هەڵگیران لەلایەن دەوڵەتانی دوژمنەوە، کوژابۆوە. کاتێک هێلیکۆپتەرەکە کەوتە خوارەوە، لە ترۆپکی گردێک لە باکووری ڕۆژاوای ئێران، مسافیرێک هێندە ساغ بوو کە توانی بە موبایلی فڕۆکەوانەکە زەنگ لێدا، ئەو هەوڵی دا شوێنی کەوتنەخوارەکە شی بکاتەوە، بەڵام لە چاوەڕوانیی فریاگوزاراندا گیانی سپارد. بە هۆی ئەوە کە ناوچەکە بە شێوەی پێویست لەژێر پۆششی سیستەمی موبایلدا نەبوو، نەدەکرا بە یارمەتیی ئەو سیستەمە شوێنەکە بدۆزرێتەوە.

هێشتا ڕەنگبێ هێندێک پرسیاری دیکە بکرێ بە یارمەتی تەکنیکی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی وەڵام بدرێنەوە. بەرپرسی نوسینگەی ڕەئیسی کە لە هێلیکۆپتەرێکی دیکەدا بوو، گوتی ماوەیەکی کورت پێش بزربوونی ئەو هێلیکۆپتەرەی سەرۆککۆماری تێدابوو، فڕۆکەوانەکەی فەرمانی بە دوو هێلیکۆپتەرەکەی دیکەدا بەرەو بەرزایی بفڕن تا دەگەنە سەرەووی ئەو هەورانەی دەوری ترۆپکی گردەکەیان دابوو. هێلی کۆپتەرەکانی دیکە ئەو کارەیان کرد، بەڵام کەس هیچی دیکەی لە هێلیکۆپتەری سەرۆککۆمار نەبیستەوە.

هێندێک زانیاریی، ئەگەرچی سەرنجڕاکێشە، بەڵام دەکرێ لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێ. ئێرانییەکان دەتوانن گێڕانەوەی باوکەکە، بدەنە پاڵ دڵ خەبەردانی کەسانی بڕوامەند. بەڵام خەڵکی دیکە وەک بەڵگەی بوونی پیلانێک سەیری دەکەن، شتێک کە یەکەم جار نییە لە ڕێژیمێکدا ڕوو بدا کە بە لێڵکاریی و دڕندەییەکەی ناسراوە. پیرە دایکی ڕەئیسی، کە بەئاشکرا تووڕە دیار بوو، داوای مەرگی "هەر کەسێک بێجگە لە خودای دەکرد کە کوشتوویەتی."

کوڕەکەی لەلایەن زۆر کەسەوە وەک جێگرەوەی خامنەیی سەیر دەکرا کە ٨٥ ساڵ تەمەنیەتی و لێکدا لێکدا هەواڵی خراپبوونی باری تەندروستییەکەی بڵاو دەبێتەوە. لەو هەوڵەدا، ڕەئیسی لە لایەن توندئاژۆترین بەشی ڕێژیم، واتە بەرەی پایداری، پشتگیریی لێ دەکرا. وەک سەرۆککۆمار، ڕەئیسی بڕیاری سەرکوت بە مەبەستی سەپاندنی یاسای "عفاف و حجاب"ی دەرکرد، کە لە ٢٠٢٢ بووە هۆی بە داوەوەبوونی مەهسا (ژینا) ئەمینی، کە لە کاتی دەستبەسەرکران لەلایەن بەناو پۆلیسی ڕەوشتەوە بە هۆی لەبەر چاو نەگرتنی ئەو یاسایە کوژرا. ئەو هەروەها ڕوخساری ڕێژیم لە کاتی سەرکوتی ئەو جووڵانەوەیە بوو کە کوژرانی ژینا هاندەری دەستپێکی بوو و دروشمی ژیان، ژیان ئازادی تێدا بەرز کرایەوە. ئەو سەرکوتە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خەڵکی ئێران. کوژرانی ڕەئیسی لە کاتی گەڕانەوە لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی بەنداوێک بە نێوی قیز قەلاسی –قەڵای کیژان– لە لایەن هێندێک کەس وەک دادوەرییەکی شاعیرانە سەیر کرا.

ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ ڕەئیسییان وەک ئەندامی "کۆمیتەی مەرگ" دەناسی کە لە ١٩٨٨ بڕیاری ئیعدامکردنی لەگۆترەی هەزاران بەرهەڵستکاری لێکەوتەوە و لەلایەن کاربەدەستانی خودی ڕێژیم وەک "مەزنترین دڕندەیی ڕێژیمی ئیسلامی ... کە لەبەر ئەوهۆیە ئێمە لە لایەن مێژوو مەحکوم دەکرێین" باسی لێوە کراوە.

ڕەئیسی، کە تەنیا ١٠ ساڵ لەوەپێش بۆ زۆربەی خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر نەناسراو بوو، تەنیا کاتێک کە باسی جێگرەوەی خامنەیی خەریک بوو پەلەی لێ دەکرا، بەخێرایی بووە خاوەن ناوبانگی نیشتمانی. دەنگۆی ئەوە هەن کە ڕێبەری گەورە بەرنامەی بۆ کوڕەکەی، موجتەبا خامنەیی، هەیە کە ببێتە جێگرەوەی. کاتێک لە وتارێکدا، تەنیا چەند کاتژمێر دوای بێسەروشوێن بوونی ڕەئیسی، خامنەیی نزای بۆ گەڕانەوەی بە سلامەتی بۆ کرد بەڵام پێداگریی کرد کە "خەڵک دەبێ دڵنیا بن کاروباری دەوڵەت تووشی هیچ تێکچوونێک نابێ"، شێوەی لەسەرخۆی لێدوانەکەی، سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشا.

ئەوە یەکەم جار نەبوو کەسێک کە هاوڕای بۆچوونی خامنەیی لەمەڕ داهاتووی ئێران نەبوو بە شێوەیەکی گوماناوی کۆتایی هاتبێ. لە ٢٠١٧، سەرۆک کۆماری پێشووتر، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی لە مەلەوانگەیەکدا مرد. وەک دامەزرێنەرێکی کۆماری ئیسلامی، ڕەفسەنجانی دەوری یەکلاکەرەوەی لە گەیاندنی خامنەیی بۆ پلەی هەرە بەرز هەبوو. بەڵام لە دەیەکانی دواتر، هێندە لێک دوور کەوتبوونەوە، کە لە کاتی مردنیدا، ڕەفسەنجانی وەک مەزنترین بەرهەڵستکاری ڕێبەری گەورە لەنێو ڕێژیم سەیر دەکرا. کاتێک بنەماڵەی ڕەفسەنجانی ڕایانگەیاند کە ئاستی تیشکی ڕادیۆ ئەکتیڤی تەرمەکەی گەلێک لە ئاستی دڵنیا بەرزتر بووە، داوای پشکنینی پزیشکیی تەرمەکەیان کرد. داوایەکە ڕەت کرایەوە و ماوەیەکی کورت دواتر پەروەندکەی داخرا. کە واتە ئەوجار بەو شێوەیە بوو: لە یەکەم کاتژمێرەکانی کەوتنە خوارەوەی هێلی کۆپتەرەکە، شەڕێک بۆ پێناسەکردنی ماناکەی دەستی پێ کرد. لێکۆڵینەویەکی سوسیال مێدیا ئاشکرای کرد کە ٢٢٪ لە ئەژمارەکانی ئێکس (تویتەری پێشوو) کە خەریکی باسەکانی کەوتنە خوارەوەکە بوون، ساختە بوون. بەگوێرەی کۆمپانیای ئاسایشی سایبەری، سایبرا، "هەڵمەتێکی بەلارێدابردنی پێشکەوتوو لە ئارادا بوو" بەو ئەگەرە "کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا بگاتە ٦ میلیۆن خوێنەر".

سایبرا، کە بنکەکەی لە تێل ئاڤیڤە، دەڵێ تیۆرییەکی پیلانگێڕیی تۆمار کردوە کە لە سەرهێڵ لە ئارادا بوو و دەیهەویست وا بنوێنێ کە گوایە سیخوڕێکی موساد بە ناوی "ئێلی کۆپتەر" هۆی خستنە خوارەکە بووە. ناوەکە وەکو گاڵتە بە زمانی عیبری لە سۆسیالمێدیادا بڵاو ببۆوە، بەڵام ئاژانسی سیخوڕیی ئیسرائیل چەند زانستوانی پلەبەرزیی ناوکی ئێران و کەسایەتی سەربازیی لەو ساڵانەی دواییدا کوشتوە. ئەگەرچی لە لایەن کاربەدەستانی ئیسرائیلی هەر جۆرە دەورێکی ئەوان لە کوشتنی ڕەئیسی دا ڕەت کرایەوە، بەڵام بۆچوونەکە هەیە.

تەنیا دوو مانگ پێشتر، لە تۆڵەی هێرشێکی ئیسرائیلی بۆ سەر کۆنسولخانەی ئێران لە سووریە کە بووە هۆی کوژرانی دوو ژەنراڵ، تاران، وەک یەکەم هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی ئیسرائیل، ٣٠٠ هاژەک و درۆنی بە ئیسرائیلەوە نان. دوای هێرشی عێراق بە هاژەکی سکاد بۆ سەر ئیسرائیل لە کاتی جەنگی کەنداو لە ١٩٩١، ئیسرائیل پلانی کوشتنی سەرۆککۆماری عێراق، سەددام حوسێنی دارشت، بەڵام ڕووداوێک لە کاتی ڕاهێنان بۆ ئەو هێرشە کە بووە هۆی کوژرانی پێنج کۆماندۆی ئیسرائیلی، بەرنامەکەی وەستاند.

هەڵمەتێکی دیکەی پشتگیریکراو لە لایەن ئەژماری ساختەوە، ئەو بۆچوونە بوو کە "ڕەئیسی وەک پاڵەوانی نیشتمانیی دەناساند"، و کەڵکی لە هەمان هاشتاگ وەردەگرت کە لایەنگرەکانی بەکاریان دەهێنا. ئەژماری ساختە هەروەها خەریکی گێڕانەوەیەکی دیکەش بوون کە ڕەخنەیان لێ دەگرت، بەڵام دەربڕینی کەیفخۆشیی جەماوەریی شتێکی ڕاستەقینە بوو. کورتە ڤیدیۆی ئەندامانی بنەماڵەی ئەو کەسانەی لە لایەن ڕێژیمەوە کوژراون بڵاو بوونەوە کە لەواندا لە خۆشیان سەمایان دەکرد و هێندە بوێرانە بوون کە پۆلیس دەستی بە دەستگیرکردنی هەموو ئەو کەسانە کرد کە پێی وا بوو بە شێوەی سەرهێڵ "بێ ڕێزییان" بە ڕەئیسی کردبوو.

کاربەدەستان ڕەنگبێ بەو هیوایە بوون کە مردنی سەرۆک کۆمارێک لە کاتی خزمەت کردندا ببێتە هۆی وروووژاندنی هۆگریی بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام کەلێنی نێوان ڕێژیم و کۆمەڵگە ویدەچی ئەوەندە قووڵ بێ کە بە مردنی ڕەئیسی پڕ نابێتەوە.

کوردستان
ژمارە: ٨٧٢
١٥ی جۆزەردانی ١٤٠٣ _ ٤ی ژۆئەنی ٢٠٢٤

# زینوێ بەتەم
# ئاوێنەیەک بەرەو نیشتمانم (٢-٢)

قادر عەلیخا

... لە هەندێک شوێنی ڕۆمانەکەدا گێڕانەوە باڵ دەگرێت و لە قەوارەی خۆی دێتە دەرێ. جەستە و دەنگ وە جووڵە دەکەون و لاپەڕەی کتێبەکە دەبێتە شوێنی نواندن و ڕووداوەکان تەمسیل دەکرێن. خوێنەر هەست دەکات وشە و ڕستەکان دەکەونە جووڵە و یارمەتی گێڕانەوەکە دەکەن.

"دەستی هەڵێنا و قەمچی داهێناوە، ئەسپە سوورخوون حیلاندی و هەستا سەر پاشووان، قەمچی سەر شانی خالیدی گرت و خوێنی تێ چزاند. خالید کتوپڕ پڕی دایە پێمەڕەی هەڵپەساردراو بە دارەتووی، ڕەحمان ئاغا چەلێکی دی دەستی هەڵێناوە و قەمچی لێ داهێناوە، کەچی مراد وەک پڵینگ لە حەوای گرتییەوە و قەمچی لە مەچەکی هاڵا، ڕایکێشا، ئەسپ پاشەوپاش کشاوە. سپێنەی چاوی گەورەتر ببوو. حاجیش غاری دا پێمەڕەی، ئەحمەدە زلە مەودای نەدایە، گەیشتە سەری و گورجێ لە ئەسپی دابەزی و خۆی پێ دادا، مێزەری زەردی حاجی لە سەری بەر بووە و بۆ خۆشی کەوتە بەر زلە و پێلاقەی ئەحمەدی، خالید بە هانای هات، لە پشتەوەڕا هەتا هێزی هەبوو پێمەڕەی لە شانی ڕاکێشا، نرکەی لە دڵی هێنا، ئەسپە سوورخوون پڕ بە زەوی دەیحیلاند و مرادی وەبەر چەپۆکی خۆی دەدا، قەمچی لە دەستی بەر ببوو، ڕەحمان ئاغا بێوچان قەمچی بە سەروکوێلاکیدا دێنا، خۆی لەبەر سمی ئەسپی لانەدابا هەموو ئێسکی لەشی تێک دەشکا.» (ل ٢٣١)

سروشت لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا سروشتێکی دڕە. ئەویش وەک بەشێک لە ئاغاکان و وەک هەموو ژاندارمەکان بێبەزەییانە پەلاماری جەستە و ڕۆحی مرۆڤەکان دەدات و ئازاریان پێ دەچێژێت. تەنانەت لە بەگرتندانی هێرۆ و مرادیش دەستی هەیە و دەبێتە حەزیا و لە لاق و پەلیان دەهاڵێت و ڕایاندەگرێت و ڕادەستی ژاندارمە و کوێخایان دەکات. "هێرۆ زۆر بە چەتوونی هەنگاوی هەڵدێناوە، دە بەفری دەکەوت، مراد دەستی دەکێشا، هەڵدەستاوە، بەکۆمەکۆم بەدوویدا دەچووە پێشێ ...» (ل ١٤٣)

"هێندە نەڕۆیبوون سوار گەیشتنە سەریان، هێرۆ بەر بۆوە، مراد بۆی گەڕاوە، قامچییەکی توند وەک درێشووی ڕەشمار دەموچاوی گەست. ویزەی نەدەبڕاوە و وە سەروگوێلاکی دەکەوت...» (ل ١٤٣)

ئەم دنیایە پڕە لە چیرۆکی نەکوتراو. دڵی هەر ئاوازێک، هەر بەیتە شیعرێک، هەر بەردەنووسێک، هەر پەیکەرەیەک، هەر وێنەی سەر بەردێک، توێتوێ بکەیت، چیرۆکێکی تابیەت و سەرنجڕاکێشی تێدایە. "زینوێ بەتەم"یش پڕە لە چیرۆک، پڕە لە بەسەرهات. ئەم ڕۆمانە دەکرێت ببێتە دایکی دەیان ڕۆمان بەهێز و چێژبەخش. ئەگەر ورد لێی بڕوانیت، بۆخۆی هەزارویەک شەوێکە. هەر بەشێک لە ڕۆمانەکە لە کارەسات و سەربردەیەکی گرینگ و جێی سەرنج دەدوێت. جاری وا هەیە، حەماسەت و ئازایەتی و سەرکەشی باڵ بەسەر گێڕانەوەکەدا دەکێشن و وڵات پڕ دەکەن لە تۆوی تۆڵە و ڕاسانی دژی زۆرداری. جاری واش هەیە، خەمباری باڵ بەسەر گێڕانەوەکەدا دەگرێت. ئەگەر لە شادی دەدوێت کەموکورتە. ئەویش ئەگەر هەبێت، لە قەڵا و دیوەخانی ماڵە دەوڵەمەند و ئاغاکاندایە، دەنا ئەوەی دیکە یان گیانبازی شۆڕەسوارانی ژیاندۆست و نیشتمانپەروەرە، یان ئارەقە و ماندووبوونی فەلا و شوانکارە و جووتێران و کسپەکسپی هەناو و دڵی کیژ و ژنە مراد بەتاڵانچووەکانە.

چیخۆف دەڵێ: "ئەگەر نووسەر باسی تفەنگێکی هێنایە گۆڕێ، دەبێت لە چەند لاپەڕە ئەولاتردا ئەو تفەنگە بتەقێنێت." ئەمە یانی ئەوەی هیچ وشەیەک نابێت بێهۆ بێتە نێو چیرۆکێکەوە. ئەو خاڵە لە "زینوێ بەتەم"دا بەجوانی ڕەچاو کراوە. هیچ وشەیەک پشتگوێ نەخراوە و هیچ باسێک نییە لە شوێنێک بە ئاکام نەگەیشتبێت و خاڵی کۆتایی بۆ دانەندرابێت. زۆر کورتەباس دێتە نێو ڕۆمانەکەوە و بەهۆی باسە سەرەکییەکانەوە خوێنەر لەبیریان دەکات. بەڵام لەناکاو دەبینێت نووسەر هاتووەتەوە سەریان ژیاندووینەتەوە و کورتەباسەکەی بە ئاکام گەیاندووە.

بە بڕوای نووسەری ئەم دێڕانە، گەورەترین پاڵەوانی نێو ئەم ڕۆمانە چیای گەردنکەش و سەربەتەمی قەندیلە. قەندیل بێئەوەی وتەیەکی لە زار بێتە دەرێ و جووڵەیەک بکات، قارەمانی دەیان چیرۆک و سەربردەیە. زۆربەی ڕووداوەکان لە داوێن و قەدپاڵ و ترۆپکی ئەودا ڕوو دەدا. زۆربەی بەشەکانی ڕۆمانەکە نێوی قەندیلیان تێدایە. قەندیل بە زمانی بەرد و دار و گیا و گوڵ و چۆم و تاڤگە و خوڕێنک و هەڵەموت و بەرزی و نزمایی، دێتە گۆ. باسی ناپیاوی و ئازایی، جوانی و ناحەزی، ئابڕووداری و بێئابڕوویی، قڕنیسی و دڵاوایی، مەردی و نامەردی دەکات.

"هەور چوار وەرزی ساڵ دێن، گەواڵ گەواڵ، سپی سپ، بۆر بۆر، ڕەش ڕەش لە زینوێ ڕێنکە دەبن، لێک دەهاڵێن، تۆپەڵ دەبن، پان دەبنەوە، درێژ دەبنەوە شاڵاوی بۆ دێنن، دەگوڕێنن، بەسەریدا دەدەن بەڵکوو، ئەی بەڵکوو ئەویش بە چۆکدا بێنن، بەڵام قەندیل هەروا وەک جاران، وەک هەمیشە سەربەرز و گەردنکەش لێیان ڕاساوە، سەری لەناویاندا هەڵبڕیوە". (ل ٤٢٥)

لێرەدا قەندیل سەرکێشانە بەرانبەر دژ سەری هەڵبڕیوە. فەرماندەرێکە و فەرمان بەسەر گەلێکدا دەدات. بۆ کۆڵنەدان و ڕاسان و مانەوە، وانەی سەربەرزی دەڵێتەوە و سروودی کۆڵنەدان دەچڕێت. ئەشکەوتەکانی منداڵدانی گووران و مانەوەن. ڕووبارەکانی دایکی خەباتن و ئاوازی ڕسکان دەڵێنەوە. گابەردەکانی چاو لە گوللە سوور دەکەنەوە و پێی پێدەکەنن. ڕەوەزەکانی دوگمەی بەرۆکیان کردووەتەوە و نەترسانە سینگیان بۆ فیشەکی نەیار ڕووت کردووە. داربەڕووەکانی چنگاوشی چاوچنۆکان دەبن و ڕنووەکانی، پاشقولی داردەستانی ئەهریمەن دەدەن.

لە "زینوێ بەتەم"دا زۆر لە قارەمانەکان بەرچاون. خوێنەر تامەزرۆی دیتنی چارەنووسیانە و بە شوێن پێیانەوەیە. هەموویان لە جێی خۆیاندا گرینگن. ناپیاوەکان، بۆ ئەوە ناپیاویانەی لەگەڵ هاوڕێی و کەسانی جێی باوەڕیان دەیکەن و مەردازاکان، بۆ ئەو ئازایەتییانەی لە ماوەی ژیانی نێو ڕۆمانەکەدا دەیکەن. خوێنەر داهاتووی هەموویانی بۆ گرینگە. سەرکەوتن و بە ئاواتگەیشتنی قارەمانە خۆشەویستەکان و لەنێوچوونی دژە قارەمانەکان. مراد، خالید، سولەیمان، سمایل، عەوڵا، حاجی بابیز، حاجی ساڵ، حەدماغا، قادرئاغا، ڕەشکۆ، هێرۆ، مێرم، کوێخا، حاجی محەمەد، سەروانە شێتە. ئەوانە ئەو کەسانەن پاڵەوانی دیاری نێو گێڕانەوەکەن.

### خەسارەکانی "زینوێ بەتەم"

#### کەڵکوەرگرتن لە هەندێک وشە دوور لە جێی خۆیان:

سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆمانەکە خاوەن زمانێکی پتەو و زەنگینە، لە هەندێک شوێندا نووسەر وشەکان لە جێگەی خویاندا دانانێت. هەرچەندە ئەوانە لە بایەخ و گرینگیی ڕۆمانەکە کەم ناکەنەوە، بەڵام لێرەدا وتنیان پێویستە و نەبوونیان باشتر دەبوو. لە لاپەڕەی ٢٩٧دا نووسراوە: "مێگەلی حاجی ساڵە لەنێو دۆڵێکی تەڕ و بڕدا «مۆڵ» دراوە". لە ئاژەڵداریدا شوێنی هەندێک ئاژەڵ بە ناوی تایبەت دیاریکراوە. بە شوێنی خەواندنی مەر دەگوترێ «پەچە» ئەو شوێنەی مەڕیشی لێ دەدۆشن دەڵێن: مەڕەکە لە فلان چێدا خەوتووە. یان ئەورۆ مەڕ لەسەر کانی سەنگەران کەوتووە. مۆڵ شوێنی خەواندنی ڕەشەوڵاخە.

#### لە لاپەڕەی ٢٧٩دا مینە شەهید دەبێت و نووسەر نووسیویەتی:

"ژاندارم بە ڕێی شێخاندا یەک لە دوای یەک دەهاتن، جێی کوژراو و برینداریان دەگرتەوە، دەتگوت لە حەرز هەڵدەقوڵن، هەر دەهات و زیاتر دەبوون، هاواری مینە بەرز بۆوە، گوللەیەک نێوچاوانی کون کردبوو، پشتەوڕوو کەوت، وەک دە خەودا بێت، لەسەر سینگی زەوی ڕاکشابوو، زەردەخەنەیەک لەسەر لێوی هەڵکەندرابوو.» (ل ٢٧٩)

لێرەدا مینە شەهید دەبێت و گیانی لەبەردا نامێنێت. بەڵام لە لاپەڕەی ٢٨٠دا نووسەر گیان وەبەر مینە دێنێتەوە و لە بەهاناوەهاتنی مراد و خالید و کوشتنی ژاندارمان سەری سوڕ دەمێنێت و نووسیویەتی: «کتوپڕ شریخەی دوو تفەنگ لە پشتەوەی سولەیمان و هاواڵانی هات، زیرەژنی دوو ژاندارمی بەدواوە بوو، بەدوای ئەوانەدا هاوار و زیقەی دوو ژاندارمەی دیکە زایەڵەی داوە خلۆر بوونەوە و لە پەنا کەنداڵێکی گیرسانەوە، هەر بڵێی یەک و دوو کەلاکی حەوت ژاندارمان کەوتنە حەرزی، هەم ژاندارم و هەم مینە و ئەوان سەریان سوڕمابوو.» (ل ٢٨٠)

#### کەمیی دەوری ژنان

ژن لە ڕۆمانەکەدا دەوری پێ دراوە. بەڵام زۆر کەم و موخستەسەر. چاو لە دەست و چاو بەگریان. مێرم هەر مەڕدۆشێکە و هیچی دیکە. گرینگیی ئەو ئەوەیە کە مراد سیلەی چاوێکی داوەتێ. دایکی مرادیش هەر کابانی ماڵییە و بەس. ژنەکانی ماڵە ئاغاکانیش هەروەتر، ئەوانیش ون و بێدەسەڵاتن، هیچ دەورێکیان لە ڕووداوەکاندا نییە. هەرچەندە دەکرا لە چەند لایەنەوە ئاوڕ لە دەوری ژن بدرێتەوە. چونکە لەو سەردەمەدا ئەگەر ژنەکانی ئەو کۆمەڵگەیە شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و خەباتکار نەبووبن. لانی کەم یەکێک بوون لە کۆڵەکە گرینگەکانی ژیان. ژنانی کورد بە درێژایی مێژوو یارمەتیدەر و پشتوپەنای پیاوان بوون. هەرچەندە هەلومەرجی ژیانی ئەو سەردەمە دەرفەتی زۆر بە نووسەر نادات دەورێکی گرینگیان بداتێ. بەڵام ڕەنگە دەوری گرینگتریش لە کابانێکی ئاساییش هەبوو بۆ ژنان.

نەسرین یەکێک لەو ئافرەتانەیە کە دەکرا دەورێکی باشی بدرێتێ، هەرچەندە کەمیش. نەسرین لە شارێکی وەک مەهابادا دەژیا، شارێک کە لانکەی کۆمارە. ئەو شارە هەر لەو سەردەمەدا کەسایەتییەکی وەک مینا خانمی تێدا دەژیا. ماوەی چەند ساڵ بوو قوتابخانەی تێدا بوو، دەکرا وەک هاوبیرێکی سمایل و هاوڕێیەکانی نیشان بدرایەت و بکرایەتە هێمای ئەو ژنانەی بۆ ئازادیی گەلەکەیان دڵیان کورکاندوویەتی و هەوڵیان بۆ داوە.

#### ٦ـ هەندێک وشەی نامۆ

هەندێک وشە هەن لە ڕۆمانەکەدا لەگەڵ ئەو ژینگەی ڕۆمانەکەی تێدا خولقاوە نامۆن. ئەوانە ڕاستە ئەوڕۆ خۆیان کێش کردووەتە نێو زمانی ئاسایی کوردییەوە، بەڵام بۆ ئەو مێژووەی چیرۆکەکەی لێ دەگێڕدرێتەوە ناسروشتین. وەک جاجیاغا، مدبەق، حەوشەخەلۆەتی، دێهاتییەکان. ئەمانە وشەگەلێکن کە مێژووی کەڵکلێوەرگرتنیان کورتە و لە شار بیچمیان گرتووە و هاتوونە نێو زمانی ئاخاۆتنەوە. ئێمە زۆرتر بە جێی وشەی حاجیاغا کوتوومانە، مامە حاجی، یان خاڵە حاجی. بە جێی وشەی حەوشە خەلۆەتی کوتوومانە، حەوشەی پشتەوە. بەجێی مدبەق، کوتوومانە. نێوماڵ، یان سەر تەندوور. بەجێی وشەی گوندنشینەکان لە وشەی دێهاتییەکانی کەڵکی وەرگرتووە. ئەم وشەیە زیاتر واتای نەرێنی هەیە. کەڵکوەرگرتن لە وشەی گوندنیشنەکان قورستر و پڕواتاتر بوو.

#### دوا وتە

"زۆرن ئەو ئاسەوارە هونەرییانەی کە ئێمە وەک ئاسەواری کلاسیک لێیان دەڕوانین و نێویان دەبەین. ئەوانە، هەموویان خاوەن تایبەتمەندییەکی هاوبەشن. ئەو تایبەتمەندییەش ئەوەیە کە ئەو ئاسەوارانە نموونە گەلێکی گرینگ و بەرزی هونەری و کولتووری ئەو ئاو و خاکەن."

ئەگەر ئەم پێناسەیە بۆ ئەم ڕۆمانە لە بەرچاو بگرین. دەکرێت بڵێن؛ «زینوێ بەتەم» یەکێکە لە ئاسەوارە باشەکانی نووسین و ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی. چونکە پڕە لە لایەنی کولتووریی کوردی و هەموو ڕووداوەکانی لە هەناوی مێژووی کوردەوە هەڵقوڵاون و بەشێکن لە جوانی و ناحەزییەکانی ئەم گەلە. ئەم ڕۆمانە شیرینە چیرۆکی دەیان پیاوی ئازایە. دەیان پیاوی چاونەترس و خۆنەویست. ئەو کەسانەی سەرەڕای تەنگەبەری و ئەنگوستەچاویی سەردەم دەنگیان هەڵبڕی و بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاو خۆیان لە گەرووی ڕووبار ڕۆ گرد و مەلەیان کرد. ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە مانای ژیانیان زانیوە و ڕێزیان لە کەسایەتیی خۆیان گرتووە. نەیانویستووە کەسانێکی بەنێو ئاغا و ئوستوار و سەروان کەسایەتییان پێ پەست بکەن و تێکیان بشکێنن و ئاڵقەی کۆیلایەتییان لە گوێ کەن. ئەوانە ویستوویانە خۆیان بن. مرۆڤی ئازا و خاون ئیرادە. بۆیە لە زۆرداری ڕاساون و نەترسانە دەستیان داوە چەک، ئازایانە هانایان بۆ شاخ بردووە.

شاخ، نیشانەی سەربەرزی و خۆڕاگری. شاخ، شوێنی حەوانەوەی سەربزێوان. شاخ، پەناگای بێپەنایان. مێژووی ئێمە بێ چیرۆکەکانی شاخ مێژوویەکی ترسەنۆک و قززەیە. ئەگەر ئەو داستانانەی لێ داماڵی، دەبێتە هەڵۆیەکی باڵوپەڕکراوی نێو قەفەس. ئەرکی نووسەرانی ئەم گەلەیە ئەم سەربردانە بنووسنەوە و لە بزربوون بیانپارێزن. بە جلوبەرگی جیاوازە و شێوەی تایبەت. سەدان مرادمان لەم وڵاتەدا هەبووە. سەدان کوێخا ڕەسووڵ و کوێخا شەریف و حاجی بابیزی پووڵپەرەست و گورگەمێشمان هەبووە. ئەوانە بەشێکن لە ژیانی نەتەوەی ئێمە. دەبێت خۆیان لێ گێل نەکەین و لە کوتنەوەیان شەرم دامان نەگرێت. ئەم سەربردانە ئەگەی بدرێنە پاڵ یەک، دەکرێت سەدان ڕۆمانی شیرینی وەک «زینوێ بەتەم»یان لێ بئافرێندرێت. ئەو ڕۆمانەناش دەبنە سامانی نەتەوەیی. بەو کارەش هەم زمانەکەمانی پێ زەنگین دەکەین و هەم دەبنە هۆی شانازی بۆ ئەدەبدۆستان و ئاشقانی گێڕانەوە و بیستن.

یەکێک لە گریکترین ویستەکانی خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقێکدا ـ بەتایبەت دەقێکی چیرۆکی ـ ئەوەیە کە بزانێت نووسەر لەو دەقەدا دەیهەوێت بڵێ چی. بۆ دەستی داوەتە قەڵەم و بۆ کاتی خۆی بۆ ئەو نووسینە تەرخان کردووە. ئەوەی ویستوویە لێی بدوێت چەندە جێی بایەخە. نێوەڕۆکی باسەکە و شێوەی گێڕانەوەکەی ئەوە هەڵدەگرێت ئەو کاتی بۆ دانێت و بیخوێنێتەوە.

ڕۆمانەکە درێژدادڕی تێدا نییە و خوێنەر ماندوو ناکات. بۆ هەر بەشێک لە نووسینەکە بەپێی پێویست کەڵکی لە وشە وەرگرتووە. مەبەستی لە گێڕانەوەکە هەر ئەوەندە بووە کە پەیامەکە بە شێوەیەکی پوخت و جوان بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە. بە چاوێکی کراوە دەستی بە هەر بەشێک لە گێڕانەوەکەی کردووە و لە جێی خۆیدا خاڵی کۆتایی بۆ داناوە. بەدڵنیاییەوە ئەم ڕۆمانە خوێنەر ڕەنجبەخەسار ناکات و هەڵدەگرێت کاتی بۆ دانێت و بیخوێنێتەوە.

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## بیلێم بیلێمیش توانا و بڕشتی جارانی نەماوە

کەوتنەخوارەی باڵەفڕەکەی هەڵگری ئیبراهیم ڕەئیسی لە پێوەندیگەلی نێوخۆیی و دەرەوەی ئێران گۆڕانێکی بەرچاوی لێ کەوتەوە و لەمەودوا نە ڕەئیسی ڕەئیسیی جارانە و نە سەرۆککۆماریش سەرۆککۆماری جاران دەبێت.

تەنیا باڵەفڕێکی کەوتوو دۆخێکی وای خولقاند، لافاوی پەیام و هاوسۆزی بۆ دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە ئاستێک ئەوەندەی نەمابوو حیزب و ڕێکخراوی دژ بە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی و "موعاندان" و "موفسیدان فیالارض"یش دڵیان نەرم بێت و ڕەحمیان ببزوێت و هەستی مرۆڤدوستان ئەوەندە ببێتەوە هیچ، ئەوانیش پەیامی هاوخەمی بۆ دەستەڵاتدارانی ئێران بنێرن. (دارسمە لەبەر ئەوەی بە "بالگەرد" دەڵێت "باڵەفڕ" و بە "هەواپەیما" دەڵێت "فڕۆکە"، داوای لێبوردن لە هەموو ئەو خوێنەرانە دەکات دڵیان بۆ خزمەت بە زمانی کوردی دەکورکێنێت.)

لە نێو دەر و دراوسێیاندا جگە لە ڕێکخراوی نێو وڵاتانی هیلالی شیعە (ئەوەی ڕەنگە ئێوە پێی بڵێن بەرەی خۆڕاگری)، کۆنە نەیارانی وەک سعوودیە و معوودیەش لە ناردنی پەیام خۆیان نەپاراست. لە ئاستی دەر و دراوسێیانیشدا، دۆخەکە بەمەوە نەوستا، لە نێویاندا ڕووسیا تورکیا بەرچێڵەی خۆیان هەڵمساند و بە هۆی ئەم هەڵمساندنی بەرچێڵەیەوە سنگیان ڕەپێش خست و سەریان بەرز ڕاگرت و دەستیان بە پێداهەڵگوتن بە خۆیاندا کرد. تورکیە نەخشەی سەرکەوتووانەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "بەیرەکدار"ی بڵاو کردەوە و پێشانی دا چۆن فڕۆکەکەیان هاوکات لەگەڵ باکوت و کڕێوەدا و لە درەنگانی شەوی تاریک و ئەنگوستەچاودا خۆی گەیاندووەتە بەرزاییەکانی ئازەربایجان و شوێنی تەرمی سەرۆککۆماری لێکەوتوو و هاوڕێیانی دەستنیشان کردووە و سەرکەوتووانە گەڕاوەتەوە "وان". ئەم "وانە" زۆر گرینگە، ڕەنگە هەر لەبەر گرنگیی شاری وان بێت، "وان"ێ ئەوەندە لە زاراوەی سلێمانیدا دەگوترێتەوە.

سەرۆککۆماری ڕووسیەش چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە شاری مینسک لە تەنیشت سەرۆککۆماری بیلارووسدا بە فیز و ئیفادەوە گوتی: دوو باڵەفەڕی هەڵگری یاوەرانی ڕئیسی ڕووسی بوون و ئەوەی ڕەیسیی هەڵگرتبوو ئەمریکایی بوو. لە یەک کات و شوێندا ئەوانەی ئێمە سەرکەوتووانە تێپەڕین و ئەوەی ئەمریکا نەیتوانی دەربچێت.

دیارە ئیسرائیل هەر زۆر بەزوویی بەرلەوەی باڵەفڕی هەڵگری ڕئیسی بدۆزریتەوە، دەستی بە سوێند خواردن کرد و گوتی گومانی تێدا نییە ڕووداوەکە بە دڵمانە، بەڵام ئێمە دەستمان لەم ڕووداودا نەبووە.

لە نێوخۆی ئێرانیش بەرپرسانی باڵا لە دەربڕینی وشەیەکدا گوێیان نەدایە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییش. خامنەیی مردنی ڕەئیسیی بە مردنێکی "شەهید ئاسا" واتا وەک شەهید (شهادتگونە) ناوبرد، بەڵام ئەوانی دیکە پاشگری "ئاسا"ییان لەم "شەهید"ـە کردەوە.

دوای ناشتنی ڕئیسی، هەرچی لەمبارەیە بگوترێت وەک سەگوەڕی پاش گورگە. گورگەکە هەرچییەک یان هەر کەسێک بێت، تازە کاری خۆیی کردوە. دیارە دایکی ئاغای ڕئیسیش تووک و دوعای لە گورگە کرد و گوتی جگە لە خوا هەرکەسێک دەستی لە کوشتنی کوڕی مندا هەبووە، خوا تۆڵەی بستێنێتەوە.

ئێستا خێڵی کۆنەپارێز و بەناو ڕیفۆرمخوازان بۆ بەربژێربوون بۆ پۆستی سەرۆککۆماری بەرەو وەزارەتی نێوخۆ بەڕێ کەوتوون.

جاری جاران ئەگەر کۆلکەی ئەستووری بنی درەختێکی کۆن (درەخت نەک دار، چوونکە درەخت داری تەڕی بەر لە بڕینە) نێوەکەی مۆریانە لێی دەدا و هلۆڵ و کلۆر دەبوو پێیان دەگوت داری گەندەڵ. کۆماری ئیسلامییش وەک ئەو دارە لق و گەڵاکانی سەوز دیارن، بەڵام کۆنەپارێز ریفۆرمخوازان لە نێو کۆلکەیدا کلۆریان کردوە.

ئەوی لێرەدا سەرنجڕاکێشە، بەشداریکردنی مەحموود ئەحمەی‌نەژاد لەم هەڵبژاردنەدایە.

ئەم ئەحمەدی‌نژادە ١٥ ساڵ لەمەوبەر لە "مشتومڕ و دەمەقاڵە" (مناظرە)یەکی تەلەفزیونیدا ڕوو بە میرحوسێن مووسەوی دوای چەند جاران " بیلێم بیلێم" دۆسییەیەکی هاوسەری مووسەوی بەرز کردەوە و باسی گەندەڵییەکانی کرد. ئەم بیلێم بیلمە لەوساوە خەریکە دەبێت بە واژەیەکی سیاسی، بەڵام ئەگەر ئەحمەدی‌نژاد یان هەرکەسێک ڕێبازی "بیلێم بیلم" بگرێتە بەر و پاش ئەم هەموو شوێنەواردزین و ئەم هەموو دۆسیە ئاشکرا و شاراوانەی وەک دۆسییەکانی "چایی تفت"، " نەفتی محەممەد موخبر"، "سیسمۆنیی گەیتی لاریجانی"، "گەندەڵیی ٩٢ هەزار میلیارد تومەنی فووڵادی موبارەکە"، " بێسەروشوێن بوونی ٢٠ هەزار میلیارد تومەن ئەو کاتەی محەممەدباقر قالیباف شارەدار بوو"، " بێسەشوێنبوونی دەکەلە نەوتییەکەی ئەحمەدی‌نژاد" و "زەوی خواردنی ئیمام جومعە سدیقی"، بڵێی ئەحمەدی‌نەژاد یان ئەوانی دیکە توانا و تاقەتی ئەم هەموو بیلێم بیلەمەیان هەبێت؟ دیارە هەرکەس بیلێت شیش و کەباب بەیەکەوە دەسووتێنێت. جا ئەگەر شیش نەمێنیت، هیچمان نابێت کەبابی پێوە بوەستێت.

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:872 4 June 2024

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com


## ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ڕۆژی بەندکراوی سیاسیی کورد







ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٢ی جۆزەردان و لەساڵیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی خەڵکی مەهاباد کە بە ڕۆژی بەندکراوی سیاسیی کورد ناودێر کراوە، ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن والی درووی، زیندانی سیاسی پێشوو پێشکێش کرا. لە بڕگەیەکی دواتردا، شارۆخ حەسەنزادە، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز" باسێکی لەژێر ناوی "فەزیلەتی بەندکراوی سیاسی" پێشکێش کرد. بەڕێزیان لە باسەکەیدا لەسەر پێناسەی زیندانیی سیاسی و گرینگیی خۆڕاگری و قارەمانیی بەندکراوانی سیاسیی وەک مرۆڤێکی بەباوەر و ئازادیخواز دوا کە هیچ ئەشکەنجە و ئازارێک بە چۆکی داناهێنێت و ئامادەی هەر قوربانیدانێکە لە پێناو وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی. شارۆخ حەسەنزادە لە باسەکەیدا بەراوردکارییەکی تێرامان و دواساتەکانی ژیانی سوقرات لە ئاتێن و پێشەوا قازی محەممەد لە مەهابادی کرد و سەرنجی خستە سەر دیاردە گرینگ و جێی بایەخەکانی ئەو دوو ڕێکەوت و کەسایەتییە مێژووییەیە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، پەخشانە شێعرێکی خۆڕاگری لەلایەن سمکۆ دەستمەردی خوێندرایەوە و لە بڕگەیەکی دیکەدا وەکوو ڕێزێک بۆ خەبات و خۆڕاگری بەندکراوانی سیاسیی کورد ڕێزنامەی تایبەت پێشکەش بە کەماڵ شەریفی و موژگان کاوسی، دوو بەندکراوی سیاسیی کورد کرا. تێکۆشەری دێرینی حیزب، خاتوو خەدیجە مەعزوور و محەممەد ناسری، ڕێزنامەکانی ئەو دوو بەندییە سیاسییەیان لە دەستی سەلاح خزرپوور، بەرپرسی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگرت.

خوێندنەوەی پەیامی کاک مستەفا هیجری، ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران؛ یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان؛ ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بوو.

ئەو کۆڕیادە بە خوێندنەوەی پەخشانێک لەلایەن سیمین ڕووحانی، پێشکێشکاری ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێ هات.







## محەممەد ڕەسووڵۆف:

# خەڵکی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە بارمتە گیراون

محەممەد ڕەسووڵۆف دەرهێنەر و سینەماکاری بەناوبانگ پاش بردنەوەی خەڵاتی تایبەتی لیژنەی داوەرانی "کان" ڕەخنەی توندی لە کۆماری ئیسلامی گرت و لە تریبوونی ئەم فستیڤاڵە نێودەوڵەتییەوە تاوانەکانی ڕێژیمی لەقاو دا. ڕەسووڵۆف پاش وەرگرتنی خەڵاتی فێستیڤاڵی کان سەرەتا یادی هەموو ئەو کەسانەی بەرزنرخانە کە لە دروستکردنی فیلمەکەیدا بەشدار بوون، بەڵام بە هۆی گوشارەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە نەیانتوانیوە لە فێستیڤاڵەکەدا ئامادە بن. ئەم دەرهێنەرە بەناوبانگە دواتر گوتی لەلایەکەوە بە وەرگرتنی ئەو خەڵاتە گرینگە خۆشحاڵە و لەلایەکی دیکەشەوە دڵی لەلای خەڵکی ئێرانە کە هەموو ڕۆژێک بەرەبەیان بە ڕوودانی کارەساتێک لە خەو هەڵدەستن.

محەممەد ڕەسووڵۆف لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئامادەبووانی "کان"ی وت: دەزانم کە دۆخی جیهان لە هەندێک ناوچە زۆر دڵهەژێنە بەڵام سەبارەت بە ئێران دەتوانم بڵێم کە خەڵکی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە بارمتە گیراون.

فیلمی "دانەی ئەنجیری مەعابد" لە دەرهێنانی محەممەد ڕەسووڵۆف کە پێشوازییەکی زۆری لەلایەن ئامادەبووانەوە لێ کرا، توانیی بە لادانی ڕکەبەرە جیهانییەکانی خەڵاتی تایبەتی لیژنەی داوەرانی کان وەربگرێت. فیلمی دانەی ئەنجیری مەعابد چیرۆکی دادوەرێکی دادگای ئینقلابی تارانە کە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"



لە پاش کوشتنی ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی ئێرشادی ڕێژیمەوە، لەگەڵ کچەکانی و هاوسەرەکەیدا تووشی کێشە دەبێت.

ڕەسووڵۆف سەبارەت بە فیلمەکەی ڕایگەیاندوە کە چیرۆکی فیلمەکە لە ئەزموونی تاکەکەسیی بەرپرسێکی دادگای ئینقلابی تارانەوە لە کاتی خۆپیشاندانەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"ییەوە وەرگیراوە.

بەر لە ماڵاوایی

# "انقلاب" ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات، منداڵ نەما نۆرەی نەوەکانە!



ئەلبورز ڕۆئین تەن

ئەو وتەیەی کە شۆڕش منداڵەکانی خۆی دەخوات زۆر گوتراوە. دیارە خاوەنی ئەو ڕستەیەش زۆر ڕوون نییە، هەندێک بۆ گێورگ بوشنر، شانۆ نووسی ئەڵمانی لە سەدەی نۆزدەی دەگەڕێننەوە و، هەندێک بە وتەیەکی فرانتس فانۆنی فەڕانسەوی ئەلجەزایری دەزانن.

ئەگەر بۆ بنج و بنەوانانی ئەو وتەیە بگەڕێینەوە بێگومان دەبێ بۆ زۆر کۆن و سەردەمی ئەفسانەکانی یونان بگەڕێینەوە. بۆ ئەو کاتەی خوای ساتورن لە ترسی ئەوەی منداڵەکانی شوێنی ئەو نەگرنەوە، دەیخواردن. ئەو ئەفسانەیە لە لایەن نیگارکێشی ئسپانی فرانسیسکۆ گۆیا لە سەدەی نۆزدە لە تابلۆیەکدا بە ناوی ساتورن کێشراوە کە بە یەکێک لە نیگارە سیاسیەکان دادەنرێت.

زیاتر لە وتە ئەگەر بۆ مێژووی شۆڕشەکان بڕوانین دەبینین کە ڕاستییەکی زۆر لەو وتەیەدا هەیە. لە ڕەوتی شۆڕشی فەڕانسەدا و دوای هاتنە سەر کاری ڕوبسپیر، بینیمان کە ناوبراو بە هەزاران کەسی کوشت. شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبەری مارکسیستەکانیش بە تێرۆری ترۆتسکی و کوشتنی خەڵکێکی زۆر جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند، تەنانەت لە سەردەمی ستالین ئێتر ئەوە وەک نەریتێکی باو بوو کە هەر کەس بە دوور یا نزیک مەترسیی لەسەر دەسەڵاتەکەی هەبا ئەوە بە شێوەیەک لە نێو دەبردرا. بێگومان لە نێو هەموو شۆڕشەکان هەر لە کوباوە بگرە هەتا چین دەبینین منداڵەکانی شۆڕش لەلایەن خودی شۆڕشەوە بەردەوام لە نێو بردراون و تێداچوون.

ئەگەر بێینە سەر شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دەبینین کە وەک بەشێک لە ژیانی کۆماری ئیسلامی لێ هاتووە بە جورێک کە ئەگەر یەکێک لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئەگەر بە مردنی سروشتییش مردبێت کەس باوەڕ ناکات. چونکە بە سەدان ڕووداوی ئاشکرا و نهێنی لەسەر لە نێوبردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی نێوخۆیی دەسەڵاتدا هەیە، بە جورێک ئێتر نیشاندانی وێنەی کۆنی ڕێبەران بەبێ فوتوشۆپ بۆ لابردنی منداڵە کوژراوەکانی شۆڕش زۆر مومکین نییە.

تازەترین نمونەی ئەو ڕووداوانە بەسەرهاتی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیم بوو کە بە نزیکترین کەسی خامنەی دادەنرا، هەر چەند ئەو زۆر نزیکبوونەش مەترسییە و بووە هۆی ئەوەی گیانی خۆی لەسەر دابنێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ڕووداوەکەی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەری ڕەئیسی و دیتنەوەی جەنازەکان و تەنانەت لێکۆلینەوە و لێدوانی دژ بە یەکی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە پرسیارخوڵقێنە کە ئەگەری کوشتنی ڕەئیسی لە هەموو ئەگەرێکی دیکە زیاتر لە ڕاستی نزیک نیشان دەدات.

ژیانی ڕەئیسی لەنێو کۆماری ئیسلامی ژیانێکی پڕ خزمەت بە ڕێژیم و بە تایبەت خزمەت بە خامنەیی بوو، بە جورێک بە درێژایی تەمەنی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە کوشتنی خەڵکی دژبەری کۆماری ئیسلامی و، دەوری بەرچاوی هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی ماڵی خامنەیی. کەچی سەرەڕای هەموو ئەو خزمەتانەی کردنی مەرگێکی گوماناویی چارەنووسی یەکلا کردەوە و گومانلێکراوە سەرەکییەکەش لە مردنیدا هەر خامنەییە

مەرگی ڕەئیسی ئەوەشی سەلماند کە ئێتر «انقلاب» نەک بەشێکی زۆری منداڵانی کوشت، بەڵکو ئێتر منداڵیشی بۆ خۆی نەهێشت و ئەمجار نۆرەی نەوەکانە کە نەمێنێن، بەڵام ئایا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرپرسانی ڕێژیم ئێتر وە ئاگا بێن؟ ئایا ئەم پرسیارە ناورووژێت کە خزمەت بە ڕێبەری ڕێژیم بە مانای ئەوە نایەت کە ئەوان ئێتر لە ئاسایشدان؟

زۆر ڕوون نیە و ئەگەرێکی لاوازە، بەڵام ئەوەی کە ئێتر بەرپرسانی ڕێژیم لە خۆپاراستن بۆ ئەوەی لە خودی نیزامەکەیاندا لە ئەماندا بن ئەوان بەرەو کێبەڕکێ زیاتر و لە دەرەنجامدا ئاڵۆزیی پتر دەبات کە ئەوەش دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی نیزیکبوونەوە لە کۆتایی ڕێژیم.